# نوێبوونەوە

گۆڤارێکی سیاسی، کەلتوری مانگانەیە،
مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری دەریدەکات

خولی سێیەم
ژمارە (14)، تەمموزی 2024

# نوێبوونەوە

خاوەنی ئیمتیاز: مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری

سەرنووسەر: محەمەد کەریم

جێگری سەرنووسەر: حەسەن یاسین

نەخشەسازی:
ئومێد محەمەد

ناونیشان:
کوردستان، سلێمانی،
مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری

نرخ: 2000 دینار

## لەم ژمارەیەدا:

سەرەتا.......................................................................................5

**سەرنووسەر**

پێکەوەژیان لای برایم ئەحمەد................................لێکۆڵینەوە........7

**نەجمەدین مستەفا بەرزنجەیی**

ڤینۆس فایەق: هەتا ئێستا بیرم لە مردن نەکردۆتەوە!.....گفتوگۆ..........23

**سازدانی: گەنم محەمەد**

**دۆسییەکی تایبەت بە یەکرێزیی نیشتمانی**

دیباچەیەک بۆ چەمکی یەکرێزیی نیشتمانی.....................لێکۆڵینەوە.........45

**دکتر حسین بشیریە**

**لە فارسییەوە: نوێبوونەوە**

یەکرێزیی نیشتمانی.........................................................لێکۆڵینەوە.........55

**شوان عەبدوڵڵا**

فاشیزمی هەتاهەتایی.........................................................لێکۆڵینەوە........81
**ئومبێرتۆ ئیکۆ**
**لە ئیتالییەوە: یاسینی فەقێ سەعید**
تێنەگەیشتن لە جینۆساید و ئەنفال...................................وتار..............109
**تەها سلێمان**
پۆست لیبراڵیزم و مەترسییەکانی....................................لێکۆڵینەوە.....115
مێژووی ئارەق و شەراب لای عەرەب..............................مێژوو..........123
**ئامادەکردنی : بەرزان عەباس بەدری**
خاڵە قودرەت.................................................................کورتەچیرۆک..139
**ئاصف جاهد**
**لە فارسییەوە: محەمەد کەریم**

# سەرەتا

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ژمارە (13)ی نویێبوونەوەدا، هەتا ئێستاش، ڕەزامەندیی و دەستخۆشیمان پێدەگات، هەندێک هاوڕێشمان سەرنجی بەنرخیان پێگوتین. هەم دەستخۆشی و هەم سەرنجەکان دڵخۆشمان دەکەن و وزەمان پێدەبەخشن بۆ باشتر ئیشکردن. یەکێک لەو سەرنجانەی هەم بەندە و هەم جێگری سەرنووسەری دڵخۆشکرد، ئەوەبوو: ئەم ژمارەیە لە ژمارەکانی پێشوو ناچێت. ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە مەبەستمانە و لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەگونجێت. قەت ئەمڕۆ لە دوێنێ ناچێت !

دیارە لەم ڕۆژگارەدا شێوازەکانی خوێندنەوە یان خۆڕۆشنبیرکردن زۆر بوون و وەکو جاران نەماون، ئێستا کتێبی دەنگی هەیە، کتێبی ڤیدیۆیی هەیە، ئامێری E.Reader هەیە، کتێبی کاغەزیش وەکو جاران هەیە. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە و نکۆڵی لێناکرێت ئەوەیە هەتا ئێستاش کتێبی کاغەزی، باشترین سەرچاوەی خۆڕۆشنبیکردنە، چونکە سەرەڕای ئەوەی خوێنەر بەدەست هەست بە کتێبەکە دەکات، دەتوانێت سەرنجەکانی خۆشی لەسەر کتێبەکە تۆمار بکات و هەروا بەئاسانی لەبیری ناچێتەوە، بەڵام ئەم خاسیەتە لە سێ جۆرەکەی تردا نییە. گۆڤاریش دەچێتە ناو جۆری کتێبی کاغەزییەوە، ئەمەش بۆ ئەو کەسانەی گۆڤار دەردەکەن مایەی دڵخۆشییە هەم پەیوەندی بەکاتەوە نییە بۆ خوێندنەوە هەم زانیارییەکانی لای خوێنەر دەمێننەوە.

# پێکەوەژیان لای برایم ئەحمەد



نەجمەدین مستەفا بەرزنجەیی

نووسەران و رۆشنبیران و ئەدیبانی گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان ڕێڕەوی تازەگەری و داهێنانیان بەرنەداوە و کەم تا زۆر بەرهەمی تازەیان پێشکەش کردووە، کە شانبەشانی بەرهەمە جیهانییەکانن و هەندێک جاریش لە بەرهەمە جیهانییەکانیان تێپەڕاندووە، بۆ نموونە: مەم وزینی خانی، لە ناوەڕۆکدا، جوانترو ناسکترە لە قەیس و لەیلای عەرەب. قەیس دوای ئەوەی بێئومێد بووە لە گەیشتنی بە لەیلا، زۆر بە بینینی لەیلا ڕازی بووە و لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**يقولون ليلى بالعراق مريضة**

**ياليتنى كنت الطبيب المداويا**

واتا: دەڵێن لەیلا لە عیراق نەخۆشە، خۆزگە من پزیشکی چارەسەرکەر بوومایە. هەڵبەت، جاران، هیچ دکتۆرێک بێ بینینی نەخۆش نەیدەتوانی چارەسەر بنووسێ. لەلایەکیترەوە دکتۆر بەکەسێکی مەحرەم دادەنرێ و بۆی هەیە نەخۆشی ئافرەت ببینێ، بەڵام قەیس لە خۆزگەکەیدا ئامرازی «لیت» ە، واتا خۆزگەی بەکارهێناوە و لە زمانی عەرەبیدا داواکاری بەم ئامرازە نایەتەدی! شاعیر دەڵێت: «ليت الشباب يعود يوما.....» واتا خۆزگە ڕۆژێک دەبوومەوە بە لاو. ئایا لاوێتی دەگەڕێتەوە؟ داهێنانی خانی لەوەدایە کاتێک میر کۆشکی چۆڵ کردووە، خانی توانیویەتی مەم وزین بەیەک بگەیەنێ و خۆشەویستییەکەیان بەپاکی و بێگەردی بمێنێتەوە.

ئەمە نموونەیەکی زیندووی داهێنانی کوردە لە ئەدەبدا، خۆ لە بوارەکانی تریشدا نموونەمان هەیە. یەکێک لە جوانترین بەرهەمەکان لەمبارەیەوە، لە بواری سیاسیدایە، ئەویش نامیلکەی «الاكراد و العرب» واتا کورد و عەرەبی برایم ئەحمەدە.

نامیلکەی کورد و عەرەب، لە ساڵی 1937 نووسراوە و «لاوانی کورد» چاپیان کردووە، بە قەبارە بچووکە، بەڵام بە ناوەڕۆک زۆر گەورەیە. برایم ئەحمەد باسی شتێک دەکات تا ئەو کاتە هیچ نووسەرێک لەو دەرگایەی نەداوە، ئەویش باسی پێکەوەژیانی نەتەوەکان بەگشتی و کورد و عەرەبە بەتایبەت.

مام جەلال لە لاپەڕە «ج»ی پێشەکی ئەم نامیلکەیەدا دەڵێت: ( بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی عیراقدا نامیلکەیەک بە دەست و پێنووسی کوردێک دەردەچێت کە بنەما و ناوەڕۆکی برایەتیی کورد و عەرەبی بەشێوەیەکی دروست و زانستی شیکردۆتەوە و بانگەوازێکی ڕاستە بۆ بەهێزکردنی برایەتیی هەردوولا و خەباتی هاوبەشیان دژی داگیرکەر و


برایم ئەحمەد

کۆنەپەرستان و تێکدەرانی برایەتی)!
ئەم ناميلكەيە چوارجار چاپکراوە، چاپی یەکەم ساڵی 1937ی زاینی و چاپی دووەم ساڵی 1961ی زاینی و مام جەلال پێشەکییەکی بۆ نووسیوە کە هێندەی نامیلکەکە گرنگ و بەسوودە و لەسەر خاڵە گرنگەگان هەڵوەستەی کردووە و بەپێی پێویست روونیکردوونەتەوە. عومەر شێخ موس لە ساڵی 1988 لە سوید بۆ سێیەمین جار چاپیکردووە و ئەویش پێشەکییەکی بۆ ئەم چاپە نووسیوە. بەداخەوە ئەم چاپەم دەستنەکەوت. جاری چوارەم لە ساڵی 2004، مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپیکردۆتەوە، بەڵام بەبێ پێشەکییەکەی چاپی سێیەم. دیارە ئەوانیش چاپی سێیەمیان لانەبووە.
ئەو زانیاری و ژمارە لاپەڕانەی لەم نووسینەدا ئاماژەم پێداون، بەگشتی لە چاپی چوارەمەوە وەرگیراون.

لەسەر بەرگی ئەم نامیلکەیە نووسراوە «أصدره مجموعة من شبان الكرد « واته (کۆمەڵێک لاوی کورد دەریان کردووە)» پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم کۆمەڵە لاوە کێن؟ وەکو حیزبێکی سیاسی یان ڕێکخراوێک ناسراون؟ پەیڕەو و پڕۆگرامیان چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە لاپەڕە (106)ی چاپی سێیەمی کتێبی «كردستان والحركة القومية الكردية»دا هەیە و هەموو ئەو کەسانەی، پاشان، لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە هەمان زانیارییان دووبارەکردۆتەوە کە لەم کتێبەدا هەیە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: «خوێندکارانی کورد لە پەیمانگاکانی بەغداد، یانەیەکی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتیی تاڕادەیەک سیاسیان هەبوو بە ناوی (کۆمەڵەی لاوان). ئەم کۆمەڵەیە هیچ پەیڕەو و پڕۆگرامێکی ناوخۆیی یان ئامانجێکی سیاسییان نەبوو، بەڵکو مەکۆی چالاکیی خوێندکاران و گەشەپێدەری گیانی هاوکاری و برایەتی و خزمەتکاری ڕۆشنبیریی کوردی بوو، ئەمەش بۆچوونی خوالێخۆش بوو ئەمین زەکی بەگ بوو، هەتا کەمێک پێش دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام بوو».

سالی 1933 کۆمەڵەی لاوان یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (یادگاری لاوان)ی بەسەرپەرشتی کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کورد دەرکرد، کە پێکهاتبوون لە (فازیڵ تاڵەبانی، برایم ئەحمەد، حامید فەرەج و شاکر فەتاح). بابەتەکانی گۆڤارەکە بریتی بوون لە شیعری نیشتمانی، بابەتی ئەدەبی، ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی.

وەک لە پێشەوە وتمان نامیلکەی (کورد و عەرەب)ی برایم ئەحمەد لەسەر بەرگەکەی نووسراوە «کۆمەڵەی لاوانی کورد دەریانکردووە»، ئەم لاوە کوردانە هەر ئەوانەن کە لەسەرەوە ناومانبردن و یەکەم ژمارەی گۆڤاری (یادگاری لاوان) یان دەرکردووە، چونکە ئەمانە وەکو لیژنەیەک کاریان کردووە بۆ سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی لاوانی کورد لەناو کۆمەڵەی لاواندا ئەمە لەلایەک،

> **برایم ئەحمەد باسی شتێک دەکات تا ئەو کاتە هیچ نووسەرێک لەو دەرگایەی نەداوە، ئەویش باسی پێکەوەژیانی نەتەوەکان بەگشتی و کورد و عەرەبە بەتایبەت.**

لەلایەکیترەوە کۆمەڵەی لاوان دووربووە لە کاروباری سیاسی و ئەم نامیلکەیەش دەچێتە بابەتی سیاسییەوە، بۆیە بەئاشکرا ناوی خۆیان نەنووسیوە و زۆر زیرەکانە خۆیان لەو کێشمەکێشە لاداوە.

د.عەبدولستار تاهیر شەریف لەلاپەڕە (92)ی کتێبی (الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية خلال نصف قرن 1908ـ1958)دا ساڵی 1930 ی بەساڵی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە داناوە، بەبێ ئەوەی دەستنیشانی هیچ سەرچاوەیەک بکات.

مام جەلال لەلاپەڕە «ج»ی پێشەکییەکەی ئەم نامیلکەیەدا بەبەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگی دەزانێت، چونکە راستییەک ئاشکرا دەکات کە رەوتە پێشکەوتنخوازە کوردییەکان ئەوەیان لا ئاشکرابووە کە لە دێرزەمانەوە لە سروشت و واقیعی پەیوەندیی برایانەی نێوان دووگەلی «عەرەب وکورد» و پێویستییەکانی تێگەیشتوون و بڕوایان بە پێویستیی تۆکمەکردن و بەهێزکردنی خەباتی هاوبەشی هەردوولا دژی داگیرکەر و کۆنەپەرستان هەبووە. ئەم رەوتە پێشکەوتنخوازانەیە، بە هەموو توانایانەوە، هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزەیان داوە، کە ئەم هاوخەباتی و هاریکارییە مەرجی بنەڕەتی یەکەمە بۆ سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنەکانیاندا.



مام جەلال

مام جەلال درێژە بە پێشەکییەکەی دەدات و دەڵێت: گرنگی ئەم نامیلکەیە لەچەند خاڵێکدایە، وەک:

1 -لەخۆگرتنی هێڵە پان و سەرەکییەکانی دیموکراسیی دروست کە لە برایەتی و یەکگرتوویی کورد و عەرەب دێتەدی و پێیوایە کە لەو بیرۆکانەدا بڕیاری نوێی مێژوویی و مافی سروشتی و دیاریکردنی نەخۆشی و چارەسەری پێویستی بۆ هەردوولا تیایە و بۆمان ئاشکرا دەکات کە هیچ دژایەتییەک لە نێوان بەرژەوەندییە راستەقینەکانی هەردوولادا نییە.

2 -شانازیکردنە بە برایەتیی کورد و عەرەب و روونکردنەوەیەکی پێویستە بۆ رەگ و ریشەی مێژوویی ئەو برایەتییە.

3 –ریسواکردنی هەموو ئەو بیروڕا و بۆچوونانەیە کە هەوڵی لێکترازاندنی برایەتیی کورد و عەرەب دەدەن.

4 –پووچەڵکردنەوە و ڕەتدانەوەی هەموو ئەو درۆ و بوختانانەی دوژمنانی نەتەوەی کوردە بۆ شێواندنی خەباتە ڕەواو ئازادیخوازەکەیان.

5 –ئەم نامیلکەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت، بیری پێشکەوتوخوازیی دروست بۆ بەرژەوەندی گەلان و برایەتی وهاوخەباتی و بەرەی تێکۆشانیان دژی شەڕ و شەڕخوازان و داگیرکەر لەخۆدەگرێت.

لەم نامیلکەیەدا برایم ئەحمەد، بە چەند ناونیشانێکی جیاواز، بەچڕوپڕی باسی پەیوەندی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تورک وعەرەب دەکات بەو هەوراز و نشێوانەی پیایدا ڕۆیشتووە. لەلاپەڕە (5 و لاپەڕەکانی دواتر)دا نووسەر باسی نادادپەروەری و زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات، نەک هەر بەرانبەر بە کورد و عەرەب، بەڵکو بەرانبەر بە تورکەکانیش، نامەیەکی مستەفا کامل کوڕی محەمەد عەلیی پاشای میسرمان بۆدێنێ کە بۆ سوڵتان عەبدولعەزیزی ناردووە و دەڵێت: «وڵاتەکەت خاڵییە لە ڕای گشتی، بەرپرسەکانت لەبەردەم هاووڵاتییاندا خۆیان بە بەرپرسیار نازانن و بوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان دەسەڵاتدارانی ستەمکارن، کە کەس ڕێگر نییە لەبەردەمیاندا، بەشێکی تر هاووڵاتیانی ستەملێکراون، کە کەس بەهانایانەوە ناچێت».

دەوڵەتی عوسمانی بەربەستێکی ڕێگربوو لە بەردەم ئەو شەپۆلە شارستانییەی لە ڕۆژئاواوە هەڵیکردبوو، ئەم ڕێگرتنە هۆکاربوو بۆ دواکەوتنی ئەو گەلانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندابوون، بەشی کورد لەم دواکەوتنە هیچی لە بەشی عەرەب کەمتر نەبوو، لەبەرهەمان هۆ لەلایەک و لەبەر پێگەی جوگرافیی کوردستان لەلایەکی ترەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەوتە فکری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبوون، بەجۆرێک کە دەوڵەتی پیاوە نەخۆشەکە (دەوڵەتی عوسمانی)، نەیتوانی ڕێگربێت لەبەردەمیاندا. ئەم ڕەوتانە سنووری وڵاتانیان بەزاند و گەلانی ژێردەسەڵاتی سوڵتانیان ئاگادار کردەوە، کە چاکسازییەکی گشتگیر بکەن و بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازەکان بە پیرۆز بزانن، ئەوانە هەمووی هۆکاربوون بۆ ڕوودانی شۆڕشی 1908.

هەموو گەلان بەم شۆڕشە دڵخۆشبوون، بەڵام زۆری پێنەچوو ئەم

گەنجە خوێنگەرمە تورکانە مەستبوون بەسەرکەوتنی شۆڕشەکەیان و وازیان لە هەموو بەڵێنەکانیان هێنا و بیریان لەوە کردەوە، کە نەتەوەی تورک بکەنە گەورە و حوکمڕان بەسەر هەموو نەتەوەکانیترەوە، ئیتر نەتەوەکانیتر تێگەیشتن ئەوەی ئەوان دەیانەوێت خەون و خەیاڵە و بەدیهاتنی ئەو داواکارییانە زۆر ئەستەمە و لێکتێگەیشتن لەگەڵ تورک مەحاڵە، ئیدی بۆ بەدەستهێنانی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان کەوتنە خۆ کۆکردنەوە و وتوویژ لە نێو خۆیاندا و سوربوون لەسەردروستکردنی چەندین کۆمەڵە و یانە، بەشێوەیەکی ئاشتیانە و بەپێی دەستوور.

لەم سەروبەندەدا، پەیوەندی کورد و عەرەب لە باشترین ئاستدابووە و شتێک کە ئەم پەیوەندییەی بە پتەوی هێشتۆتەوە ئەوەبووە کە هەردوولا خاوەنی یەک ئامانج و یەک مەبەست و یەک دوژمن بوون.

> **مام جەلال لەلاپەڕە «ج»ی پێشەکییەکەی ئەم نامیلکەیەدا بەبەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگی دەزانێت**

دوژمنایەتیکردنی دەسەڵاتدارانی تورک هەر هێندە نەبووە، بەڵکو هەوڵیان داوە ڕاستییەکان ئاوەژووبکەن و سەرچاوەکانی شۆڕش لیل بکەن و بشێوێنن و بەرگی نۆکەرایەتی و کۆنەپەرستی، لەبەرچاوی جیهاندا، بەباڵایدا بپۆشن و شۆڕشگێڕەکانی، بە چەتە و ڕێگر ناوببەن و شۆڕشەکەشی بە هەوڵێک بۆ ڕوخاندنی حکومەت و هێنانەوەی خەلیفەکان بناسێنن، بۆیە هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەپەروەر لەبەرچاوی دەسەڵاتداران بە بزووتنەوەیەکی ڕوخێنەر و کۆنەپەرست و گەلەکۆمەکیی دینی ناو دەبرێت.

«هەندێک کەس وا گومان دەکەن کە ئێمە ویستومانە ئاگری شەڕ دژی گەلی تورک هەڵگیرسێنین، ئەمانەوێت دوژمنایەتییان بکەین، ئەمە بۆچوونی کەسانی نەزان و گومڕایە، هەرگیز ئێمە ئەو دەمارگیرییە نەتەوەییەمان نییە، هەموو ئەو ئێش و ئازارەی بەر کورد کەوتووە، تەنها خەباتی گەلێکی چەوساوەیە بەرانبەر حکومەتێکی ستەمکار، کە دان بە مافی ڕەوای ئەم گەلە چەوساوەیەدا نانێت، لەگەڵ گەلی تورکی بەڕێزدا پەیوەندی

مێژوویی و ڕۆشنبیری تۆکمە بەیەکمان دەبەستێتەوە و گەلی تورک بێبەشە لەو تاوانانەی کە بەناوی ئەوانەوە دەکرێت دژی کورد، تاوانیان هێندەی تاوانی پەتی سێدارەیە لە هەڵواسینی خەڵکدا، بڕوامان وایە گەلی تورک هیچ بەرژەوەندییەکی نییە لە دژایەتیکردنی گەلانی کورد و عەرەبدا. ئایا باشتر نییە بۆ هەردوو گەلی تورک و کورد و هەموو مرۆڤایەتی، کە بە ئاشتی وخۆشەویستی بژین، وەکو چۆن بەدرێژایی چەند دەیەیەک بەیەکەوە ژیاون؟ بەڵێ باشتر وایە هەردوولا دانوستانی ئاشتەوایی بکەن و لەیەک بگەن، بڕیاربدەن ئەو مافەی بۆ خۆیانی بە رەوا دەزانن بۆ گەلانی بەرانبەریشیان ڕەوایە، بەڵام ئەو کەسانەی شوێن خەون و خەیاڵ کەوتون هەوڵی چەسپاندنی تیۆری نەژۆک دەدەن و ئەو چارەسەرەیان ناوێت و واز لەڕێگا خوارەکەی خۆیان ناهێنن».

لەسەروبەندی جەنگی جیهانیدا، کورد و عەرەب خاوەنی دوو هەڵوێستی جیاوازبوون بەرانبەر بە تورکەکان، عەرەبەکان بێزاربوون لەبەڵێنی درۆ و ناڕاستی تورکەکان، بۆیە بوونە لایەنگری دەوڵەتانی زلهێزی هاوپەیمان، دەوڵەتانی زلهێزیش وەکو تورکەکان بێ بەڵێن بوون و نیشتمانی عەرەبیان دابەشکرد بۆ چەند وڵاتێکی ژێردەستی خۆیان. کوردەکانیش هەڵە لە تورکەکان گەیشتبوون، بەهۆی ئەو پڕوپاگەندە ئاینییە دڵفریوانەی کە خەلیفەکان دەیانکرد گومانی باشەیان لێدەکردن و کاریگەریی هەبوو لەسەریان، بۆیە زیاتر پابەندبوون بە بەڵێنەکانی خەلیفەوە، بەبێ گوێدانە ئەو ئاگادارکردنەوانەی لەلایەن کوردە نیشتمانپەروەرەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا. ئەوان ناخی خەلیفەیان دەناسی.

«سلێمان نەزیف» لە وتاری ناشتنی سەربازی ونی تورکیدا دەڵێت:- «هیچ ترسێکی دەرەکی لەسەر وڵات نەماوە، کورد داوای ئەو بەڵێنانە دەکەن کە حکومەتی تورک پێیداون لە سەربەخۆیی و جیابوونەوە، ئەوەش چەند مافێکی سروشتیی پێویستە بۆ لێکتێگەیشتنی هەردوو نەتەوەی کورد و تورک. کورد دەیانویست هاوبەش بن لەگەڵ تورک لە بەڕێوەبردنی تورکیادا، بەڵام حکومەتی تورکیا ئەو داواکارییانەی بە سیاسەتێکی خوار ناوبرد و وەڵامی ئەو داواکارییانەی بە سیاسەتی بەتورککردن دایەوە. مێژوو سەلماندوویەتی سیاسەتێکی نەزۆک و گەندەڵە، ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی لێکترازان و دوژمنایەتی هەردوولا».

لەلاپەڕە 31 تا کۆتایی نامیلکەکەدا، برایم ئەحمەد باسی خەباتی پێکەوەیی کورد و عەرەب، بەتایبەتی و هەموو گەلان

بەگشتی، دژی داگیرکەران و نۆکەرانیان دەکات. نووسەر زۆر بەوردی گرنگی بەم لایەنە داوە و سەرکەوتنی ئەم خەباتەی مەبەست بووە، بۆیە بەوردی هۆکارەکانی سەرکەوتن و چۆنیەتیی خەباتی پێکەوەیی دەستنیشان کردووە و دەڵێت:-

«گەلی کوردیش وەکو گەلی عەرەب، گەلێکی پارچە پارچەیە، خاوەن وتارێکی یەکگرتوو نییە. وەکو گەلی عەرەب خەبات دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافە پیرۆزەکانی، هەوڵ دەدات بۆ لێکتێگەیشتن و هاوکاری لەگەڵ گەلاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە پیرۆزەکانی لە ژیان و سەربەستیدا تابتوانێ هاوکاربێت لەبنیاتنانی شارستانی جیهانیدا.

کوردیش وەکو عەرەب بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی پیرۆز، کە هەموو مرۆڤێکی بەشەرەف هەوڵی بۆداوە، تێدەکۆشێ. شۆڕشەکانی کوردیش وەکو شۆڕشەکانی عەرەب زادەی هەستێکی گشتیی نەتەوەیەکی زیندوون کە بەگژ کارەساتەکاندا چووەتەوە و هەورازی سەختی بڕیوە بۆ ئەوەی بە سەربەستی و ئازادی بژی، یان مردنێکی ئازایانە و بمرێت و بەنەمری ناوی بێت.

ئێمە نامانەوێت لەسەرووی هەموو نەتەوەکانەوە بین، وەک چۆن نامانەوێت لەوان کەمتربین، بەڵکو دەمانەوێت پێکەوە کاربکەین لە ڕێگای مرۆڤایەتیدا. ئێمە تێدەکۆشین لە نێوان خۆمان و دەسەڵاتدارانیتردا بۆ گۆڕینی شەڕ بەئاشتی و ئارامی، بۆ ئەوەی خۆشەویستی و ئاسوودەیی لە دڵدا شوێنی کینە و یەکنەویستن بگرێتەوە.

کوردیش وەکو برا عەرەبەکانیان دەیانەوێت رزگارببن لە بەندایەتی و سەرشۆڕی، دەیانەوێت زمان و رۆشنبیرییان پارێزراو بێت، ئەم پارێزراوییە زیان بەبەرژەوەندی هیچ گەلێک ناگەیەنێت، بەڵکو سوودی پێدەبەخشێت. ئێمە پێمانوایە بەرژەوەندیی گەلان یەک شتە، بۆیە پێویستە هاوکاربن بۆ گەیشتن بەئامانجە هاوبەشەکانیان. کورد برای عەرەبن، هاوبەشیانن لەهەموو کارەساتێکدا، هەردووکیان بەدەست دەردێکەوە دەناڵێنن و پێویستیان بەیەک

**کوردیش وەکو برا عەرەبەکانیان دەیانەوێت رزگاربن لە بەندایەتی و سەرشۆڕی، دەیانەوێت زمان و رۆشنبیرییان پارێزراو بێت.**

چارەسەرە، کەواتە ئێمە بۆ رزگاربوون هاوڕێی ڕێگایەکین، با شان بنێین بەشانی یەکەوە و لەیەکبگەین و ئێستا زیاتر یەکگرتووبین، با هەردوو گەلی کوردو عەرەب ببنە برایەک بە هەموو توانایانەوە کاربکەن، هەوڵەکانیان بۆ هەڵکەندنی داگیرکەبێت بەبێ جیاوازیی جۆرو شێوە و تێبکۆشن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانیان».

لەلاپەڕە «33» و لەژێر ناونیشانی «دەمارگیری کوێرانەی نەتەوەیی»، نووسەر رووی دەمی دەکاتە هەردوو گەلی عەرەب و کورد بەگشتی و رۆشنبیرەکانیان بە تایبەتی و ئاگاداریان دەکاتەوە لە پاشینەی دەمارگیری کوێرانەی نەتەوەیی، چونکە جەماوەر بە هۆی سادەیی و ساکارییانەوە هیچ لەم خەیاڵات و چاوبەستانە نازانن، بۆیە لەسەر رۆشنبیرانی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبە، کە نەک هەر لە دەمارگیری کوێرانەی نەتەوەیی دووربکەونەوە، بەڵکو بەگژ تیۆرە روخێنەرەکانیدا بچنەوە، کە بە مەبەست لە لایەن چەند کەسانێکەوە بڵاودەکرێنەوە، بە مەبەستی لێکدابڕاندن و پەرتەوازەکردنی رۆڵەکانی یەک وڵات و دژایەتیکردنی گەلانیتر، نەک لەبەر ئەوەی ئەو تیۆرانە لەسەر بنەمایەکی زانستی وعەقڵی دانەڕێژراون و بنیاتنەنراون، بەڵکو هۆکارێکن بۆ بڵاوبوونەوەی گیانی یەکنەویستن لە نێوان گەلاندا و هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا.

ئێستادا بەتایبەتی لەسەرمان پێویستە کە بەگژ ئەم بۆچوونە رەگەزپەرستییە نەزۆکانەدا بچینەوە، چونکە زۆر دەوڵەتی داگیرکەر گەلانی خۆیانی پێ بەنج دەکەن و لەلایەک رەوانەی شەڕیان دەکەن، لەلایەکیترەوە یەکێتیی گەلانی لاواز و پشت بەیەک بەستنیان دژی داگیرکەر لاوازتر دەکەن.

لە کۆتاییدا داوا لە هەردوو گەلی عەرەب و کورد دەکات هاوکار و برابن لەسەر دەرکردنی داگیرکەر و چەوسێنەران، هەردووکیان هاوڕێ بن لە رێگای ئازادبوون و سەرفرازیدا.

لەمانە گرنگتر، کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە برایم ئەحمەد لەبەرهەمە شیعرییەکانیشدا بیرۆکەی پێکەوەژیانی گەلانی دوپاتکردۆتەوە و لە لاپەڕە «69»ی کتێبی (برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی)، کە لەلایەن مامۆستا «عومەر مەعروف بەرزنجی»یەوە کۆکراوەتەوە و لە شیعری «هەرکورد دەبین»دا هەموو گەلانی بە برای خۆی زانیوە و خەبات و چالاکیی ئەوانی بەهیوا و پشتیوان داناوە و پەند و ئامۆژگاری و وزەیان لێوەردەگرێت و

**برایم ئەحمەد پێیوایە جیاوازی نەتەوایەتی نابێتە هۆی پیاوەتی یان نەنگی بۆ هیچ نەتەوەیەک، بەڵکو جیاوازی نەتەوایەتی بڕیاری مێژووە و لە دەسەڵاتی کەسدا نییە.**

خۆی بەهاوخەباتیان تا مردن، زانیوە و تەنها دوژمنێک کە هەیەتی زۆرداران و داگیرکەرانن. لەلایەکیترەوە ڕێگە بەخۆی نادات پەنجە بۆ مافی کەس، ببات کە ئەمە رەوشتێکی زۆر جوانە و ئەوەی بەمافی خۆتی دەزانێت بۆ گەلانیتریشی بەڕەوا دەزانێت و لەپێناو مافی رەوای گەلەکەیدا بڕیاری خەباتی هەتاهەتایی داوە و لەم خەباتەدا بەنیازی شەڕ نین، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانەوەی ئازادییە، پێشخستنی خەباتی سیاسی بەسەر خەباتی چەکداری یەکێکە لە رەوشتە جوانەکان و جێگای شانازی پێوەکردنە، بەڵام کە ئازادی بە مردن بەدەست بێت، بێ سڵکردنەوە لەپێناوی ئازادیدا ئەمرین:

**گەلان هەموو برای منن**

**هەر زۆردارانم دوژمنن**

**خەبات و چالاکی ئەوان**

**بۆ من هیوایە و پشتیوان**

**داوای وڵاتی کەس ناکەم**

**پەنجە بۆ مافی کەس نابەم**

**بۆ مافی گەل و خاکەکەم**

**هەتا ماوم خەبات دەکەم**

**نیازی خەباتمان شەڕ نی یە**

**دەستخستنەوەی ئازادی یە**

**بەڵام کە نرخی ئازادی**

**مردن بێ ئەمرین بەشادی**


برایم ئەحمەد لە کۆتا دێڕی ئەم پارچە شیعرەدا بە ئاشکرا پێماندەڵێت ئەگەر خەباتی سیاسی سەرنەگرێت و ئازادی تەنها بەخوێن بەدەست بێت، ئەوا بێ سڵەمینەوە لەپێناوی ئازادیدا ئامادەین بمرین. کەواتە برایم ئەحمەد لەپێناوی پاراستنی گەل و نیشتماندا مردنی بەشتێکی ئاسایی زانیوە و بەشادییەوە بەرەوپیری چووە.

ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە برایم ئەحمەد باوەڕێکی تەواوی بە برایەتیی گەلان هەبووە و یەکێک بووە لە ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە، ئەمە وای لێنەکردووە واز لە بیروباوەڕی نەتەوەیی بهێنێ، بەڵکو لەو بوارەدا داکۆکیکەرێکی سەر سەخت بووە و لەپێش شیعردا بە نووسینی وتارێک ئەم داکۆکییەی کردووە و ڕۆژی 19ی تشرینی

یەکەمی 1960، سەروتاری رۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەناونیشانی «نەتەوەی کورد و مادەی دوو» نووسیوە و دژی دەقی مادەی دوو کە دەڵێت «عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب»، دەڵێت:- ئەم بۆچوونە لەڕووی لۆژیکی و زانستی و واقعی و تەنانەت دەربڕینیشەوە هەڵەیە. نووسەر پێیوایە دەبێت لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا ئەم مادەیە چارەسەربکرێت و ئەم مادەیە سەرلەنوێ، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (عیراق پێکدێت لەبەشێکی نەتەوەی کورد کە وڵاتەکەی کوردستانە و بەشێکی نەتەوەی عەرەب کە وڵاتەکەی نیشتمانی عەرەبە. پێویستە بەرژەوەندیی راستەقینەی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب رەچاوبکرێت و پێداویستییەکانی تۆکمەکردنی یەکێتیی خەباتی هاوبەشیان و برایەتی راستەقینەی نێوانیان، رەچاوبکرێ).

پێویستە بوترێت لەسەر ئەم وتارە رۆژنامەی خەبات داخرا و برایم ئەحمەد کە سەرنووسەری رۆژنامەکە بوو درا بەدادگای عورفی و رۆژی 27ی تشرینی دووەمی ساڵی 1960 خرایە قەفەسی تاوانبارانەوە.

بۆ چۆنیەتی دادگاییکردنەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دادوەر،


شاکر فەتاح

سەیری کتێبی «ئیبراهیم ئەحمەد لە سێ بەڵگەنامەی مێژوییدا» بکە، کە ساڵی 2010 شازین هێرش ساغیکردۆتەوە و چاپیکردووە.

برایم ئەحمەد، نەک هەر بە وتار، بەڵکو بە شیعریش بوونی کوردی وەک نەتەوەیەک داوە بەگوێی ناحەزان و داگیرکەراندا و لە شیعری «هەرکورد ئەبین» بە داگیرکەران و ناحەزان دەڵێت رەنگە بتوانن شاخی قەندیل و ئاگری و شیرین تەخت بکەن لەگەڵ رووی زەمیندا، بەڵام ناتوانن وابکەن ئێمە کورد نەبین، لەپێش ئاگرپەرستیدا و لەپێش موسوڵمانەتیدا، لە دیلی و لەسەربەستیدا ئێمە هەرکوردبووین و هەرکورد ئەبین، ناحەزان و رەگەزپەرستان کوردی عیراقیان بە عەرەب ناوناوە و کوردی

ئێران بە ئێرانی و کوردی تورکیا بە تورکی شاخستانی! برایم ئەحمەد بەم خەڵکانە دەڵێت کورد نە عەرەبە و نە ئێرانییە و نە تورکی شاخستانییە، بەڵکو کورد نەتەوەیەکە وەک ئێوە. لەلایەکیترەوە برایم ئەحمەد پێیوایە جیاوازی نەتەوایەتی نابێتە هۆی پیاوەتی یان نەنگی بۆ هیچ نەتەوەیەک، بەڵکو جیاوازی نەتەوایەتی بڕیاری مێژووە و لە دەسەڵاتی کەسدا نییە.

برایم ئەحمەد لەلاپەڕە(92)ی کتێبی «پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەد»دا و لە وەڵامی پرسیارێکی د.حوسەین محەمەد عەزیزدا کە دەڵێت:- «ئایا خۆتان بە گوناهبار نازانن بەرانبەر بەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردتان بە بیری نەتەوەیی پەروەردە نەکردووە؟ دەڵێت:

«نە، من بڕوام بەنەتەوەیی نییە، هەر ئەوەندە بڕوام پێیەتی کە وەکو خەڵک بژیم، گەلەکەم وەکو گەلانی دیکەبێ، لەوە زیاتر بڕوام پێی نییە. لەخەڵک کەمترنیم لەخەڵکیش زیاتر نیم، وەک خەڵک و گەلێکیدیکەی جیهان چ مافێکی هەیە هەر ئەوەش بۆ گەلەکەی خۆم بەڕەوا دەبینم، لەمە زیاتر نەتەوەیی نابم و نەمکردووە و ناشیکەم»! ئەم وەڵامە هیچ دژ نییە لەگەڵ مانا و مەبەستی ئەم شیعرانەی برایم ئەحمەد، پێویستە هەموو کەسێک نەتەوەیی بێت، چی بەمافی ڕەوای نەتەوەکەتی دەزانیت بۆ نەتەوەکانیدیکەش بەڕەوای بزانیت، ئەگەر وانەبیت تۆش دەبیتە مرۆڤێکی دڕندە و چەوسێنەر و پێشێلکەری مافەکانی نەتەوەکانیتر.

**داگیرکەری دڵ پڕ لەقین**
**دڕندەی بێ ویژدان و دین**
**گەر قەندیل و ئاگری و شیرین**
**یەکسانکەی لەگەڵ ڕوی زەمین**
**ناتوانی وابکەی کورد نەبین**
**هەرکورد بووین و هەرکوردەبین**
**لەپێش ئاگر پەرستیدا**
**لەپێش موسوڵمانێتیدا**
**لە دیلی و لەسەربەستیدا**
**هەرکوردبووین و هەرکورد ئەبین**
**نەعەرەبم، نەئێرانی**
**نە تورکێکی شاخستانی**
**نەک من هەرخۆم، مێژوش ئەڵێ**
**کە کوردم و کوردستانیم**
**نەنەنگییە و نە پیاوەتی**
**جیاوازی نەتەوایەتی**
**بڕیارە و مێژوو داویەتی**
**کە کوردبین و هەرکورد ئەبین**

شان بەشانی خەباتی سیاسی و پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە ئەگەری سەرنەگرتنیان و نکوڵی ئەو نەتەوانە لە مافە ڕەواکانی کورد، برایم ئەحمەد، نەک هەر وازی لە خەباتی چەکداری نەهێناوە،

بەڵکو بەپێویستی زانیوە و خۆی و نەتەوەی کوردی بەئامادە داناوە بۆ گیانفیداکردن و مردن لەپێناوی نیشتماندا و لە کۆتا دێڕی شیعری «هەرکورد ئەبین»دا دەڵێت:


**بەڵام کە نرخی ئازادی**

**مردن بێت ئەمرین بەشادی**

لە شیعری «سروودی پێشمەرگە»دا، خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان داناوە و هەموو کات ئامادەیە بچێتە مەیدانی بەرگریکردن لە نیشتمان، نەک هەربەگیانی، بەڵکو بەماڵ و سەرمایەکەیەوە، هیچ کاتیش ئامادە نییە دەست لە خەبات هەڵگرێت تاسەرکەوتن یا مردن.

برایم ئەحمەد بە دوژمنانی پێکەوەژیان دەڵێت خۆی روخێنەری قەڵای دوژمنانە، لەناوبەری داگیرکەرانە و بۆ مافی رەوای گەلی کورد پارێزەرە. دوای ئەمە برایم ئەحمەد سوێند بە کوردستانی رەنگین دەخوات، کە وەک بەهەشت وایە لەسەرزەمیندا، دیسانەوە سوێند بە کورد دەخوات کە بەشی لەم ژینە چەوسانەوە و سەربڕینە، کە تاکوردیش وەک هەموو گەلان نەگاتە هەموو مافەکانی ژیانی و ئازاد و سەربەخۆ نەبێت دەست لە خەبات هەڵناگرێ هەتا سەرکەوتن یان مردن لە رێی نیشتمان.

لێهاتوویی برایم ئەحمەد، وەک شاعیرێک، لەم شیعرەدا ئەوەیە کە



عەبدولستار تاهیر شەریف

کوردستانی بە بەهەشتی سەرزەمین داناوە، کەم شاعیر هەیە بتوانێ خەیاڵی وابکات، شتێکی نەبینراو بەراورد بکات بە شتێکی بینراوە. خۆشەویستی نیشتمانەکەی وای لێکردووە کوردستان بە بەهەشت بزانێت، هەرچەندە لە دونیادا بەهەشت وجودی نییە.

**من پێشمەرگەی کوردستانم**

**ئامادەی جەرگەی مەیدانم**

**بەسەر و ماڵ و ژیانم**

**ئەیپارێزم نیشتمانم**

**دەست لەخەبات هەڵناگرم**

**تا سەرئەکەوم یا ئەمرم**

**قەڵای دوژمن رووخێنەرم**

**لەناوبەری داگیرکەرم**

**نەوەی کاوەی ئاسنگەرم**

**بۆ مافی گەل پارێزەرم**

**دەست لەخەبات هەڵناگرم**

**تا سەرئەکەوم یا ئەمرم**

**بەم کوردستانە رەنگینە**

**کە بەهەشتی سەر زەمینە**

**بەو کوردەی بەشی لەم ژینە**

**چەوسانەوە و سەربرینە**

**دەست لەخەبات هەڵناگرم**

**تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم**

**تا کوردیش وەک هەموو گەلان**

**بەکوێرایی گشت دوژمنان**

**نەبێ ئازاد و شادمان**

**نەگاتە گشت مافی ژیان**

**دەست لەخەبات هەڵناگرم**

**تا سەرئەکەوم یا ئەمرم**

لەلایەکی ترەوە لای «برایم ئەحمەد» تەنها ئازادی و سەربەخۆیی بەس نین بۆ ئاسوودەیی و کامەرانی گەل، بەڵکو لە چیرۆکەکانیدا ویستوویەتی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکات و چارەسەری پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە و بنبڕیان بکات، بۆیە هەموو ئەمانەی کردووە بە کرۆک و مەبەستی چیرۆکەکانی و وەک بەرگێک بەباڵایانی بڕیوە. بابزانین برای نووسەرمان «عومەر مەعروف بەرزنجی» لە کتێبی (لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی)دا چۆن ئەم باسەمان بۆ دەکات؟ لەلاپەڕە «45»دا دەڵێت: « هەندێکی تریان بەردەوام بوون و بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن چوون وەک (ئیبراهیم ئەحمەد) «بلە»، کە چووە ڕیزی پێشەوە و بوو بە ڕابەرێکی ڕاستەقینەی چیرۆکی کوردی. یەکەم نووسەرە کە لەسەرەتادا توانیبێتی رووداوی خۆماڵی و خەباتی چەوساوەکان و نەخۆشی بیرۆکراتی تێهەڵکێشی نووسینەکانی بکا، قەڵەمەکەشی موعانات لەنرکە و ڕاپەڕینی جوتیارانی هەژارەوە زووخاو هەڵڕێژێ و دیمەنە رەزا گرانەکانی کۆمەڵ وێنە بکێشێ. بەوپەڕی کارزانیشەوە هونەری تێکەڵ بە واقیع کردووە و پێشڕەوێکی ڕێبازی ریالیزمە لە ئەدەبی کوردیدا، تەنانەت بەرهەمەکانی ئەو کاتەی، بوون بە سەرمەشقێک بۆ نووسەرانی ئەو سەردەمە و بگرە تا ئەمڕۆیش هەر نووسەرەی لە سوچێکەوە سودی لێدەبینێ و چیرۆکەکانی بناخەیەکی داڕێژراون بۆ کارەکانی ئەمڕۆ».

لەلاپەڕە «54»یشدا دەڵێت:- «ئەگەر لەهەر تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی و قۆناخێکی دیاریکراودا نووسەرێکی باڵا ڕیزی پێشەوەی بەخشین و داهێنان و هونەرمەندێتی بگرێت و بەرهەمەکانی مایەی سەرنج و خۆخەریک کردنی شارەزایانی ئەدەب بێت و بەنەوازشەوە پەنجەی سەرکەوتنی بۆ ڕابکێشن ئەوا بێگومان لەم قۆناخە دیارەی چیرۆکی

کوردیدا «بلە» شاچڵی بەرزی درەختی بەرداری ئەدەبی ئەو کاتەی گرتووە و کۆڵەکەیەکی قەف ئەستوری بینای چیرۆکی هونەرییە، لایەنێکی گەشی نووسینەکانی، شۆڕبونەوەیە بۆ ناخی دەردەکانی کۆمەڵ و ژیانی تاڵی ئافرەتانی کورد و باری دواکەوتوییان، دیاریشی لەم لایەنەوە چیرۆکی «خازێ»یە کە ڕەنگی دیمەنێکی پڕ لەژان و کسپەی بۆ ڕشتووە و سەرتاپا نوقمی پەرێشانییە».

ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم پرسیارێکە، ئایا پێویستە وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵ چی پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە؟ ئایا لەساڵی 1937دا کێ بیری پێکەوەژیانی گەلانی هەبووە و بەهەموو شێوەیەک کاری بۆکردووە؟ ئایا بیرۆکەیەکی لەم شێوەیە لەو کات و ساتەدا شایەنی ئەوە نییە خاوەنەکەی خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت؟ من پێم وایە برایم ئەحمەد لە گەلێکە کە ئەستێرەی بە ئاسمانەوە نییە، دەبوایە برایم ئەحمەد کە خاوەنی ئەم بیرۆکە جوانەیە خەڵاتی نۆبڵی پێ ببەخشرایە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەهەموو گەلانی جیهان بەگشتی وناوچەکە بەتایبەتی، بەجیاوازیی پلە و پایە و پۆستیانەوە خەڵکانێک هەن هیچ باوەڕیان بە پێکەوەژیان نییە و لەئاست ئەم مەسەلەیەدا «گوێیان مسی تێدایە».

**سەرچاوەکان:**


1 -نامیلکەی (الاكراد والعرب) ابراهيم احمد، چاپی چوارەم، 2004.

2 - برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپی یەکەم، 2007.

3 - ئیبراهیم ئەحمەد لە سێ بەڵگەنامەی مێژووییدا، شازین هێرش، چاپی یەکەم، 2010.

4 - پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەد-دا، د.حوسەین محەمەد عەزیز.

5 - لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی، عومەر مەعروف بەرزنجی.



گفتوگۆ

# ڤینۆس فایەق:

# هەتا ئێستا بیرم لە مردن نەکردۆتەوە!

**سازدانی: گەنم محەمەد**

سەبارەت بە نووسین و دنیای نووسین بەگشتی، نووسین و ژن و ئەو کێشانەی رووبەڕووی نووسەری ژن دەبنەوە، ئەو پلارانەی لە دەقی ژن دەگیرێن بۆ ئەوەی ژنی نووسەر لە پاڵەوانی دەقەکانیدا کورت بکرێتەوە، نووسەری کورد و رەنجی فەرهادی بەبێ ئەوەی هیچ لە بەرهەمەکانی بچنێتەوە، دنیای نووسین و خەم و نیگەرانییەکانی. بۆ ئەم لایەنانە و گەلێ لایەنی تری دنیای نووسین، کۆمەڵێک پرسیارم ئاراستەی شاعیر و نووسەر ڤینۆس فایەق کرد، بە سوپاسەوە لە ماوەیەکی کەمدا وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە. ئەوەی سەرنجم داوە ڤینۆس خان بە قەناعەتی خۆی و بەپێی ئەزموونی خۆی وەڵامی پرسیارەکانمی داوەتەوە.

ڤینۆس فایەق خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و وەرگێڕانە، هەندێک لەوانەش:

1– ئاخەرین سامورای، دیوانی شیعر، لە لوبنان چاپکراوە، 2013. 2– تاقانەترین کچی خودا، رۆمان، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان چاپیکردووە، 2016. 3– ژنێک لە مندا، دیوانی شیعر، سلێمانی، 2018 چاپکراوە. 4– دیوانی شیعر، هۆڵەندا، 2021 چاپکراوە. 5– نزای ئەستێرە، رۆمان، 2020، لە چاپخانەی کارۆ چاپکراوە. 6– پەشمەک، گۆشەی رۆژنامەوانی، 2024،لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ–یە و لە چاپخانەی کارۆ چاپکراوە.

***بۆچی دەنووسیت؟ ئایا نووسین لای تۆ ئارەزووە یان ترسە لە مردن و دەتەوێ نەمر بیت؟**

-ئێستا لەم قۆناخەمدا نووسین لای من قۆناخی ئارەزووی تێپەڕاندووە. وەکو ئارەزوو دەستپێدەکات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و قاڵبوونەوە و ئەزموونی زۆر دەبێتە جۆرێک لە بەرپرسیارێتیی گەورە، لە ئاست خودی نووسەر خۆیدا، لە ئاست پرەنسیپەکانی، لە ئاست ئەو پرسانەی باسیان لێوە دەکات هەروەها لە ئاست خوێنەردا. هەندێ کەس کرداری نووسین بە هەناسەدان و خۆبەتاڵکردنەوە پێناسە دەکەن، رەنگە لە سەرەتایاندا وا بووبێت، بەڵام بە تێپەڕیوونی کات دەبێت ئەم پێناسەیە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بەشێوەیەک قووڵتر لە کرداری نووسین بڕوانین کە تەنها مەبەست لێی خۆبەتاڵکردنەوە و هەناسەدان بێت. هەروەک بە نووسین لە مردنیش راناکەم و هێشتا بیرم لە نەمریش نەکردۆتەوە. کاتێک نووسین بە ئەزموونێکی درێژخایەن دەبێتە بەرپرسیارێتییەکی گەورە، جۆرێک لە پابەندی دروستدەبێت بە زەروورەتی پەرە بەخۆدان و گەشەسەندن لە رووی ئیتیکی نووسینەوە و پەرەدان بە تواناکانی نووسین.

نووسین بۆ من پرۆسەیەکی داهێنەرانە و چێژبەخشە، بەهۆی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە ئارەزووم خوێندنەوە و نووسین بووە، بەڵام کاتێک منداڵی و سەرەتاکانی نووسینم تێپەڕاند وردە وردە ئەو هەستەم وەرگرت کە نووسین بەرپرسیارێتییەکە لەسەر شانم.

نووسین لای من بووەتە هونەرێک پێویستی بە تەرکیزی زۆر و پەرە بەخۆدانی بەردەوام هەیە، پەرەدان بە شێواز و تەکنیکی زمانەوانیی نووسین، پەرەدان بە تەکنیکی داڕشتن و تەرح کردنی بیرۆکە، پەرەدان بە داخڵبوونی بابەت و قفڵکردنی. گەڕان بەدوای هۆکاری چەقبەستوویی لە یەک شێواز نووسیندا و تێپەڕاندنی و تاقیکردنەوەی شێوازی تر، چونکە ئێمە بە شێوازی نووسینمان بەشێوەیەکی مەجازی قسە لەگەڵ خوێنەر ئەکەین و لە پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵیدا دەمێنینەوە، بۆیە زۆر گرنگە خۆمان لەناو یەک شێوازی نووسیندا قەتیس نەکەین و بەردەوام بین لە گۆڕانکاری و تازەگەریی لە نووسیندا. ئەمانە هەموو وردەکارین کە قاڵ دەبینەوە لەبەرچاومان روون دەبنەوە و لێیان بە ئاگا دێین، چونکە سەرەتا تەنها لە خەمی ئەوەداین بنووسین و ناو پەیدا بکەین و بناسرێین.

> **بەلای منەوە نووسین پیشە نییە بتوانم بە هیچ پیشەیەکی تر بەراوردی بکەم و بڵێم ئەم ئیشە لە نووسین باشترە، چونکە کە دەنووسم بیرم لای ئەوە نییە چەندم دەستدەکەوێت، بیرم لای ئەوەیە چەند کەس بەرهەمەکەم دەخوێننەوە، چەند کەس سوودمەند دەبن.**

پێش هەموو ئەمانە بەشبەحاڵی خۆم دوو ئەرک هەن رۆژانە دەیانکەم، ئەوانیش خوێندنەوە و نووسینە، یەکەمجار دەبێت کاتت بۆ خوێندنەوە هەبێت، چونکە کە کاتت بۆ خوێندنەوە نەبوو کاتت بۆ نووسینیش نابێت، نووسین بێ خوێندنەوەی بەردەوام وەکو جەستەیەکی بێ ڤیتامین و کانزاکانە، کە بۆ جەستە بەسوودن.

ئیتر نووسەر جیا لە کەسانی تر لە پەیوەندییەکی هارمۆنیی بەردەوامدایە لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەریدا، لەگەڵ خەڵک و ئەزموونەکانیان، لەگەڵ رووداو و گۆڕانکارییەکان. بەکورتی بۆ من نووسین ژیانەکەی ترمە کە لەناو وردەکارییەکاندایە، ئەو وردەکارییانەی رۆح بە نووسین دەبەخشن.

***دیارە نووسەری کورد لە بەرامبەری نووسینەکانی هیچی دەستناکەوێت و دەبێت پارەش بدات بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانی، پێت وایە جگەلە نووسین چ ئیشێکی تر شایانی ئەوەیە ئەوەندە کاتی بۆ تەرخان بکەیت و ئەوەندە هەوڵی بۆ بدەیت و خۆتی بۆ ماندوو بکەیت؟**

–نووسین جگەلەوەی بەرپرسیارێتییە لەهەمبەر ئەو پرسەی لەبارەیەوە دەنووسین هەر خۆی نووسین وەکو وتم کردەیەکی چێژبەخشیشە، تەنها نووسینیشە شایەنی ئەوە بێت ئەو هەموو کاتەی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە کەس فەرزی نەکردووە بەسەرتا بنووسیت، ئیشێک نییە بە ناچاری بۆ دەستکەوتێکی مادی بیکەیت، کە دەنووسیت خاوەنی خۆتی، کەس بەرێوەبەرت نییە، لە چاوەڕێی مووچەدا رۆژەکان ناژمێریت و ناچار نیت موجامەلەی سەرووی خۆت بکەیت بۆ ئەوەی مۆڵەتێکی زیاد وەرگریت، کەس نییە لە دواکەوتنت لێپێچینەوەت لەگەڵ بکات، کەس بەسەرتەوە چاودێر نییە جگەلە ئەخلاقی خۆت و ویژدانت و بەرپرسیاریت بەرانبەر ئەو بابەتەی

پێشکەشی خوێنەرەکانتی دەکەیت. لە کۆتاییدا مەسەلەکە ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەیە کە بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت دەکەوێتە سەرشانت و ئیتر پابەندییەک لەنێوان تۆی نووسەر و بابەتی نووسینەکەت و خوێنەرەکانت دروست دەبێت و وا هەست دەکەیت بۆیان ئەژیت. بەلای منەوە نووسین پیشە نییە بتوانم بە هیچ پیشەیەکی تر بەراوردی بکەم و بڵێم ئەم ئیشە لە نووسین باشترە، چونکە کە دەنووسم بیرم لای ئەوە نیە چەندم دەستدەکەوێت، بیرم لای ئەوەیە چەند کەس بەرهەمەکەم دەخوێننەوە چەند کەس سوودمەند دەبن.

***مادەم نووسین ئەوەندە رەنج و ماندووبوونی دەوێت، نارەوا نییە نووسەر بابەتی کرچ و کاڵ چاپ بکات؟**

–کێشەی هەندێ نووسەر کەمی حەوسەڵەیە، نووسەر هەیە پیاچوونەوەش بۆ بابەتەکەی ناکات پێش ئەوەی بڵاوی بکاتەوە. هەندێجاریش لە باوەڕ بەخۆبوونێکی بەتاڵەوەیە. من باوەڕم وایە ئەوەی لەگەڵ خۆی ماندوو بێت و خۆی هیلاک بکات بابەتی کرچ و کاڵ چاپ ناکات، تەنها ئەوانە بابەتی کرچ و کاڵ بڵاو دەکەنەوە کە بە خۆیانەوە ماندوو نەبوون، یان ئەوانەی تەنها بەدوای ناو دەرکردنەوەن. رەنگە لە سەرەتای دەستکردنمان بە نووسین شتی کرچ و کاڵمان بڵاوکردبێتەوە، بەڵام ئەگەر جددی بین لەسەر پەرەدان بە خۆمان دەبێت ئەوەش تێپەڕێنین و نووسینێک پێشکەش بە خوێنەر بکەین کە شایستەی هیلاکی خۆمان و چاوەڕوانیی خوێنەر بێت.

***دەکرێت بڵێین نووسینیش تەمەنی هەیە و دەشێت نووسەریش لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا بەهرەی کز بێت و توانای نووسینی نەمێنێت؟ ئەوسا چی بکات باشە؟**

–باوەڕی من وایە ئەو قۆناخە پەیوەندیی بە تەمەنەوە نییە، نووسەر هەیە پێش ئەوەی تەمەنی هەڵکشێ هەر زوو هیچی پێ نامێنێت یان توانای نووسینی نامێنێت، نووسەریش هەیە هەتا تەمەنی هەڵدەکشێ جوانتر ئەنووسێ، شێرکۆ بێکەسی شاعیر بە نموونە، تەمەنی هەڵکشا بوو، هەتا مردیش شیعری جوانی دەنووسی. مەسەلەکە پەیوەندیی بە حەوسەڵەی بەدواداچوون و دانەبڕان لە خوێندنەوەوە هەیە، مەبەستم تەنها خوێندنەوەی کتێب نییە، بەڵکو خوێندنەوەی رۆژانە، وەکو وتار و شیعر و هەواڵ و بابەتی سیاسی و هەنووکەیی. نووسەر هەن لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیاندا بەو حاڵەتە دەگەن، لەو حاڵەتەدا باشتر وایە واز بهێنن

له نووسین، چونکە ئەگەر وای دانێین داهێنان لە هەموو بوارەکاندا تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە لە قۆناخێکدا کە هێشتا هیچی کرچ و کاڵی نەنووسیوە، واز لە نووسین بهێنێت باشترە لەوەی بەردەوام بێت و ئاستی نووسینەکانی دابەزن. بە دیوێکی تریشدا هەموومان قابیلی ئەوەین لە کاتێک لە کاتەکاندا هەست بکەین بلۆک بووین و وەکو جاران نانووسین، ئەوەش پەیوەندیی بە دوورکەوتنەوە، دابڕانەوەیە لە خوێندنەوە و بەدواداچوون و ئاگادار بوون لە هەموو گۆڕانکارییەکانی دەوروبەرمان. دەکرێ ماوەیەک بە خۆمان بدەین بۆ ئەوەی خۆمان ئەبدەیت بکەینەوە و سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە، ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو واز بهێنین.

***دەشێت بەرهەمی نووسەر درەنگ جێی خۆی بکاتەوە، یان کەمتر بەرهەمەکانی بخوێنرێنەوە، بەڵام ساڵانێک دوای ئەوە یان پاش مردنی نووسەر بەرهەمەکانی ببنە جێگای بایەخ، لەم حاڵەتەدا چ بکات بەردەوام بێت یان بچێتە کەنارەوە؟**

-هەموو نووسەرێک کەم تازۆر خوێنەری خۆی هەیە، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هۆکانی راگەیاندن لە توانایاندایە کەسێک لە هیچەوە بکەنە نووسەرێکی پڕ خوێنەر. تا وای لێدێت هەرچییەک بنووسێ ئەگەر قسەی ئاسایی و بێماناش بێت خەڵک لێی ببێتە حیکمەت و فەلسەفەیەک کە پێشتر نەگوتراوە، دیوەکەی تری ئەم دیاردەیە ئەوەیە کەسانێکی بەهرەمەند پەراوێز بکەون، چونکە کەس یان لایەن یان دەزگایەکی راگەیاندن بایەخیان پێ نەدات، ئەوانەی جددیتر ئەنووسن و پرۆفیشناڵانە بابەتی باش ئەنووسن، بەڵام کەس بایەخیان پێنادات و کەمترین کەس بابەتەکانیان دەخوێننەوە، بۆیە دەبینیت هەندێجار پاش مردنی بابەتەکانی دەبنە جێگەی بایەخ، کە ئەمەش شتێکی بە ئازارە بۆ ئەو نووسەرانەی ئێستا هەست بەو پەراوێزخراوییە دەکەن و نموونەکانی پێش خۆیان بینیوە دوای مردنیان بایەخ بە نووسینەکانیان دراوە، هەست بە دەسخەڕۆییەکی گەورە دەکەن و لە حاڵەتێکی خەمۆکی و بێهوودەییدا دەمێننەوە. دواجار ئەم دیاردەیە لەو کۆمەڵگەیانەدا زەقە کە راگەیاندن و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نیشتمانی تیادا نییە و رەقیبی زمانەوانی هیچ گرنگییەکی نییە و نەبوونی لیژنەی بێلایەنی هەڵسەنگاندنی بابەت و نووسین و بەرهەمەکان، هەمووی دەمێنێتەوە سەر موجامەلە و هاوڕێیەتی و هەبوونی پەیوەندی بە کەسایەتییەکەوە لەناو

> **وەکو یەک مێشکمان بەکاردەهێنین و بیری پێدەکەینەوە، بۆچی دەبێت جیاکارییەکە لەسەر بنەمای رەگەز بێت، بۆچی لەسەر بنەمای ئەدا و بیر وبۆچوون و بەرهەم و داهێنان نەبێت؟**

حزبێک یان دەزگای چاپەکە یان دەزگای راگەیاندنەکە، کە پشتگیریت بکات.

جگە لەمانە، پێگەکانی سۆشیال میدیا، کە رووبەرێکی گەلێ فراوانیان بەخشیوەتە کەسانێک قسەی ئاسایی بخەنە خانەی شیعرەوە، کاریگەریی خراپی لەسەر چێژی گوێگر و خوێنەر داناوە، جۆرێک لە خوێنەر هەیە دوای مۆدێلەکانی ناو دونیای نووسین کەوتوون کە بە یەکێک لە هۆکارەکان گەورەکراون و هەرچەندە شتی خراپیش پێشکەش دونیای نووسین دەکەن کەچی بوونەتە رووکارێکی فیکری و رۆشنبیریی «دروستکراو»ی کۆمەڵگە و کەسی تر لە دوای ئەوانەوە بایەخیان پێنادرێ و گرنگی بەبەرهەمەکانیان نادرێ. بەباوەڕی من پێش ئەوەی بەر بەم دیاردەیە بگرین، مەبەستم دیاردەی گەورەکردنی نووسەرە، دەبێت کەلتوری باوەڕ بەخۆبوون دروست ببێت، واتا تۆی نووسەر لە دەرەوەی هەموو ئەمانەدا بەردەوام بیت لە نووسین، چونکە کەوتنە کەنارەوە زۆر بە ئازارە و نووسەر تووشی رەشبینی دەکات لە هەموو شتێک، چونکە من باوەڕم هەیە نووسەری باش ئەگەر درەنگیش بێت جێگەی خۆی دەکاتەوە، نووسەری جددی خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، هەندێجاریش بەدەست خۆمانە لەو کەنارەدا بمێنینەوە یان بچینە پێشەوە.

*** پێت وایە زۆر خەریکبوون بە بەرهەمێکەوە دەیکاتە بەرهەمێکی باش؟ یان نووسین ئیلهامە و کە هات دێت و نەهات بە چەکوشکاری نابێت بە نووسین؟**

–ئەو مەسەلەیە، بیرۆکەکە و هۆنینەوەی بیرۆکەکە و دارشتنی و پەیامی پشت بیرۆکەکە فاکتەرن بۆ ئەوەی بکرێتە بەرهەمێکی باش. ئەگەر بیرۆکەکە کرچ و کاڵ یان هیچ بێت هیچ ماندووبوونێک نایکاتە بەرهەمێکی باش، هەروەها ئەگەر بیرۆکەکە سەرنجراکێش

بێت، بەڵام دارشتن و هۆنینەوەکەی خراپ بێت بەهەمان شێوە نابێتە بەرهەمێکی باش. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەموو نووسینێک ئیلهامە، تەنانەت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لای من ئیلهامە، بەمانای ئەوەی لە چرکەساتێکدا بیرۆکەم بۆ دێت و دەکەومە نووسین، بەڵام چی دەنووسم، چۆنی دادەرێژم و پەیامم چییە؟ بەشێکی زۆری ئیلهامیش ئارەزوو و پەرۆشییە بۆ بەتاڵکردنەوەی مێشک لە بیرۆکەکە. دوای هەموو نووسینی هەموو دەقێک نووسەر پێویستی بەوەیە کەمێک لە کەشوهەوای نووسینەکە دوور بکەوێتەوە، پاشان بگەڕێتەوە سەری و پیاچوونەوەی بۆ بکات. ستیڤن کینگ، نووسەری «22 ئامۆژگاری بۆ ئەوەی ببیتە نووسەرێکی سەرکەوتوو»، دەڵێ: کاتێک لە نووسین تەواو دەبیت، هەنگاوێکی گەورە بگەڕێرەوە بۆ دواوە». کینگ پێشنیازی شەش هەفتە ماوەی چاکبوونەوە «نقاهە» لە نووسین دەکات. کەواتە نووسین هەر ئەوە نییە وشە هەڵرێژینە سەر کاغەز، نووسین ژیانێکی کاتییە لەناو دەقێکدا، وەکو نەخۆشی کە چاکدەبینەوە لێی بە چاوێکی تر سەیری دەکەین و پیاچوونەوەی بۆ دەکەینەوە، بەڵکو دوای پیاچوونەوەی خۆشمان، ئاساییە داوا لە کەسێکی شارەزاش بکەین پیایدا بچێتەوە و تێبینیمان بداتێ بۆ جوانترکردنی دەقەکە. کەواتە بەڵێ، دەبێت زۆر خەریک بین بە نووسینەوە و هەندێجاریش پێویستمان بەو چەکوشکارییەیە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باش پێشکەش بە خوێنەر بکەین، خۆ ئەگەر بەو چەکوشکارییەش نەبوو بە نووسینێکی باش ئەوە باشتر وایە لە چەکمەجەی مێزەکەیدا هەڵیگرێت و لێی دووردەکەوێتەوە، بەڵکو بتوانێت دواتر پەرەی پێ بدات.




***پێت وایە ئازادی مامانی داهێنان**

**و نووسینی باشە؟ یان نووسەر ئەگەر بەهرەی هەبێت لە ژێر تیغی سانسۆریشدا دەتوانێت داهێنەر بێت و بەرهەمی باشی هەبێت؟**

–هەر خۆی ئازادی فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی داهێنەرانە، جا مەبەستم لەو ئازادییە بە پلەی یەکەم ئازادیی ناوەوەمانە، ئازادبوونمان لە پەروەردە باو و ماوە بەسەرچووەکان و ئەو ئادیا و نەریت و عورف و عادەتانەی داگیریان کردووین و لەبەرهەمەکانماندا رەنگ دەدەنەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ بەرهەمێکی ئەدەبیی ئینسانی بە هەموو پێوەرەکان پێشکەشی خوێنەر بکەین، دەبێت ئازاد بین لە کەمترین وردەکاری کە مۆرکێکی تر بە بەرهەمەکانمان دەدات و ئازادیمان لە نووسیندا سنووردار دەکات. دەبێت ئازاد بین لەو «ئەوی تر»ەی کە وا دەزانین دەبێت وەکو ئەو بین یان وادەزانین لە دوای ئەوەوە داهێنەرێکی تر نییە.

دواجار گوتراوە دایکێکی ئازاد نەوەی ئازاد دەخاتەوە، بەهەمان شێوە نووسەری ئازادیش نووسینی ئازادانە و جوان بەرهەم دەهێنێت، خوێنەری ئازاد دروستدەکات، بە مەرجێک «خۆی» بێت و ئازاد بێت لەو «نموونە باڵا»یەی بە پیرۆزی دەزانێت و باوەڕ نەکات رۆژێک لە رۆژان ئەویش وەکو ئەوی لێبێت.

ئەوەی پەیوەستە بە ئازادیەوە وەکو کەشوهەوای سیاسی، بێگومان جوانترین بەرهەمەکان لەژێر تیغی سانسۆردا نووسراون، نموونەشمان زۆرن. ئەی ئەگەر ئەو تیغی سانسۆر و خەبات تێکۆشانە سەختە و دەربەدەری و چەوساندنەوە و راوەدوونانەی میللەتی کورد نەبوایە فایەق بێکەسی شاعیر لەوە جوانتری دەنووسی کە دەڵێ: ((**ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە– وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە**)). ئەو شاعیرە هێندە لە ناوەوە ئازاد بووە هیچ فاکتەرێکی دەرەکیی تۆقێنەر و ئاگر و ئاسن رێگری نەبووە لەوەی ئەو شاکارە جوانانە پێشکەشی خوێنەر بکات. بێگومان ئازادی ناوەکی و کەشوهەوای ئازادی لە مەرجە سەرەتاییەکانن بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێت هەموو ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە بیخاتە سەر کاغەز، هەرچەندە لای هەندێ نووسەر کە بەهەڵە لە ماناو فەلسەفەی ئازادی تێگەیشتوون یان بە رێگە هەڵەکە ئازاد بوون، دەبینیت ئەو ئازادییە دەبێتە شتێکی تر کە بە «ئازادی» وەسف ناکرێ. بە ناوی «ئازادی»ەوە دەکەوێتە سەروپۆتەڵاکی هەر لایەن و کەسێک بە دڵی نەبێت.

***پێت وایە ڕەگەزی مرۆڤ پەیوەندی بەوەوە هەیە ببێتە نووسەرێکی بەهرەمەند و داهێنەر یان نا؟**

-داهێنان ڕەگەزی نییە. داهێنان پەیوەندیی بە زۆر فاکتەرەوە هەیە کە هیچ پەیوەندییان بەوەوە نییە ئەمە ژنە یان پیاو. ئەوە کۆمەڵگەی دواکەوتووە ئەو پۆلینکردنە ناشیرینەی کردووە و ژنی لە بوارەکانی داهێنان دابڕیوە بەکۆمەڵێ بەهانە و بیر وباوەڕ کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نەمێنن و ئەسڵەن باسیش نەکرێن. ئەو بۆچوونەی وادەزانێت داهێنان تەنها لای ڕەگەزی پیاوە، ئەو «ئەو»ەی ترە کە دەرئەنجامی کۆمەڵێ نەریتی کەڵەکەبووی دواکەوتوو لە مێشکیا دروستبووە و هێندە ئازاد نییە ئازادانە بیر بکاتەوە لەو نەریتە دواکەوتووە ڕزگاری بێت. ئاخر جگەلە ڕەگەزەکەمان، بەڵام وەکو ئینسان و لە بواری داهێنانی ئەدەبی و هونەری و هەموو بوارەکانی تر چی منی ژن و تۆی پیاو لەیەک جیادەکاتەوە؟ بیرکردنەوە، نووسین و داهێنان ڕەگەزییان نییە، بەهەمان قەڵەم دەنووسین، وەکو یەک دەخوێنینەوە، وەکو یەک چالاکین لە بوارە ڕۆشنبیرییەکاندا، وەکو یەک مێشکمان بەکاردەهێنین و بیری پێدەکەینەوە، بۆچی دەبێت جیاکارییەکە لەسەر بنەمای ڕەگەز بێت، بۆچی لەسەر بنەمای ئەدا و بیر وبۆچوون و بەرهەم و داهێنان نەبێت؟

بێگومان لە کۆمەڵگەکانی وەکو کۆمەڵگەی ئێمە دەرفەتەکان بۆ پیاوەکان زیاتر دەستەبەرە، چانسەکان زیاتر لەبەردەم پیاودایە، بەوپێیەی کۆمەڵگەکەمان بە گشتی کۆمەڵگەیەکی پیاوانەیە، لە زۆر کەس وایە داهێنان تەنها لە شانسی پیاوانە. ئەمە ڕۆشنبیرییەکی کەڵەکە بووە ژنی تەنها لەناو چوار دیواریماڵەکەیدا و لەخزمەتی خێزانەکەیدا پێناسە کردووە، بوارەکانی تری لە دەرەوەی ماڵ بۆ پیاو واڵاکردووە. شەڕی لە ڕەگەوە هەڵتەکاندنی ئەم بۆچوون و بیرکردنەوەیەش تەنها بە ژن کامڵ نابێت و ناگاتە ئەمانج ئەگەر پیاویش بەو ئاڕاستەیە بیر نەکاتەوە کە ئەوی ژن و ئەوی پیاو هیچ جیاوازییەکیان نییە لە رووی داهێنانەوە، لێرەدا باسی یەکسانی ناکەم، چونکە هیچ کات ژن وپیاو یەکسان نابن لە داهێناندا، بەڵکو دەبێت لە وەرگرتنی چانس و دەرفەتەکاندا یەکسان بن بۆ ئەوەی داهێنان بکەن. ئیتر قسەکە لێرە با لە ڕەگەز نەبێت، با قسەکە لەوە بێت کێ داهێنەرە یان نا، بەدەر لەوەی ژنە یان پیاو.

***لەلای خوێنەرانی عەرەب و فارس و کوردیش ئەو جۆرە فزولە هەیە کاتێک دەبینن ڕۆماننووس یان چیرۆکنووسێکی ژن ڕۆمانەکەی یان چیرۆکەکەی بە ڕاناوی من نووسیوە ئیتر هەموو ڕووداوەکان دەدەنە پاڵ نووسەر، تۆ ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە بوویتەتەوە؟**

-جۆن کوین، نووسەری کتێبی «چۆن ڕۆمانێک بە 100 ڕۆژ یان کەمتر دەنووسیت» دەڵێت: «با ئەوەی دەینووسیت لە دەوروبەرت ڕوویدابێت، ئەوەی دەیزانیت و بایەخی پێ دەدەیت»، ئیتر ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس هەمیشە ڕووداوێک دەکاتە بابەتی ڕۆمان یان چیرۆکەکەی کە یان تیایدا ژیاوە ئەگەر پاڵەوانەکەشی نەبووبێت، یان بەسەری هاتووە، یان بۆیان گێڕاوەتەوە یان دوور و نزیک لەبارەیەوە بیستوویەتی. بۆیە دەبینیت هەموو ڕۆمانێک شتێکی لە نووسەرەکەی تیادایە، ئەگەر پیاو بێت یان ژن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەمووی باسی خۆی دەکات. ئەو تۆمەتە بەشێکە لە بۆماوەیەکی ڕۆشنبیریی دواکەوتوو کە جەختی لەسەر ئەوەیە گوایا ژن خەیاڵی فراوان نییە و لە دەرەوەی خۆی ناتوانێت فراوانتر بیر بکاتەوە و داهێنان بکات، بیردەکاتەوە و هەموو بەرهەمەکانی تەنها باس لە خۆی دەکەن. هەروەک زۆربەی شاعیرە ژنەکان کە شیعرێکی ڕۆمانسیان نووسیبێت ڕووبەڕووی پرسیاری: ئەو شیعرەت بۆ کێ نووسیوە؟ بوونەتەوە. لە کاتێکدا شاعیرە پیاوەکان سەدان شیعری ڕۆمانسی و پیاهەڵدان بەسەر ژندا دەنووسن و هەر زۆر بەدەگمەن ئەو پرسیارەیان لێ دەکرێت. ئەم تۆمەتە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی دواکەوتووی هەڵگرتووە پەیوەندیی بە ئەقڵی دەستەجەمعییەوەیە کە باوەڕ ناهێنێت بەوەی ژن لە ئاستی پیاودا ڕۆشنبیر بێت و خاوەنی خەیاڵێکی فراوانی داهێنەرانە بێت. هەر خۆی ڕۆمان یان بە ڕاناوی «من» دەنووسرێت یان لەسەر زاری «گێڕەرەوەی هەموو شتزان». بیرم دێ لە دیمانەیەکدا هەمان پرسیار لە واسینی ئەلئەعرەج دەکرێ کە زۆربەی ڕۆمانەکانی مۆرکی «سیرە/ ژیاننامە»یان هەیە، بەڵام نووسەر چ ژن وچ پیاو توانای ئەوەی هەیە لەناو کەسایەتیی ڕۆمانەکانیدا بژی، و زاریان بێت و قسە بکات، یان لەناو بەسەرهاتێکی مێژوویی وادا ژیاوە و لە ڕێی خۆیەوە وەکو قسەکەر چیرۆکەکە دەهۆنێتەوە. ڕەنگە لە کۆی ڕۆمانەکەش تەنها وردەکاریی بچووک پەیوەست بە کەسایەتیی خۆی بێت، هەموو ئەویتر خەیاڵی ڕۆماننووسە. واسینی ئەلئەعرەج لە ڕۆمانی «لیلیات رمادە/ شەویادەکانی ڕەمادە» دا لەسەر زاری ژنێکەوە قسە

دەکات، دەکرێ لێی بپرسین بۆچی لەسەر زاری ژنێکەوە قسە دەکەیت، خۆ تۆ ژن نیت؟ بێگومانم لە وەڵامدا دەڵێ من باسی خۆم ناکەم، باسی بەسەرهاتی کاراکتەرێک دەکەم لەناو تەواوی سیستەمێکی گەندەڵ و دواکەوتوودا و لە خەیاڵمدا ژیاوە و خستوومەتە سەر کاغەز.

***ئەو حاڵەتە ناو دەنێی چی؟ بەدحاڵیبوون یان گەمژەیی و تێنەگەیشتن لە شێواز و پەیامی ڕۆمان و چیرۆک؟**

–بە باوەڕی من ئەو حاڵەتە بەر لە هەموو شتێک پیشاندانی ئەقڵییەتێکی دواکەوتوو و گەمژانەیە لە ئاست داهێنانی ژندا، بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتنە لەوەی «ڕۆمان» وەکو کایەیەکی ئەدەبی کە هەڵگری پەیامێکی ئینسانیی فراوانە بەدەر لەوەی ژن ئەینووسێت یان پیاو، تێنەگەیشتنە لەوەی خەیاڵی ڕۆماننووس چ ژن بێت و چ پیاو هێندە فراوانە لە توانایدایە جیهانێکت لەسەر کاغەز بۆ خەلق بکات تیایدا بژیت. دواجار تێنەگەیشتنە لە وەزیفەی ئەدەبی و ئینسانیی ڕۆمان و چیرۆک. تێنەگەیشتنە لەوەی تۆ کە کاراکتەرێک دروستدەکەیت هەتا لە ڕۆمانەکە دەبیتەوە لەناوتا دەژی، لەناو ڕۆمانەکەدا ئەوە قسە دەکات نەک من، بەسەرهاتی ئەوە نەک بەسەرهاتی ژیانی من. خۆ ئەگەر وابوایە بەدرێژایی مێژوو ژنە نووسەرەکان یەک ڕۆمان یان دوانیان دەنووسی و وازیان دەهێنا، بەڵام ژنی ڕۆماننووس هەن دەیان ڕۆمانیان نووسیوە، ئاخر ناکرێ هەمووی ژیاننامەی خۆی بن.

***لەلای خوێنەران یان ئەدیبانی ئەو سێ نەتەوەیەی ئاماژەمان بۆ کرد، ئەوەش هەیە کاتێک ژنێک دەقێکی جوان دەنووسێت دەڵێن فڵان پیاو بۆی نووسیوە، تۆ ئەمە ناو دەنێی چی؟**

–ئەمەشیان هەر ناودەنێم گەمژەیی و دواکەوتوویی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە لە ئاستی ژنی نووسەردا چاویلکەیەکی گەلێ تەڵخیان لە چاودایە هێشتا ڕۆحە داهێنەرانەکەی ناخی ژنیان نەبینیوە و ناشیانەوێ ببینن، چونکە باوەڕ ناکەن ژن شاعیر بێت. ئەوەی ئەوە دوای ژنێکی نووسەر دەخات هێشتا کۆیلەی نەخۆشیی جیاکاریی ڕەگەزی و ڕەگەزپەرستییە کە لای ئەو ڕەگەزی پیاو ڕەگەزە باڵاکەیە لە هەموو بوارەکاندا، ئەمانە بەهۆی پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتیی دواکەوتوو و ئەقڵێکی چەقبەستووەوە باوەڕ ناکەن

ژن داهێنەر بێت. هەڵبەت ئەمەش مانای ئەوە نییە ژن نەبووبێت کە پیاوێک بۆی نووسیوە، بەڵام هەبوونی یەک ژنی لەو جۆرە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنیی خستۆتە سەر ژنەکانی تر و هاندەر بووە بۆ چەسپاندنی ئەو تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووە و بەسەر هەموو ژنەکانی تردا گشتاندوویانە.

***ئەسڵەن نووسەرێک دەتوانێت دەقێک بۆ کەسێکی تر بنووسێت، (دەڵێم دەق نەک ستوونی رۆژنامەنووسی) ئیتر ئەو کەسە ژن بێت یان پیاو؟**

-رەنگە کەسێک هەبێت بۆ مەرامێکی تایبەت ئامادەیی تیادا بێت دەقێک بنووسێت و بیداتە ژنێک بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، بەڵام کێشەکە لای پیاوەکە نییە، کە رەنگە جگە لە مەرامە تایبەتەکەی باوەڕی بە خۆی و بە بەرهەمەکەی نەبێت بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە بیبەخشێتە ژنێک، بەڵام ئەسڵی کێشەکە لای ژنەکەیە ئەوە قبووڵ دەکات یان نا؟ بۆیە ئەم پرسیارە بەجۆرێکی تر دەهۆنمەوە، دەڵێم: ئەسڵەن ئەگەر ژنێک خۆی کەمێک بەهرەی هەبێت و باوەڕی بە توانای خۆی هەبێت، ئایا قبووڵی دەکات کەسێکی تر دێڕێکی بۆ بنووسێت؟ لە وەڵامدا دەڵێم: بێگومان نەخێر. ئەگەر ئەمە روو بدات، مانای ئەوەیە ئەو ژنە نە نووسەرە و نە هیچ و باشتر وایە ئیشێکی تر بکات و نەچێت بەلای نووسیندا. نموونەی دەگمەنمان هەن کە پیاوێک بۆ ژنێکی نووسەری نووسیوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو ژنە ئێستا لە کوێیە و چی دەکات و کەس ناوی دەبات؟

***نووسەرێک دەتوانێت دەقی نووسەرێکیتر بدزێت (دەڵێم دەق ناڵێم بیرۆکە) یان ئەمەش وەهمێکە بۆ شکاندنی نووسەر دروستکراوە؟**

-ئەو دیاردەیە لە ئێستادا باوەڕ دەکەم زیاتر بێت، بەهۆی ئەو بێ سەر و بەرییەی بڵاوکردنەوە لە پێگەکانی

> **«رۆمان» وەکو کایەیەکی ئەدەبی، کە هەڵگری پەیامێکی ئینسانیی فراوانە بەدەر لەوەی ژن ئەینووسێت یان پیاو، تێنەگەیشتنە لەوەی خەیاڵی رۆماننووس چ ژن بێت و چ پیاو هێندە فراوانە لە توانایدایە جیهانێکت لەسەر کاغەز بۆ خەلق بکات تیایدا بژیت.**

سۆشیال میدیا و بێ ساحێبیی زۆرێک لە ئەکاونتەکان. بەڵام پێش پەرەسەندنی پێگەکانی سۆشیال میدیا لە سەردەمی رۆژنامەی وەرەقیدا وەکو ئەزموون من بەسەرم هاتووە، ساڵی 2006 وتارێکم بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامەی «الاتحاد» لەسەر ژن بڵاوکردەوە، ساڵی 2009 نووسەرێکی نەناسراوی عەرەب وتارەکەی دەقاودەق دزی و لە رۆژنامەی «المدینە»ی سعودی بەناوی خۆیەوە بڵاویکردەوە. هەڵبەت من بێدەنگ نەبووم، پەیوەندیم بە سەرنووسەری رۆژنامە سعودیەکەوە کرد، وتارە بڵاوکراوەکەم بۆ ناردن لەگەڵ ناوی رۆژنامەکە و بەرواری بڵاوبوونەوەکە، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە وتارەکەیان لابرد و روونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە. ئەمە لە ئێستا کەم تا زۆر روو دەدات، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە بەری پێبگرین و نەهێڵین پەرە بسێنێت، ئەرکی قانوونە لێپێچینەوە لەم دیاردانە بکات. لەبەر ئەوە باوەڕ دەکەم جاران ئەوە زیاتر روویداوە، چونکە وەکو ئێستا جیهان بچووک نەبووە و هۆکانی پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوە هێندە پێشکەوتوو نەبوون و دواتر کەمتر پێزانراوە. هەرچەندە ئێستا بەشێوەیەکی زەقتر لە پێگەکانی سۆشیال میدیا روودەدات. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر بە بەڵگە بتوانرێ بسەلمێنرێ کە فلانە نووسەر دەقی نووسەرێکی تری دزیوە، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام بەبێ بەڵگە بێگومان ئەشێ بۆ شکاندنی نووسەرەکە بێت. ئەوەش روویداوە.

***ئایا شەهادەی بەرز کەس دەکات بە نووسەرێکی گەورە؟ بۆ نموونە رۆژگاری ولیام فۆکنەر و جەیمس جۆیس لە ئەمریکا و بەریتانیا هەزاران خاوەن شەهادە هەبوون، بەڵام کەسیان نەبوونە فۆکنەر یان جۆیس؟**

-بێگومان نەخێر، کەسێک دەیان بڕوانامەشی هەبێ هەرگیز نابێت بە نووسەر ئەگەر بەهرە و سەلیقەی نووسینی نەبێت. عەباس مەحمود عەقاد بە بڕوانامەی سەرەتاییەوە سەدان بەرهەمی نایابی پێشکەش مرۆڤایەتی کردووە و سەدان بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر بەرهەمەکانی ئامادە کراون. گابرییێل گارسیا مارکیز لە خوێندندا فەشەل دەهێنێت، بەڵام دەبێتە ناودارترین رۆماننووس. تۆڵستۆی و هەمەنگوای و زۆری تر کە هیچ بڕوانامەیەکیان نەبووە، بەڵام لە بواری داهێناندا بلیمەت بوون.

بێگومان ئەگەر بڕوانامە هەبێت خراپ نییە و بگرە رووبەری مەعریفیی نووسەر کەمێک فراوانتر دەکات، بەڵام

هیچ کات نابێتە مەرج بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە نووسەرێکی گەورە و داهێنەر.

***ناسینی نووسەرێک کە بە بەرهەمەکانی سەرسام بوویت، چ کاریگەرییەکی هەبووە لە لات؟ ئایا ئەو سەرسامییە هەر ماوە یان بووە بە هەڵم؟**

-بێگومان لەوانەی پێشتر بەرهەمەکانیانم خوێندبۆوە و پاشان بە شەخسی ناسیمن: نەسر حامد ئەبو زێد، تایبەتمەند لە بواری لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان و زانستە مرۆییەکاندا، خاوەنی کتێبی «چەمکی دەق، لێکۆڵینەوە لە زانستی قورئاندا» و زۆر کتێبی تر، لە هۆڵەندا ناسیم و بۆ تەلەفزیۆنێکی ئۆپۆزیسیۆنی سووری لە بەلجیکا دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیم لەگەڵ کرد، پیاوێکی هێندە زیرەک و خاوەنی فیکرێکی دەوڵەمەند بوو، بەڵام خاوەن کەسایەتییەکی گەلێک خاکی و لەخۆبوردوو و سادە هەتا ئێستاش دوای مردنی هەر سەرسامی نووسینەکانیم.

کەسایەتیەکی تر کە شانسم هەبوو پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات رووبەڕوو بیناسم سادق جەلال ئەلعەزم، بیرمەندێکی سووری عەلمانی و بەرهەمی زۆری لە بواری فەلسەفە و سیاسەت و ئیسلامدا هەیە. نەوال سەعداوی کە لە شاری رۆتردام پێیگەیشتم و لە نزیکەوە گوێم لە قسەکانی گرت، ئەو ژنەی نووسەری «ژن و جنس» و«مێینە ئەسڵە» و«کەوتنی ئیمام»...تا دوایی. واسینی ئەلئەعرەج، رۆماننووسی جەزائیری بەناوبانگ کە بە هەردوو زمانی عەرەبی و فەرەنسی رۆمانەکانی ئەنووسێت زۆربەی رۆمانەکانیم خوێندۆتەوە و لە کەشوهەوایاندا ژیاوم. ناسینی ئەمجۆرە نووسەرانە دەسکەوتێکی ئینسانی و مەعریفیی گەورەیە، تا ئێستاش کاریگەرییان لەسەرم ماوە. ئەوەی وەکو خوێنەرێک



من لە نووسەرێک دوور دەخاتەوە یان سەرسامیم لە ئاست بەرهەمەکانیدا دەکاتە هەڵم ئاستی نووسین و ئاستی بیرکردنەوە هەڵوێستە ئینسانییەکانی نووسەرەکەیە، هەر کات ئەو هەڵوێستە ئینسانییە لە نووسینەکانیدا گۆڕدرا یان خەلەلێک کەوتە تەرحەکانییەوە بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر خوێنەرەکانیشی.

تەنانەت لە ڕێگەی خوێندنەوەش لەوانەی کە بەرهەمەکانیان کاریگەرییان لەسەرم هەبووە و هەتا ئێستەش: غادە سەمان: جەستە جانتای سەفەرە، گرتنی چرکەیەکی راکردوو، عەشرەت لێکۆڵینەوە لە ژنە کوژراوەکە دەکات، سەرهەڵگرتنی کەنارەوە کۆنەکان... و چەندین کتێبی تری کە یەکی چەندینجار خوێندوومنەتەوە. هەروەها زۆربەی زۆری کتێبەکانی جوبران خەلیل جوبران و زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵە شیعرەکانی نەزار قەبانی ماوەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەرم دانابوو. هەروەها رۆمانەکانی ئەحلام مستەغانمی و ئەلیف شەفەق و شیعرەکانی مەحمود دەرویش و زۆر نووسەر و شاعیری تر. ئەمانە مێشکمیان لە سەرەتاکان ژیانی خوێندنەوە و نووسینمدا کردەوە و دەوڵەمەند کرد و هەتا ئێستاش چێژ لە خوێندنەوەی نووسینەکانیان دەبینم.

***بەلای تۆوە دەکرێت نووسەر لە دەقەکەی جیا بکرێتەوە؟ یانی دەکرێت نووسەر خۆی کەسێکی هیچ بێت و پەیامی گەورەی هەبێت؟**

-روو دەدات کەسێک خاوەنی کەسایەتییەکی لاواز و ناهاوسەنگ بێت یان خەسڵەتی ئینسانیی ناشیرینی تیادا بێت، بەڵام شاعیرێکی باش بێت. تەنانەت لە بواری هونەردا روو دەدات، گۆرانیبێژێک خاوەنی کەسایەتییەکی ناشیرین بێت، بەڵام دەنگێکی گەلێ ناوازەی هەبێت. ئەکتەرێک لە ژیانی ئاساییدا کەسێکی نەخوازراو بێت، بەڵام ئەکتەرێکی باش بێت. لەبەر ئەوە دەکرێ ئێمە ئەگەر قەرار بێت هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەم و داهێنەکانیان بکەین، دەبێت کەسایەتیی تایبەتی نووسەر لە بەرهەم جیا بکەینەوە. واتا دوور لە کەسایەتیی خۆی هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی ئەدەبی و هونەری کەسەکە بکەین. بەشبەحاڵی خۆم هەرگیز لەسەر بنەمای کەسایەتیی تایبەتی نووسەر، نووسین هەڵناسەنگێنم، بۆ ئەوەی بتوانم چێژ لە دەقەکە ببینم. بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵمسەنگاند لەژێر کاریگەریی تێڕوانینم بۆ کەسایەتییەکەی نەیکەم. ئیتر مەسەلەی ئەوەی پەیامەکەی گەورەیە یان بچووکە بەلای منەوە کەمتەرخەمی دەبێت لە ئاست دەقدا ئەگەر، وێنەی نووسەرەکە لە پێش چاومان بێت،

چونکە دەق جگە لە پەیام، هۆنینەوە، تەکنیک، زمان، فکر و فەلسەفە، دەلالەت و زۆر شتی ترن. دواجار مەسەلەکە ئەوەیە دەقەکە بە کۆی گشتیی هەموو ئەو فاکتەرانە دەقێکی باشە یان نا، نەک نووسەرەکە کەسێکی باشە یان نا.

***دەتوانین بڵێین نووسەری گەورە بە هەڵوێستەکانی نووسەرێکی گەورەیە؟ نووسەری گەورە نابێت ببێتە پاشکۆی سیاسەتمەدار؟**

-هەر خۆی وشەی «پاشکۆ» وشەیەکی زۆر ناشیرینە، باوەڕ ناکەم ئەگەر نووسەرێک ڕێز لە خۆی و قەڵەمەکەی و ماندووبوون و بەرهەمەکانی بگرێت قبووڵ بکات ببێتە پاشکۆ، ئەکرێ ئەندامیش بێت لە حزبێکدا، بەڵام پاشکۆیەتی بە نووسەری ڕەسەن و خاوەن قەڵەمی پاک ناکرێت، بۆیە گرنگە نووسەر، بەدەر لە وەسفی «گەورە»، چونکە نووسەری باش و خراپ هەیە، نووسەری گەورە و بچووک نییە» گرنگە نووسەر بە پلەی یەکەم هەڵگری فکرێکی ئینسانیی قووڵ بێت، کە واش بوو باوەڕم وانییە قبووڵی بێت ببێتە پاشکۆ.

***تۆ ساڵانێکی زۆرە دەنووسیت و نووسین تەمەنێکی لە ژیانت بردووە، ئەگەر بە خەیاڵ بچیتەوە سەرەتا بە هەمان ڕێگەدا دەڕۆیت یان بوارێکیتر هەڵدەبژێریت؟**

-زۆرجار ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە و هەموو جارێکیش یەک وەڵام دەدەمەوە: بەڵێ هەمان ڕێگە هەڵدەبژێرمەوە، بەڵام ڕەنگە لە هەندێ وردەکاریدا کە کۆی وێنەکە لەبەر چاوم دروستدەکەن گۆڕانکاری بکەم. ڕەنگە ئەگەر پیشە بوایە بمگۆڕییایە، بەڵام ئەمە ئیشق و ئارەزووە و ناتوانم بیگۆڕم.

***کاتێک دەقێکی خۆت، بۆ نموونە، هی بیست ساڵ لەوەبەر دەخوێنیتەوە، دەچیتەوە ناو ئەو دنیایە و حەزناکەی لێی ببێتە دەرەوە یان هەست بە هیچ ناکەیت؟**

-زۆرجار کە دەقێکی کۆنی خۆم دەخوێنمەوە، یان دەقەکانی سەرەتای دەستکردنم بە نووسین، هەڵەی زۆر لە خۆم دەگرم، بەڵام پەشیمان نیم لەو هەڵانە، چونکە ئەو دەقانە بەرهەمی ئاستی بیرکردنەوە و مەعریفیی ئەو کاتەمە لەو قۆناخەی تەمەندا، خۆ ئەگەر هەڵەشم نەکردایە فێر نەدەبووم. بێگومان کە ئەو دەقانەش دەخوێنمەوە، دەچمەوە هەمان کەشوهەوای ئەو کاتە و خۆزگە دەخوازم زەمەن وا بەو شێوەیە بەخێرایی تێنەپەڕییایە و ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە ژیانماندا ڕووی نەدایە، ئەو کاتە بە نووسینەکانماندا دیارە چەند سادە بووین. چونکە ئەو دەقانە جگەلەوەی

بەرهەمی ئەو قۆناخەی تەمەنمانن بەرهەمی کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەوروبەرمانن، ئەو کاتە وەکو ئەم سەردەمە ئاڵۆز و جەنجاڵ نەبووین. کە دەقە کۆنەکانم دەخوێنمەوە هەست دەکەم لەو جێگەیەم کە ئەو دەقەم لێ نووسیوە هەموو وردەکارییەکان دەهێنمەوە پێش چاوم.

***تۆ هەم چیرۆکت نووسیوە و هەم رۆمان و هەم شیعر، لە کام لەم ژانرانەدا هەست دەکەی ناخی خۆتت دەربڕیوە یان وێنەکەی ناخت باش گەیشتووە؟**

-لە هەر یەک لەو ژانرانەدا شتێکی لە ناخم تیادایە، جاران دەمگوت شیعر هەموو ئەوەی ناخمان دەڵێت، بەڵام دوای ئەوەی چیرۆک و رۆمانم نووسی، بۆم دەرکەوت شتی تری زۆر لە ناخمدا مابوون کە بە رۆمان هاتنە دەرەوە، لە هەر یەک لە بەرهەمەکانی هەموو نووسەرێکدا «من»ێکی خۆی تیادایە. لە کۆی هەموو ئەوەی نووسیومە بە شیعریش و رۆمانیشەوە هێشتا وێنەکەی ناخم نەگەیشتووە، چونکە کە تەواوی وێنەکە گەیشت دەبێت لە نووسین بوەستم. هەموو ئەوەی بەرهەممهێناون شتێکیان لە وێنە گەورە و قووڵەکەی ناخمانی تیادایە، ئەو وێنەیەش بە مردن تەواو دەبێت.

***عادەتی تۆ لە کاتی نووسیندا چییە؟ بۆ نموونە بەلزاک لە کاتی نووسیندا جلوبەرگی سپی فەرەحی لەبەر دەکرد، عادەتی تۆ چییە؟**

-ستیڤن کینگ لە کتێبی «22 ئامۆژگاری بۆ ئەوەی ببیتە نووسەرێکی سەرکەوتوو»دا ئەڵێ: کە دەستت دایە نووسین یەکەم شت دەبێت بیکەیت ئەوەیە تەلەفزیۆنەکەت بفەوتێنە، دەڵێ: هەموو ئەوانەی بۆیان هەیە سەرقاڵت بکەن دایان بخە وەکو تەلەفۆن و پەنجەرە کراوەکان، کاتێک دەنووسیت با دەرگا داخراو بێت». جا منیش لە کاتی نووسیندا پێویستیم بەو بێدەنگییەیە، لەکاتی نووسیندا حەز دەکەم تەنها خۆم

> **گابریێل گارسیا مارکیز کە لە خوێندندا فەشەل دەهێنێت، بەڵام دەبێتە ناودارترین رۆماننووس. تۆلستۆی و هەمەنگوای و زۆری تر هیچ بڕوانامەیەکیان نەبووە بەڵام لە بواری داهێناندا بلیمەت بوون.**

بم، زۆر قسە لەگەڵ خۆم دەکەم، لەگەڵ خۆم دەکەومە موناقەشەوە، نازانم لە دەنگەدەنگدا بنووسم، ئەسڵەن ناتوانم بنووسم و تەلەفزیۆن ئیش بکات. ئەم خووەم لە کاتی خوێندکاریمەوە هەر وابووە.

***جەیمس جۆیس لە سەفەریشدا دەیتوانی بنووسێت، تۆش دەتوانی لە سەفەردا بنووسیت یان هەر لە ماڵەکەی خۆتدا دەتوانیت بنووسیت؟**

-نووسین شتێکە پێویستیی بە جێگە و کات نییە، مەگەر شتێک ڕێگریت لێبکات، بەڵام لە هەر جێگەیەک ئیلهامت بۆ هات دەبێت بنووسیت، هەندێجار من بەدەم چێشتلێنانەوە بیرۆکەیەکم بۆ دێت خێرا دەستدەدەمە قەڵەمێک و بیرۆکەکە تۆمار دەکەم. هەرگیز بەبێ کتێبێک سەفەر ناکەم، بەتایبەت کە ڕێگەی سەفەرەکە درێژ بێت، لەگەڵ کتێبەکەشدا دەفتەرێک و دوو یان سێ قەڵەمیشم پێیە. بێگومان چەندینجار لە ڕێگەی سەفەردا بیرۆکەی وتارێکم داڕشتووە یان تەنانەت قەسیدەیەکم نووسیووە. هەڵبەت نووسین لە ماڵەوە ئیسراحەتترە، بەڵام نووسین لە سەفەردا چێژبەخشترە. چونکە دەبیتە شاهیدی زۆر شت کە ئەگەر ئەو سەفەرەت نەکردبا ئەزموونت نەدەکردن.

***ئایا نووسەر ئیتر پیاو بێت یان ژن دەکرێت هەموو ڕێگایەک بگرێتە بەر لە پێناوی ناو دەرکردن و بەناوبانگ بووندا؟**

-وای دادەنێم «هەموو ڕێگەیەک» باش و خراپیش دەگرێتەوە، کەواتە «نەخێر» ڕێگەپێدراو نییە نووسەر هەموو ڕێگەیەک بگرێتە بەر تەنها بۆ خاتری ناودەرکردن و بەناوبانگبوون. چونکە خودی «نووسین» ئەرکێکی پیرۆزە، ناکرێ من تەنها بۆ ئەوەی بناسرێم هەموو ڕێگەیەک بەباش و خراپیەوە بگرمە بەر، چونکە من هەرگیز باوەڕم بەو گوتەیەی مەکیاڤیللی نییە کە دەڵێ «الغاية تبرر الوسيلة» «ئامانج پاساو بۆ شێواز دەهێنێتەوە» نەخێر، خۆ نووسین مەسەلەی ژیان و مردن نییە ئەگەر وا نەکەم دەمرم. چی نووسەری ڕەسەن لە نووسەری پاشکۆ جیا دەکاتەوە؟ ئێمە کە سەر دەکەین بە دونیای نووسیندا بەهۆی ئەو بڕە زۆرەی پەیوەندییەکانمان و ئەو خەڵکە زۆرەی دەیانناسین ڕێگەی زۆرمان دێتە بەردەم کە دەکرێ ڕێگە ئاسانەکەش بن، بەڵام ئیتر ئەوە تاقیکردنەوە ئینسانییە ئەخلاقییەکەیە کە قبووڵی نەکەین جگەلە یەک ڕێگەی تایبەت بە خۆمان بە هیچ ڕێگەیەکی تردا بڕۆین لەپێناوی بەناوبانگبووندا. هەڵبەت هێڵێکی ئەستووریش دەخەمە ژێر وشەی «بەناوبانگبوون»، چ ناوبانگێک؟ بێگومان

ڕێگەکە پێناسەی ناوبانگمان دەکات. ئەوەش زۆر گرنگە.

***دنیای دیجیتاڵی تا چەند یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ئەدیبێک؟ ئایا دەکرێت ئەدیب ببێتە ئەدمین و ڕۆژانە شت بنووسێت و لەسەر هەموو شتێک قسە بکات؟**

-لای من مەسەلەکە ناساندن نییە، بە هێندی ئەوەندەی ئەو کەسە ئەدیبە یان نا؟ کەسێک ئەدیبی ڕاستەقینە بێت پێویستی بەوە نییە دنیای دیجیتال بیناسێنێت، پێویستی ئاستێکی مەعریفی بەرز و هەڵوێستە ئینسانییەکانێتی و پێویستی بە دەقی باشە بیناسێنێت. بێگومان نکوڵیش لەوە ناکرێ کە دنیای دیجیتال زۆری نووسەری باشی باشتر بە خوێنەر ناساند کە چانس و دەرفەتی ناساندنیان کەم بوو.

بەڵام بەلای منەوە ئەدیب پێویستی بەوە نییە ڕۆژانە لە سۆشیال میدیا ببێتە ئەدمین و سەر لە خۆی بشێوێنێت و لەسەر هەموو شتێک قسە بکات، تەنها بۆ ئەوەی ئامادەگی خۆی بسەلمێنێت و ئەگەر ئەوە نەکات وا بزانێت لە بیری خەڵکدا نامێنێت. ئەدیب پێویستی بەوەیە بە دەقەکانی بناسرێت و دوای ئەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و لە دووتوێی کتێبەکاندا نووسینەکانی بڵاودەبنەوە ئەوجا لە سۆشیال میدیا بڵاویان بکاتەوە.

***دوا پرسیار کە بیر لەمردن دەکەیتەوە، شتێک هەیە دڵی پێ خۆش بکەیت و بڵێی ئۆخەی بەردێکم خستۆتە سەر بەردێک؟**

-لە ڕاستیدا هەتا ئێستا بیرم لە مردن نەکردۆتەوە، بەڵام ئێستا ئەتوانم بڵێم ئەوەی لە تواناما بووە ئەگەر کەمیش بووبێت کردوومە، ئەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییەی لە دنیای نووسیندا هەڵمگرتووە دڵسۆز بووم بۆی، هەمیشە لە هەموو نووسینەکانمدا تەنها خۆم بووم و کۆپی کەس نەبووم و بەڕێگەی کەسدا نەڕۆشتووم و لاسایی کەسم نەکردۆتەوە پاشکۆی هیچ کەس و لایەنێک نەبووم و ئەوەی باوەڕم پێی بووە گوتوومە و نووسیومە، بە مێشکی کەس بیرم نەکردۆتەوە و عیسامییانە لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ لە دونیای نووسیندا خۆمم دروستکردووە. وابزانم تا ئەم دەقەیە ئەوەم بەسە. خۆشم بەوەوە سەرقاڵ نەکردووە ئاخۆ خەڵکم ڕازیکردبێت، چونکە خەڵکیش بە من و تۆشەوە لە هەموو کەس ڕازی نین. گرنگ ئەوەیە ویژدانم ئاسوودەیە بەوەنەی کە هەم و هەرگیز هەوڵم بۆ زیاتر نەداوە و نایدەم.

## دۆسیێ یەکڕیزیی نیشتمانی

### پێشەکی

دۆسیێ ئەم ژمارەیە سەبارەت بە یەکڕیزیی نیشتمانییە. بێگومان یەکڕیزیی نیشتمانی ئەگەر بۆ نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت گرنگ بێت، ئەوا بۆ نەتەوەیەکی پارچەپارچە کراوی، بێ دەوڵەتی وەکو کورد، چەندان ئەوەندە گرنگە، بگرە ژیان و بوونی کوردی لەسەر وەستاوە. ئەگەرچی یەکڕیزیی نیشتمانی بۆ کورد ئێستا بووەتە ئەگەرێکی ئاڵۆز و قورس، بەڵام مەحاڵیش نییە. ئەگەر تەنیا سەیری ئەم بەشەی کوردستان بکەین، دەتوانین دوو رۆژگاری یەکڕیزیی نیشتمانی بهێنینە پێش چاوی خۆمان، یەکەم رۆژگاری راپەڕینی 1991، کە کورد و پێکهاتەکانی تری کوردستانیش یەکڕیز و یەکدەست بوون بۆ راماڵینی دیکتاتۆریەتی بەعس. دووەمیش رۆژگاری رەوی ملیۆنی کە تیایدا هەموان بە یەکدەنگ وتمان «نا بۆ دیکتاتۆریەتی بەعس».

لەم دۆسیێیەدا سەرەتا یەکڕیزیی نیشتمانی وەکو چەمک و بەشە پێکهێنەرەکانی شرۆڤە کراوە، دواتر لە بابەتی دووەمدا لە قۆناغە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بە قووڵی باسی یەکڕیزیی نیشتمانی کراوە و هۆکارەکانی شکست و بەدیهاتنی شیکراوەتەوە.

# دیباچەیەك بۆ چەمكی یەكڕیزیی نیشتمانی




دكتر حسین بشیریە
لە فارسییەوە: نوێبوونەوە

یەکڕیزیی نیشتمانی بریتییە لە هاوئاهەنگی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو (گشتە)ی سیستمی کۆلامەیەتیان پێکهێناوە. لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان لە خێڵەوە تا مەزهەب و حکومەت دەبووە هۆی یەکڕیزیی کۆمەڵگا، بەڵام لە سەردەمی نوێدا، نوێگەری و گۆڕانکارییە پیشەسازییەکان، لە نێوان بەشە هۆمۆجین و هاوبەشە کۆنەکاندا ناهاوئاهەنگی دروستکردووە. لەم رووەوە مەسەلەی پاراستنی یەکڕیزی لە ئاستی کەلتوری، کۆمەڵایەتی و نیشتمانی یەکێکە لەو بابەتانەی لەو کۆمەڵگا و سیستەمانەدا کە لە حاڵەتی راگوزەردان بایەخی زۆری پێدەدرێت. رەوتی نوێگەری و بەپیشەسازیکردن دەبێتە هۆی لەبەریەکهەڵوەشانی پەیوەندییە ترادیسیۆنییەکان، بەڵام لەلایەکی ترەوە پەیوەندییە مۆدێرنەکان بە ئاسانی سەقامگیر نابن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا سیاسەتی پاراستنی یەکڕیزیی نیشتمانی، دەبێتە ئەولەویەت.

یەکڕیزی رووی جۆراو جۆری هەیە و لەسەر ئاستی کەلتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی باس دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش یەکڕیزی چەمکێکی نیسبییە و لەو بوارە جیاوازانەی سەرەوەدا تەسەوری ئاست و پلەی جیاواز دەکرێت. یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی لە چەمکەکەدا زۆر بنەڕەتییە و بەلای کەمەوە هیچ کاتێک لەناو ناچێت، مەگەر لە هەلومەرجی زۆر تایبەتدا، ئەو بارودۆخەی (تۆماس هۆبز) باسی دەکات، واتە شەڕی هەموان لە دژی هەموان نایەتەدی. لەلایەکی ترەوە یەکڕیزیی تەواو بە مانای نەمانی هەرجۆرە ناهاوئاهەنگییەک لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش لە دنیای واقیعدا روونادات. بەم پێیە دەتوانرێت سنووری نیسبی بۆ هەڵسەنگاندنی یەکڕیزیی کۆمەڵگا و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگیرێت، واتە دەتوانرێت قسە لە پلەی بەرزتر و نزمتری یەکڕیزی بکرێت و لە فاکتەرەکانی بەرزی و نزمی ئەم پلە و ئاستانە بکۆڵرێتەوە. سەرەڕای ئەمەش لەبارەی جۆرەکانی یەکڕیزیشەوە قسە کراوە.

هەندێک لە نووسەران باسی چوار جۆر یەکڕیزیان کردووە: یەکڕیزیی کەلتوری، واتە هاوبەشی گشتی لە بەهاکاندا، یەکڕیزیی رێسایی (نۆرم)، واتە هاوئاهەنگی نێوان بەها کەلتورییەکان و شێوازەکانی

ڕەفتار، یەكڕیزیی پەیوەندی، واتە پەرەپێدانی پەیوەندییەكان لە سیستەمی كۆمەڵایەتیدا بەگشتی، یەكڕیزیی كرداری، واتە وابەستەیی بەرامبەری بەشەكانی سیستەم یان نەگۆڕینی نێوانیان. یەكڕیزیی نیشتمانی پێویستی بەهەر چوار جۆرەكەیە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی، سێ جۆرەكەی ئەخیر گرنگییەكی زۆرتریان هەیە. تیۆری كلاسیك سەبارەت بە یەكڕیزی هەمان تیۆری (ئەمیل دۆركهایم) كۆمەڵناسی فەرەنسییە كە لە ڕەوتی گۆڕانكاری كۆمەڵگاكاندا باسی دوو جۆر یەكڕیزی كردووە: **یەكەم**: یەكڕیزی میكانیكی یان یەكڕیزیی بەهایی و كەلتوری و ڕێساییە كە خاسیەتی كۆمەڵگای ترادیسیۆنی ترە.


ئیمیل دۆركهایم

**دووەم**: یەكڕیزی ئەندامی كە یەكڕیزیی كرداریيە لە نێوان بەشەكانی سیستەمی كۆمەڵایەتیدا.

كۆمەڵگا ترادیسیۆنییەكان لەسەر بنەمای پرەنسیپی لێكچوون وەستاون، بەڵام هەرچەندە مۆدێرنتر دەبن لێكچوون جێگای خۆی بۆ جیاوازی چۆڵ دەكات. لە كۆمەڵگای ترادیسیۆنیدا بەشەكان بەهۆی بەهاكان و بیروباوەڕی هاوبەش و یەكسانییەوە یەكڕیز و بەردەوام دەبن  كە بە ڕای دۆركهایم ویژدانی دەستەجەمعی پێكدەهێنێت. هەڵبەتە هیچ كۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای لێكچوونی تەواو یان جیاوازیی ڕەها نەوەستاوە، بەڵكو مەبەستی دۆركهایم خستنەڕووی جۆرە نموونەییەكانی كۆمەڵگایە.

یەكڕیزیی ئەندامی لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەرامبەری بەشەكانە بەشێوەیەكی كرداری. لەگەڵ پەرەسەندنی دابەشكردنی كاری كۆمەڵایەتیدا، جۆری یەكڕیزی و پەیوەندی كۆمەڵایەتی و ئاكاریی خەڵك دەگۆڕێت. بەم پێیە لە كۆمەڵگای مۆدێرندا دەبێت چاوەڕوانی جۆرێكی دیكەی یەكڕیزی بین كە لە بنەڕەتدا

لەگەڵ لێکچوونی ترادیسیۆنیدا جیاوازە. لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا دەبێت بیر لە چەمکی مۆدێرن و عەمەلی بکرێتەوە.

هەرچەندە شارستانییەت و کەلتور بەرەو پێشەوە بچن پێویستیی یەکڕیزیی کرداری و ئەندامی زیاتر دەبێت. لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا پاراستنی یەکڕیزیی ترادیسیۆنی ئاسایی پێویستی بە پەنابردنە بەر یاسای سەرکوتکەرانە و یەکسانی دروستکەرە، لەکاتێکدا لەگەڵ پەرەسەندنی یەکڕیزیی ئەندامیدا، ئەم یاسایانە جێگای خۆیان بۆ یاسای دابینکردنی مافی تاک و گرووپ چۆڵ دەکات.

یەکڕیی ئەندامی و کرداری بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو گرووپەکاندا روودەدات، لە کاتێکدا یەکڕیزیی میکانیکی و کەلتوری لەناو رەگەزە کەلتوری و مەزهەبییەکاندا دروست دەبێت. لێرەوە لەو سێ جۆرە سەرەکییەی یەکڕیزی دەکۆڵینەوە کە لەناو یەکڕیزیی نیشتمانیدا کۆدەبنەوە:

> **لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بێتوانایی دام و دەزگاکانی فێرکردندا کێشەی زۆر دێتە سەر رێی ئاوێتەبوونی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی لای تاک و ئەمەش خۆی لە خۆیدا قەیرانی یەکڕیزی زیاد دەکات.**

***یەکڕیزیی رێسایی (نۆرمی):**

یەکڕیزیی رێسایی بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی تالکۆت پارسۆنز (Talcott Parsonz) کۆمەڵناسی ئەمریکیدا باسکراوە. یەکڕیزیی نۆرمی کاتێک پەیدا دەبێت کە رەگەزە سەرەکییەکانی سیستەمی کەلتوری یانی بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگا لە پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بکرێنە بنەما.

هەروەکو دەبینین یەکێک لە رەگەزەکانی قەیرانی یەکڕیزیی نیشتمانی، ئەو ماوە زۆرەیە کە لە نێوان بەها شکڵییەکان و کرداری کۆمەڵایەتیدا دروست بووە. قەیرانی یەکڕیزی لەم بارەیەوە بە مانای لە دەستدانی پەیوەندی ئەندامییە لە نێوان ئاست و قووڵایی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. یەکڕیزیی نۆرمی هەم لەسەر ئاستی گشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و هەم

لەسەر ئاستی سیستەمە لاوەکییەکان باس دەکرێت. ئەم چەمکە دەتوانرێت لەسەر ئاستی بەهاکان و کرداری هەر گروپێک (بۆ نموونە رۆشنبیران) و هەر دەزگایەکی کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە زانکۆ یان حکومەت) لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بێتوانایی دام و دەزگاکانی فێرکردندا کێشەی زۆر دێتە سەر رێی ئاوێتەبوونی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی لای تاک و ئەمەش خۆی لە خۆیدا قەیرانی یەکڕیزی زیاد دەکات.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەرنامەی سیاسی لە یەکڕیزیی نیشتمانیدا هەوڵدانە بۆ نزیککردنەوەی شێوازە رەسمی و کرداری و واقیعییەکان. لاوازیی دەسەڵات و گوتار دەبێتە هۆی پەیڕەویکردنی شێوازی کرداری باو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا قەیرانی یەکڕیزی زیاد دەکات، لە کاتێکدا کە بەهێزی گوتار دەبێتە هۆی پەیڕەویکردنی زیاتری کردار لە جیاتی شێواز. بەپێی لێکۆڵینەوەکان یەکڕیزی رێسایی لەگەڵ سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەردەوامیی سیستەمی کۆمەڵایەتی و مانادارییی ژیان پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە.

***یەکڕیزیی کرداری:**

بەرهەمی کرداری پۆزەتیڤ یان جێبەجێکردنی ئیشە تایبەتەکانی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە. لە ئەنجامدا بەشەکان لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی بەرامبەر و تەواوکەر پەیدا دەکەن، رۆڵ و رێکخراو و گروپەکان و رەگەزەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگەنە هاوسەنگیی بەرامبەر. یەکڕیزیی کرداری گرنگترین شێوەی یەکڕیزییە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکاندا و لە بنیچینەدا لەسەر بنەمای نموونەی بازاڕ یان کاردانەوەی عەقڵانی رووە و ئامانج بنیاتنراوە. لەم سیستەمەدا ئاستی پسپۆڕی و ئاستی یەکڕیزیی بەرامبەر زیاد دەکات. لاوازی یان بەهێزی ئەم جۆرە یەکڕیزییە لە سەراپای سیستەمەکەدا وەک یەک نییە. لە هەمانکاتدا یەکڕیزیی کرداری پێویستی بە ئاستی سەربەخۆیی نیسبی هەیە سەبارەت بە بەشەکان یان سیستەمە لاوەکییەکان. کەواتە یەکڕیزیی کرداری پێویستی بە وابەستەیی و سەربەخۆیی هەردوولایە. ئەگەر میکانیزمی پێویست بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیسبی بەشەکان لە ئاردا نەبێت ئەگەری ململانێ و زیان گەیاندن بە یەکڕیزیی گشتی زیاد دەکات. هەروەکو پێشان

ئاماژەمان بۆ کرد یەکڕیزیی کرداری لە روانگەی ئیمیل دۆرکهایمەوە هەمان یەکڕیزیی ئەندامییە.

یەکڕیزیی کرداری و ئەندامی لە بنچینەدا لە سیستەمی ئابووریدا یانی ئەو ڕێسایانەی پەیوەندیان بە موڵکایەتییەوە هەیە و لە پەیوەندییەکانی بازاڕ و ئەو شتانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە کاتێکدا کە یەکڕیزیی میکانیکی و کەلتوری لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بەرهەمی کرداری حکومەتە. لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی مۆدێرندا پێویستی بە یەکڕیزیی میکانیکی و لێکچوون کەم دەبێتەوە.

***یەکڕیزیی پەیوەندی:**

لەو روانگەیەوە کە پەیوەندی و راگەیاندنەکان رۆڵی سەرەکیان هەیە لە گەیشتن بە یەکێتی و یەکڕیزی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا. یەکڕیزی تەنیا بەهۆی بەها هاوبەشە کەلتورییەکان و ئەو دامودەزگایانەوە کە پشتیوانیان لێدەکەن، نایەتە دی، بەڵکو ئەو بەهایانە و ئەو ڕێسا و دامودەگایانە دەبێت بکەونە ناو تۆڕی پەیوەندییە فراوانەکانەوە.

لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان یان لەو کۆمەڵگایانەی کە لە حاڵەتی نوێگەریدان و ناوەند و پەراوێزیان هەیە، یەکێک لە مەیدانەکانی لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی یان لاوازیی یەکڕیزی لەو تەوەرەوە سەرهەڵدەدات. یەکڕیزی لە سەردەمی نوێدا بەبێ بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی لەسەر ئاستێکی فراوان بەدینایەت. لەناو هۆکارە تازەکانی پەیوەندیدا، رای گشتیی ڕێکخراو و یەکڕیزیی نیشتمانی و پەیوەندیی نزیک هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا رۆڵی هۆکارەکانی پەیوەندی لە دروستبوون و گەشەکردنی یەکڕیزیی نیشتمانیدا دەبێت لەبەر رۆشنایی جیاوازی نێوان یەکڕیزیی میکانیکی و یەکڕیزیی لێکچوون و یەکڕیزیی کرداری و یەکڕیزیی ئەندامیدا لەبەرچاو بگیرێت.

لە نێوان یەکڕیزیی پەیوەندی و یەکڕیزیی کرداریدا پەیوەندییەکی بنچینەیی هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە


> **لێکۆڵینەوەی یەکڕیزیی کرداری بوارێکی فراوانتر لە چالاکییەکان لەخۆدەگرێت**

چەمکی یەکڕیزیی پەیوەندی لە نێوان دوو چەمکی یەکڕیزیی ڕێسایی و یەکڕیزیی کرداریدا پەیوەندی دروست دەکات و یەکیان دەخات. لەگەڵ ئەوەشدا بە رای هەندێک لە تیۆریسینان یەکڕیزیی پەیوەندی لاوەکییە و یەکڕیزیی میکانیکی لەسەر یەکڕیزیی کرداری وەستاوە. پەرەسەندنی یەکڕیزیی کرداری لە رووی پەرەپێدانی سیاسییەوە، دەبێتە هۆی زیادبوونی کارایی لە مەیدانی پرۆسەی بڕیارداندا.

هەروەها لە باسی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی یەکڕیزیدا، بەڵگەی سەرەکی ئەوەیە کە یەکڕیزیی پەیوەندی لەگەڵ یەکڕیزیی ڕێساییدا کەمتر بۆ یەک پێویستن. ئانۆمی (Aanomi) لە تیۆری دۆرکهایمدا بۆ خۆی یەکێکە لە ئەنجامەکانی لاوازیی لە یەکڕیزی پەیوەندیدا.

***دەوڵەت و یەکڕیزیی نیشتمانی:**

دام و دەزگاکانی حکومەت لە رووی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییەوە لە بنچینەدا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دروستکردن و پاراستنی یەکڕیزی لەسەر ئاستە جیاوازەکان. یەکڕیزی خۆی لە خۆیدا بەرهەمی پێکهاتەی دەسەڵاتە. لە نێوان



تۆماس هۆبز

یەکڕیزی و بینای دەوڵەتی مۆدێرندا پەیوەندییەکی نزیک هەیە.

دەوڵەتی مۆدێرن لە سەرهەڵدانی ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەدا وەکو چوارچێوەی یەکڕیزی لە سەردەمی نوێدا رۆڵێکی بنچینەیی هەبووە. پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن لە هەموو شوێنێک، کۆمەڵێک ناسنامەی کۆمەڵایەتیی پەراگەندەی مۆزایک ئاسا هەبوون. لەبەر کۆمەڵێک هۆکار دەوڵەتە تەقلیدییەکان خەمی دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵگایەکی یەکسانیان نەبوو، بەڵام دەوڵەتی مۆدێرن بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی لە رەوتی نوێگەری و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، پێویسی بە

پێناسەی دەستوپێوەند و کۆمەڵگای ملکەچی خۆی هەبوو بەپێی ئامانجە هاوبەشەکان. لەم رووەوە بەپێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونە باوانەوە کە دروستبوونی ناسنامەی نیشتمانی لە سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا بە کاریگەر دەزانن، پێکهاتەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرن خۆی لە خۆیدا لە پێکهاتن و دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن و نەتەوەدا وەکو چوارچێوەی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی نوێدا رۆڵی سەرەکی بینی.

لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمی ئەمڕۆشدا بەپێی هەمان هۆکار دەبێت لە لاوازیی بینای دەوڵەتی مۆدێرن و دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتانەدا بۆ هۆکاری بنەڕەتی لاوازیی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بگەڕێین. بەهێزکردنی بینای دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بەهێزکردنی بنەمای یەکڕیزیی کۆمەڵایەتییە. لە ئەدەبیاتی زانستە سیاسییەکاندا کۆمەڵێک سیاسەتی هاوسۆز لەگەڵ دروستکردن و بەهێزکردنی یەکڕیزیی نیشتمانیدا، وەک نەتەوەسازی دەناسێنرێن. ئاسانترین جۆری نەتەوەسازی دەبێتە هۆی دروستبوونی دام و دەزگای نیشتمانیی هاوبەشی پەیوەندییەکان و



تالکۆت پارسۆنز

دام و دەزگای یەکێتیی نیشتمانی. مەسەلەی دروستکردن و بەهێزکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە دوای نەمانی ئیمپریالیزم هاتۆتە ئاراوە و بە مەرجی سەرەکی نوێگەری و پەرەپێدانی ئابووری لە قەڵەم درا.

لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانای مۆدێرن یەکەی سەرەکی ژیان و مەسەلە سیاسییەکانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەهێزکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی مەرجی بەهێزکردنی دەوڵەتانە لەو مەسەلانەدا. یەکێک لە کێشەکانی یەکڕیزیی نیشتمانی لە هەندێک وڵاتی جیهانی سێ لە دوای شۆڕش، فەرامۆشکردنی ناسنامە و یەکڕیزیی

نیشتمانی بووە لە بەرامبەر جۆرێک لە یەکڕیزیی ئایدیۆلۆجیدا کە قابیلی پەرەسەندن نەبووە. بەپێچەوانەی ئەمەوە سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسا، نیشتمانپەروەری بوو بە سیمبولی یەکێتی و پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و لە ڕێگەی جیاوازەوە بەهێز و تۆکمە کرا.

لە ئەدەبیاتی پەرەپێدانی سیاسیدا، نەتەوەسازی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت:

**یەکەم/** سەقامگیربوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سنووری وڵاتێکی دیاریکراودا.

**دووەم/** یەکسانی کەلتوری لە ڕێگەی دام و دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردنەوە.

**سێیەم/** هاندانی بەشداریی گشتی لە سیاسەتدا.

**چوارەم/** بەهێزکردنی ناسنامە و یەکڕیزیی نیشتمانی لە ڕێگەی سیاسەتی گەیاندنی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەوە.

**نەتەوەسازی بەم مانایە دوو ڕەهەندی هەیە:**

**یەکەم/** فراوانکردنی توانای گشتی دەوڵەت.

**دووەم/** فراوانکردنی مافی مەدەنیی هاووڵاتیان.

چەمکی هاووڵاتی و هاووڵاتیبوون وەکو یەک بنەمای ناسنامە لە چوارچێوەی نەتەوە و یەکڕیزیی نیشتمانیدا گرنگترین چەمکە لەم نێوانەدا و ڕەگەزە پەڕاگەندە و جیاوازەکان یەکدەخات. ئەم چەمکە لە هەندێک وڵات بەهۆی ئایدیۆلۆجیاوە زیانی بەرکەتووە، یەکێک لە مەرجە پێویستەکان بۆ زیادکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لێکۆڵینەوەی پێویستە لەم بوارەدا.

لێکۆڵینەوەی ئاستی یەکڕیزیی ڕێسایی لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگا لە ئەولەویەتدایە. ئەم لێکۆڵینەوەیە

> **لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمی ئەمڕۆشدا بەپێی هەمان هۆکار دەبێت لە لاوازیی بینای دەوڵەتی مۆدێرن و دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتانەدا بۆ هۆکاری بنەڕەتی لاوازیی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بگەڕێین**

دەکرێت بەشێوەی پراکتیکی لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکان، شارەکان، گرووپە تەقلیدییەکان، پیاوان و ژنان و گرووپەکانی تر یان کەمایەتییە جیاوازە کەلتورییەکاندا بکرێت. هەمیشە دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە یەکڕیزیش وەکو باقی گۆتە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەیەکە لە گۆڕاندایە و گەلێک فاکتەری جیاواز لە بەهێزکردن و لاوازکردنیدا ڕۆڵ دەبینن. سیما سەرەکییەکان بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەم بابەتە بریتییە لە یاخیبوونی مەدەنی، ئیلتیزامی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تاوانکاری و کۆچ، لە پەراوێزی ئەمانەشدا گەشەکردنی گروپە فیکری و کەلتورییەکان و هتد.

لێکۆڵینەوەی یەکڕیزیی کرداری بوارێکی فراوانتر لە چالاکییەکان لەخۆدەگرێت. یەکڕیزیی کرداری پێویستی بە سەقامگیری دام و دەزگا و ڕوانینی بەهێزە بۆ جێبەجێکردنی کاری تایبەتی بنەڕەتی دام و دەزگا جیاوازەکان بە تایبەتی دام و دەزگا سیاسییەکان. خاسیەتی گرنگ لەم بارەیەوە ئاستی پێکادان یان هاوکاری نێوان بەشەکان و هێزە جیاوازەکانی حکومەت، ناکۆکی و ئیلتیزامی سیاسی، متمانەی بەرامبەر، یەکێتی یان فرەلایەنییە لە سیستەمی ڕەوایی دەسەڵات و هتد. لێکۆڵینەوەی درزە جیاوازە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وەکو کۆسپی یەکڕیزی لەم بوارەدا گرنگی هەیە و لە ئەولەویەتدایە.

کارایی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی کارە تایبەتە بنەڕەتییەکانی خۆیدا وەکو (وەرگرتنی پەیامەکان، بڕیاردانی عەقڵانی، کۆکردنەوەی بەرژەوەندی و ئارەزووە جیاوازەکان، پیادەکردنی سیاسەتە بڕیارلێدراوەکان) بە گرنگترین فاکتەری یەکڕیزیی کرداری لە قەڵەم دەدرێن. لە لێکۆڵینەوەی یەکڕیزی پەیوەندیدا ئەم خاسیەتە سەرەکیانەی خوارەوە دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

ئاستی کرانەوەی شێوازەکانی پەیوەندی، ئاستی دروستبوونی ڕای گشتی وەکو هێزێکی سەربەخۆ، ئاستی پەرەپێدانی مەیدانی گشتی و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

**سەرنج:** بەشێکی ئەم بابەتە تایبەت بوو بە ئێران، لەبەرئەوەی لە سیاقی دیباچەکە دەرچووبوو، بە پێویستمان نەزانی تەرجەمەی بکەین.

**سەرچاوە:** انجمن جامعه شناسی ایران.

لێکۆڵینەوە

# یەکڕیزیی نیشتمانی



شوان عەبدوڵڵا

## پێناسەی یەکڕیزیی نیشتمانی

* دەتوانین بڵێین یەکڕیزیی نیشتمانی مەسەلەیەکی سیاسی، سەربازی، ئەمنی، ئابووری، کۆمەڵایەتییە لە وڵاتدا یەکێتی هێزە لە نێوان تاکەکانی نەتەوە و خاکەکەیدا، پاڵپشت بە مێژووی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش و زمان و کەلتور و شارستانی هاوبەش.

* یەکڕیزیی نیشتمانی، یەکێتی هەموو چین و تویژەکان نیشان دەدات بۆ ئامانجێک، گەرچی کۆمەڵێک ناکۆکی لە بنەڕەتدا هەن، کە یەک چارەنووسیان هەیە لەسەر یەک زەوی و لە ژێر یەک ئاسماندا دەژین.

* کەواتە یەکڕیزیی نیشتمانی ڕێگەیەکی پێویستە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو کێشە و ململانێیانەی هەن لە کۆمەڵگا و نەهێشتنی دڵەڕاوکێیە لە دژایەتی داگیرکەر.

* یەکڕیزیی نیشتمانی پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر ڕێزگرتنی یەکتری و وازهێنان لە تۆڵەکردنەوە، کە جۆرێک لە یەکسانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

* یەکڕیزیی نیشتمانی بۆ گەلێکی دابەشکراو پێداویستییەکی (حەتمییە) و بناغەیە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی خاک و وڵات، ئەگەر بۆ گەلێکی رزگارکراو جارێک پێویست بێت، بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوا بۆ گەلێکی ژێردەست و داگیرکراو چەند جارێک یەکڕیزیی نیشتمانی پێویستە بۆ چارەسەری ناکۆکییە ناوخۆییەکان و رزگارکردنی خاک و بنیاتنانی دەوڵەتێکی نیشتمانی.

یەکڕیزیی نیشتمانی بریتییە: لە خۆشەویستی و دڵسۆزی تاک بۆ نیشتمانەکەی کە دەبێت پەیوەست بێت بە خاک و خۆشەویستی بۆ خەڵک و ئاو و هەوای وڵات، دەبێت شانازی بە مێژوو و کەلتورەکەیەوە بکات و دوو دڵ نەبێت لە پێشکەشکردنی خزمەت و قوربانی بە خاک و نیشتمانەکەی.

* هەروەها یەکڕیزیی نیشتمانی:
ستراتیج و ڕێگەیەکە بۆ ڕۆڵەکانی گەل، کە خۆشەویستی نیشتمان و گەل بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هۆیەکی بنەڕەتییە بۆ سەرخستن و بنیاتنانەوەی.

هەروەها یەکگرتنی هەموو کۆمەڵگایەکە بە هەموو جیاوازییە فکری و ئایدۆلۆژییەکانیشیانەوە.
یەکڕیزیی پایەیەکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت.

## گرنگییەکانی یەکڕیزیی نیشتمانی

یەکڕیزیی لە نێوان هێز و لایەن و ڕۆڵەکانی نیشتمان و وەستانیان لە

پشتی یەکتری، هێزێکی گەورەی لە بن نەهاتوویان دەداتێ بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنان و داگیرکەران، پارێزگاری کردنی خۆیان و نیشتمانیان لە ناحەزان و دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە، هەروەها بۆ کارکردن و بەرهەمهێنان و ئاوەدانی و پێشکەوتن.

* بە یەکرێزیی، ناکۆکی و کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ کەم دەکرێنەوە، ئەو کێشە ناوخۆییانە زیانێکی گەورەی ئابووری و ئەمنی و سەربازی، بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن. بەڵام بەهۆی یەکڕیزیی نیشتمانییەوە دەتوانن خاک و نیشتمان لەو ماڵوێرانییە رزگار بکەن و گەشە بە بوارەکانی ئابووری و سەربازی و ئەمنی بدەن، دەتوانن لەم رێگایەوە دژی گەندەڵیی و فەسادی ئیداری بوەستن.

* لە رێگەی یەکڕیزیی نیشتمانییەوە دەتوانن بەشداری بکەن لە بوژاندنەوەی هەموو جومگە هەستیارەکان و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی ناوچە دوورەدەستەکان و وێرانکراوەکان.

لەم ئەرکە نیشتمانییەدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەشدار دەبن لە بنیاتنان و دروستکردنەوەی وڵاتدا.

* بۆ کورد یەکڕیزیی نیشتمانی دەتوانێ ناوچە داگیرکراوەکان رزگار بکات، کە مەزەندە دەکرێت لەو خاکەی کە ئێستا



شێخ سەعیدی پیران

بەدەستمانەوەیە زیاتر بێت، ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر گەشەکردنی بوارەکانی سەربازی و ئابووری، بە تایبەت زیادبوونی خاکەکەمان و ژمارەی دانیشتوانەکەی دەتوانرێت زۆر مەسەلەی چارەنووسساز بەلادا بخات، کە چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینین.

## ئامانجەکانی یەکڕیزیی نیشتمانی

1- پاراستنی خاک و یەکڕیزیی لە دوژمنانی دەرەکی و لە داگیرکەران، لە کۆنەپەرستانی ناوخۆ.

2- دروستبوونی هێزی سەربازی نیشتمانی.

3- دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لە کۆمەڵگەدا.

4- دابینکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و

**خێزان گرنگترین دەزگای کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە کە بتوانێت تاک بە باشی پەروەردە بکات لەسەر کۆمەڵێک بنەما و ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی بە باشی فێر بکات.**

دروستکردنی کەش و هەوایەکی دوور لە توندوتیژی دیالۆگی نیشتمانی.

5- پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی ئابووری.

6- گەشەکردنی فکری و دەوڵەتی.

7- کامڵبوونی هەستی نەتەوایەتی میللەتی کورد.

8- ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ.

9- کەمبوونەوەی هەژاری و نەبوونی.

10- سەروەریی یاسا و دادگاییکردنی گەندەڵ و گەندەڵکاران.

11- دادگەری کۆمەڵایەتی.

12- دەستەبەرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بێکاری.

13- دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ سەرجەم چین و توێژەکان.

14- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

15- زیادکردنی جێگا گەشتوگوزارییەکان.

16- یاسا سەروەر دەبێت، کەرامەتی تاک پارێزراو دەبێت.

### ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دروستبوونی یەکڕیزیی نیشتمانی

1- خێزان.

2- ئاین.

3- راگەیاندن.

4- پەروەردە.

5- گفتوگۆی نیشتمانی لایەنە سیاسییەکان (دیالۆگ).

1- **خێزان:** خێزان گرنگترین دەزگای کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە کە بتوانێت تاک بە باشی پەروەردە بکات لەسەر کۆمەڵێک بنەما و ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی بە باشی فێر بکات. تاک لە خێزانەوە ئەلف و بێی خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان فێر دەبێت، هەروەها لە خێزانەوە فێری بنەماکانی داب و نەریتی گشتی دەبێت، هەر لە خێزانەوە فێر دەبێت شانازی بە خاک و نیشتمان و نەتەوەکەیەوە بکات، هەروەها لە خێزانەوە فێری فیداکاریی و خۆبەختکردن دەبێت بۆ خاک و نیشتمان.

**2- ئاین:** بەداخەوە دوژمنانی کورد (تورک و فارس و عەرەب ) بە درێژایی مێژوو سوودیان لە دین وەرگرتووە، کە توانیویانە چەندین ناوچە داگیربکەن، بە ناوی دینەوە سوود لە خاک و خەڵکەکەمان وەربگرن بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی بکەن و سەروەت و سامانیشمان تالان بکەن، کە کورد یەکێکە لەو میللەتانەی قوربانی دوژمنانیەتی کە زۆرترین ماوە بە ناوی دینەوە داگیرکراوە، هەروەها زۆربەی نەتەوەکانی دنیا توانیویانە سوود لە دینەکان وەربگرن بۆ یەکڕیزیی و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییان، بەڵام هەڵسوڕاوانی کورد نەیانتوانیوە سوود لە دین وەربگرن بۆ یەکخستن و یەکڕیزیی نەتەوە و خاک، بۆیە ئێستا کۆمەڵێک پیاوانی دینی نیشتمانپەروەر و خاکپەروەر هەن کە دەتوانن لە ڕێگای دینەوە هانی خەڵکی کوردستان بدەن بۆ یەکڕیزیی نیشتمانی و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییە لاوەکییەکان لە ڕێگای ئەو ئایەت و فەرموودانەوە کە هەن و باس لە یەکڕیزیی دەکەن. لەسەر پیاوانی ئاینییە ئەم ڕۆڵە نیشتمانییە ببینن و بتوانن خزمەتێکی گەورەی نیشتمانی خۆیان بکەن، چونکە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی ئاینییە و زیاتر زانیارییەکان لە شوێنە ئاینییەکانەوە وەردەگرن و بڕوای تەواویان بەو وتارانە هەیە کە مامۆستا ئاینییەکان لە ڕۆژانی هەینی و بۆنە ئاینییەکاندا پێشکەشی دەکەن. ئاین و ڕۆڵی مامۆستای ئاینی بە یەکێک لە هۆکارەکانی دروست بوونی یەکڕیزیی دادەنرێت.

**3- راگەیاندن:** دیارە مەبەست لە راگەیاندن هەموو هۆکارەکانی راگەیاندنە بە بیستن و بینین و ... هتد. راگەیاندن دەورێکی گەورەی هەیە لە دروستبوون و بڵاوبوونەوەی فکری یەکڕیزیی و ئاراستەکردنی کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەتی لاوان بۆ یەکڕیزیی نیشتمانی هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دوورخستنەوەی ناکۆکییە لاوەکییەکان و دەست خستنە سەر ناکۆکییە سەرەکییەکان و ناساندنی دۆست و دوژمن، خاوکردنەوەی سەرجەم ناکۆکییەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی فکری خۆشەویستی تاک بۆ نیشتمان و خاک. دەتوانرێت لە ڕێگەی راگەیاندنی نیشتمانییەوە بنیاتی تاک و بنیاتی نەتەوە و بنیاتی ئامانجی نەتەوەیی بنرێت بۆ (دەوڵەتی کوردستان ).

**4- پەروەردە:** دیارە پەروەردە هیچی کەمتر نییە (ئەگەر زیاتر نەبێ) لە راگەیاندن، بۆ گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی فکری یەکڕیزیی لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا،

له ڕێگەی ئەو دەزگا فێرکارییانەی کە هەن و پێگەیاندنی گیانی یەکڕیزیی و خۆشەوستی نیشتمان لەناو دڵی سەدان و هەزاران ئەو فێرکارانەی کە هەن. ئەمەش هۆیەکی گرنگ و زانستییە بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی و واقیعی، کە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر کۆمەڵگای کوردی و کەمکردنەوە و کاڵکردنەوەی ئەو ناکۆکییە لاوەکیانەی کە هەن لەناو کۆمەڵگادا. پەروەردەی نیشتمانی یەکێکە لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی دروستبوونی دەوڵەت، دژ بە هەنگاوەکانی دوژمن دەبێت بۆ دووبەرەکی و لێکترازانی کۆمەڵگا و چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە ڕێی دار و دەستەکانیانەوە، یان ڕاستەوخۆ لە لایەن خۆیانەوە (دوژمنان) کە پلانەکانیان جێبەجێ نابێت بەهۆی ئاستی هۆشیاری بەرزی نیشتمانییەوە.

## ڕێگاکانی داگیرکەران بۆ لێکترازانی نیشتمانی

**دوژمن:** وەک داگیرکەرانی کوردستان، جگە لە داگیرکردن و کۆمەڵکوژی خەڵکەکەی و تەفروتوناکردنیان، لە چەند ڕێگەیەکی ترەوە وەک سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە و لەناوبەرە) هەوڵی لێکترازانی ڕیزەکانی کوردی داوە:

**ئەلف-جەنگی دەروونی:**

دیارە دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان بۆ تێکدانی یەکڕیزیی نیشتمانی، دروستکردنی دووبەرەکی و ناوچەگەریی توانیویانە لە ڕێگای (جەنگی دەروونییەوە) سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن بۆ تێکدانی ماڵی کورد و نانەوەی ئاژاوە و شەڕی خۆکوژی (شەڕی ناوخۆ)، ئەویش لە ڕێگای کەناڵە جیاوازەکانیانەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی مەبەستێتی بۆ شێواندنی بیروڕای خەڵک و گەلەکەمان و بڕواپێهێنانیان بەوەی کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و یەکڕیزیی ماڵی کورد کارێکی ئەستەمە، بەداخەوە زۆر جار پارت و سەرکردەی پارتەکانیان بە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە بە تایبەت پارتە عیراقچییەکان، کە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە و هەمیشە بە خەونی شاعیرانە و کۆمەڵێک هۆی لاوازەوە ڕۆڵەکانی کوردیان بە هەڵە بردووە وەک (لاوازی ئابووری و باری کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی و هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیک... هتد ).

جەنگی دەروونیی بریتییە لە بەکارهێنانی دەروونزانی بۆ ڕاژەکردنی جەنگ بە شێوازی (پڕوپاگەندە و واتە وات و هەڵوێستی ئابووری و مناوەراتی سیاسی). دوژمنان توانیویانە لە ڕێگای جەنگی دەروونییەوە:

* گیانی مەعنەوی گەلی کورد تێک بشکێنن و تا رادەیەکیش لەبەریەک هەڵوەشێنن.
* بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی لەناو نەتەوەی کورد بە مەسەلە ستراتیجییە چارەنووسسازەکان، بێ باوەڕی بە دەوڵەتی نەتەوەیی و یەکڕیزیی کورد.
* کاریان کردۆتە سەر بیر و هۆشی تاکەکانی گەلەکەمان تا رادەیەک توانیویانە هەڵوێستیان بگۆڕن بەرامبەر مەسەلە ستراتیجییەکان.
* زۆر بە ئاسانی دەتوانن لە هەر کات و ساتێکدا بیانەوێت دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ لە نێوانماندا دروست بکەن لە ڕێگای پارتەکانەوە.
* دروستکردنی گیانی خۆبەدەستەوەدان لەناو تاکەکانی گەلەکەمان و نۆکەرایەتی بۆ دوژمنان لە لایەن هەندێک پارت و سەرکردە دیارەکانییانەوە.
* دروستکردنی بێ باوەڕی لە نێوان حکومەت و گەلەکەمان تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون لەم خاڵەدا بەهۆی خراپی دەسەڵاتی کوردییەوە، خەڵک گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئاواتەخوازە بە دەسەڵاتی داگیرکەران.
* پشتگیریکردنی ئەو پارت و کەسایەتییانەی کە دژی یەکڕیزیی و دروستبوونی دەوڵەتن.
* دیارە ئامانجی سەرەکی لە جەنگی


شێخ مەحمود حەفید

دەروونیی، هەوڵدانە بۆ گۆڕینی رەوشت و هەڵوێستی تاکەکان و داگیرکردنی بیر و هۆشی کەسەکان (تاکەکانە) بۆ نەهێشتی ئیرادە و توانا و لاوازکردنییەتی بە مەسەلەی یەکڕیزیی و دەوڵەتی کوردستان. لەم جەنگە دەروونییەدا نەتەوەی کورد بە گشتی دەبێتە ئامانجی دوژمنان، هەوڵ دەدات هەموو تاکەکانی نەتەوەکەمان ئاراستە بکات بۆ شەڕێکی لابەلاو درێژخایەن و بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و تێکدانی یەکڕیزیی نیشتمانی.

**ب-بەکارهێنانی ئاین:**

ئایدیۆلۆجیای دین چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە گەشەی هەستی نەتەوەیی لاواز بکات و کۆسپ و تەگەرە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی دروست بکات.

تەنها بۆ کوردستان ئەم لێکدانەوەیە ڕاستە، ئەگەر چاو بە مێژووی بزووتنەوەی گەلاندا بخشێنین دەبینین لە زۆربەی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلاندا ئاین و هەستی نەتەوەیی تێکەڵ کراون و توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن نموونەش زۆرە لە دنیادا. زۆرینەی کورد موسڵمانن هەروەک زۆرینەشیان سەر بە مەزهەبی سونەن، هەرچەندە ژمارەیەک کوردی شیعە و ئێزدی و عەلەوی و کاکەیی هەن.

کورد بە درێژایی مێژووەکەی نەیتوانیوە ئاین وەک چەکێک لە بەرانبەر نەیارەکانیدا بەکاربهێنێت، کورد هەمیشە بە پیرۆزی سەیری ئاینی کردووە و پێی وابووە لادان لە چوارچێوە داخراوەکەی ئاین، کە پێشتر لە لایەن زانا و پێشەوایانی ئاینەوە دانراوە، تاوانە. بۆیە هەموو ئەمانە وای کردووە کە چاکسازیی لە ئایندا لای کورد تاوان بێت و بچێتە خانەی بێ باوەڕییەوە. بۆیە کورد کەوتە ژێر کاریگەری مەزهەبی سوننەوە کە عوسمانییەکان خۆیان بە ڕابەر و پارێزەری دەزانی و ئەو کوردانەشی شیعە مەزهەب بوون کەوتنە ژێر کاریگەری دەوڵەتی شیعە مەزهەبەکانی ئێرانەوە، ئەوانەشی کە موسوڵمان نەبوون کەوتنە نێوان ئەم دوو بەرداشەوە.

ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین لە لایەن عوسمانییەکانەوە ئاین وەک سیاسەت بەکارهێنراوە و لە هەڵگیرسانی هەر شۆڕشێکی کوردا تورکەکان بە حوکمی ئەوەی هاوئاین بوون لەگەڵ کورد، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی خۆیان ئەم هەلەیان دەقۆستەوە و هەوڵیان دەدا بۆ شکست پێهێنانی شۆڕشەکە، لە کاتی شۆڕشەکەی میر (محەمەد)ی میری سۆران، عوسمانییەکان ئەم چەکەیان بەکارهێنا دژ بە میر محەمەدی میری سۆران لە ڕێگەی مەلای (خەتێ) وە توانییان کۆتایی بە شۆڕشەکە بهێنن، هەروەها لە کاتی شەڕی (ڕوس و عوسمانییەکان ) لە ساڵی (1877 بۆ 1878) لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەکی ئاینییەوە توانییان وا لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بکەن بچێتە بەرەی

**کورد نەیتوانیوە ئاین وەک فاکتەرێک بۆ بەرگری و هێرش و خۆسەپاندن بەکاربهێنێت لە کاتێدا فارس و تورک بە هەموو شێوەیەک ئەم کارەیان کردووە**

عوسمانییەکان و شەڕ دژی روسەکان بکات، بەناوی (غەزا)وە وەک ئەرکێکی ئاینی، کە ئەوەش جگە لە هەڵەیەکی گەورە هیچی تر نەبوو بەڵکو بووە هۆی زەرەر و زیانێکی گیانی زۆر بۆ کورد، هێنانی نەهامەتی و برسێتی و دەربەدەری هەروەها لە رێگای چەکی ئاینەوە توانییان لەشکری (سوارەی حەمیدییە) لە (1885) زاینی دروستبکەن، ئەو لەشکرە بەشدار بووە لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان بە ناوی پیشتیوانی کردن لە ئیسلامەوە.

تورکەکان بەهۆی بەکارهێنانی چەکی ئاینەوە توانیویانە سەرجەم شۆڕش و هەوڵەکانی کورد لەناوبەرن وەکو میرنشینەکانی (سۆران و بادینان و بۆتان و بابان) کە دوا میرنشینی کورد بوو ریشەکێشیان کرد.

دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی لەگەڵ داگیرکەری عوسمانی، جارێکی تر (شێخ مەحمودی حەفید) لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ساڵی (1915) زایندا لە ژێر کاریگەری دروشمی (غـەزا)دا هێزێکی زۆری کۆکردەوە چووە پاڵ هێزەکانی سوپای عوسمانی و بەشداری شەڕی (شوعەیبە)ی کرد لە (1915/4/15) زاینی لە باشووری شاری بەسرە کە بە تێکشکاندنی سوپای عوسمانی و هێزەکانی شێخ مەحمود کۆتایی پێهات و هەمان هەڵەی پێشوو دووبارە کرایەوە.

کورد نەیتوانیوە ئاین وەک فاکتەرێک بۆ بەرگری و هێرش و خۆسەپاندن بەکاربهێنێت لە کاتێدا فارس و تورک بە هەموو شێوەیەک ئەم کارەیان کردووە.

لەبەر ئەم هۆیانە :

1- سەرکردایەتییەکی پێشکەوتوو، سەرکردایەتی و رابەرایەتی خەباتی کوردی نەکردووە.

تا رادەیەکی زۆر عەقڵی خێڵەکی و بنەماڵە لەناو سەرکردایەتی و خەباتی کورد باڵادەستە، دەوری شێخ و سەرۆک خێڵ دەبینن لە شکستی خەباتی نەتەوایەتی کوردا.

2- کورد پشت بە هێزی تایبەتی خۆی نابەستێت و زۆر جار پەنا بۆ ئەو دەوڵەتانە دەبات کە سیاسەتی کوشتنی کورد بە دەستی کورد دادەڕێژن.

3- ئەو نەتەوانەی بە پێی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە دابەش و پارچە پارچە دەکرێن تووشی گەورەترین کارەسات و ماڵوێرانی دەبن، راستە کورد ناتوانێ پێش لە هەندێ کارەساتی گەورە و بەکارهێنانی چەکی قورسی کیمیایی و... هتد بگرێت، بەڵام خۆ دەتوانێت نۆکەرایەتی و جاشایەتی بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان نەکات، دەتوانێت لە جیاتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی

شەڕ نەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەتوانین یەکریز بین و بە پێی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد هەڵسوکەوت بکەین.
4- نۆکەرایەتی زۆر لە پارت و سیاسییەکان و شێخ و بنەماڵە خێڵەکییە دەست رۆیشتووەکانی کورد پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە ریگرتن لە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی هەست و بیری نەتەوەیی و یەکڕیزیی نیشتمانی.
کاتێک حیزبێک یان بنەماڵەیەکی خێڵەکی بەهێز و باڵادەست دەبێتە بەکرێگیراوی گەورە، داروخان و نەمانی هێزی (خۆی) رادەگەیەنێ بە واتایەکی تر گۆڕی خۆی بە دەستی خۆی هەڵدەکەنێ، کە ئەرکی سەرشانی بوو بەرگری و پشتگیری لە هەست و نەستی نەتەوەیی و یەکڕیزیی و نیشتمانپەروەری بکردایە.
5- ئاین رۆڵی خراپی بینیوە لە دروست نەبوونی یەکڕیزیی و ترازانی کورد و دروست نەبوونی دەوڵەت. ئەو لێکدانەوەیەی بۆ رۆڵی خراپ بەکارهێنانی ئاین کراوە، هەمان لێکدانەوە دروستە بۆ زۆرێک لە وڵاتانی سۆشیالیست و چەپ و مارکسی و کۆمۆنیستەکانی کوردیش.
هەروەها هیچ کام لە وڵاتانی بە ناو سۆشیالیست وەک یەکێتی سۆڤیەت، چین و ئەلبانیا و ئەورووپای رۆژهەڵات بە پێی پرەنسیپەکانی مافی بڕیاردانی چارەی



هۆشی مینە

خۆنووسینی گەلان نەک پشتگیریان لە شۆڕشەکانی رزگاریخوازی گەلی کورد نەکرد، بەڵکو بە بەرچاویانەوە کوردستان دابەش و پارچە پارچە کرا، کە لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی جیهان بوو، ورتەیان لێوەنەهات و بگرە لە زۆر قۆناغدا پشتگیری رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانیان کردووە، تەنانەت لە جینۆسایدی کوردیشدا، نەک هیچ هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان نەبووە، بەڵکو ئەوە پیاوکوژەکانی بەعس بوون لەسەر دەستی زانا و پسپۆرە روسەکان فێری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایەلۆجی کران، لەبەر ئەوە چاوەڕێی هەڵوێستی باشیش لە چەپ و مارکسی و کۆمۆنیستە کوردەکان ناکرێت، لەبەرئەوەی لە هەندێ

قۆناغی مێژوودا لە بەرەی داگیرکەران بوون و رۆڵی خراپیان بینیوە لە لێکترازاندنی ریزەکانی گەلی کوردستان. بێگومان نموونەش زۆرە.

**ج-ئابووری:**

ئابووری بە پڕ بایەخترین فاکتەر دادەنرێت بۆ یەکڕیزیی و سەرکەوتن و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و گرتنە دەستی دەسەڵات.

کوردستان سەرەڕای ئەوەی ناوچەیەکی جوگرافی زۆر گرنگە لە رووی ئابوورییەوە زۆرترین کانزا و بەرهەمە سروشتییەکانی تێدایە، بەڵام لە لایەن کوردەوە سوودی لێ نەبینراوە، چونکە ئابووری کوردستان بە زۆری کشتوکاڵی بووە، بۆیە ئابوورییە سروشتییەکەی سست بووە لە پەنا ئەمەدا کاری بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتی کردووە، بۆیە ئابووری بەهێز لە کوردستاندا نەبووە. هۆکاری سەرەکی کە بووەتە هۆی لاوازی و دارمانی ئابووری کوردستان ئەوە بووە کە لە سەدەکانی رابردوودا تەنها بەشی کاولکاری و وێرانکاری بووە، سنوورەکانی کوردستان هەمیشە بوونەتە جێگای کێشە رامیاری و جەنگییەکانی وڵاتان، ناوچەکانی کوردستان بۆتە شانۆی شەڕی بەردەوامی نێوان وڵاتە دراوسێکان.

وڵاتە داگیرکەرەکان بە توندی دەستیان گرتووە بەسەر داهاتی کوردستاندا، بوار بە پێکهێنانی سەرمایە نەدراوە. هەروەها بەردەوام کوردستان لەژێر گەمارۆی ئابووری دوژمنان بووە زۆرترین فشاری ئابوورییان بۆ کورد هێناوە. دوژمنان توانیویانە ئابووری وەک چەکێک بۆ لێکترازاندنی ریزەکانی کورد بەکاربهێنن. هیچ حکومەتێک هەوڵی پێشخشتنی ئابووری کوردستانی نەداوە لەبەرئەوە بە فەرامۆشکراوی ماوەتەوە.

دەسەڵاتی کوردیش لە باشووری کوردستان لەبەر گەندەڵیی و و ململانێی حیزبایەتی و بنەماڵەیی و سیاسەتی چەوتی ئابووری سەربەخۆ، نەک نەیان توانی گەشە بە ئابووری کوردستان بدەن، بەڵکو ئەوەشی هەبوو بەرەو دارمانیان برد و دواجار چوونەوە باوەشی بەغدا.

> **ئەو نەتەوانەی دەبنە ئامانجی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) رووبەڕووی گەورەترین نەهامەتی و کارەسات دەبنەوە**

**د-هەستی نەتەوایەتی:**

ئەوەی کە مرۆڤ بە نەتەوەوە دەبەستێتەوە، سەرەڕای هۆکارە سروشتییەکانی نەتەوەبوون، کە بەندن بە مانەوەی گەل و نەتەوەوە (زمان، خاک، کەلتور، ئاینی هاوبەش ) بە بێ هێز و ئیرادەی گەل ناتوانن دەورێکی کاریگەر ببینن لەسەر بوون و مانەوەی نەتەوە، کۆکردنەوەی هەموو ئەم پێکهێنەرانە لە مرۆڤەکاندا مانا و هێز پەیدا دەکات، بەمەش دەوترێ هەستی نەتەوەییبوون، دیارە ئەم هەستە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتیشدا وجودی هەیە.

هەستی نەتەوایەتی واتە نەتەوەییبوون یان پەیوەست بوون بە نەتەوە و کارکردن بۆ ئامانجەکانی نەتەوە، لە دروستکردنی یەکڕیزیی، سەربەخۆیی لە دەوڵەتی سەربەخۆدا، دروستکردنی ئیدارە و بەڕێوەبردنی خۆ وڵاتی، دروستکردنی ئابووری و ئاوەدانی. هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردا زۆر لاوازە، بیری دەوڵەت و بیری یەکڕیزیی و زانستی سەرکردایەتیکردن و سیاسەت وەک پێویست گەشەی نەکردووە، ئەگەر هەشبێت زیاتر لە ئاستی تاکە کەسیدایە، دیارە گەشەنەکردنی هەستی نەتەوایەتی هۆیەکی ترە بۆ دروست نەبوونی یەکڕیزیی و دەوڵەتی نەتەوەیی دەوڵەت و یەکڕیزیی و هێزی سەربازی کرۆکی هەستی نەتەوەییە.

کۆمەڵێک هۆکاری تریش هەن بۆ دروست نەبوونی هەستی نەتەوایەتی لای کورد و نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

* ئەو نەتەوانەی دەبنە ئامانجی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) ڕووبەڕووی گەورەترین نەهامەتی و کارەسات دەبنەوە لەبەرئەوەی ئەم سیاسەتە فکری نەتەوەیی ئیفلیج دەکات. هەر نەتەوەیەک ئەم گورزە بەهێزەی بەربکەوێت وای لێدێت نەتوانێ هۆشی بێتەوە بەر خۆی.

دیارە کورد و کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئامانجی پارچە پارچە کردن و دابەشکردنی کورستان لە لایەن ئیمپریالیزم و دەست و پێوەندەکانییەوە بەر سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) کەوتووە، دەتوانین بڵێین تاکو ئێستا نەیتوانیوە بە باشی هۆشی بێتەوە بەر خۆی.

* داگیرکردنی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن هەردوو ئیمپراتۆرییەتی (عوسمانی و ئێرانی)یەوە کە خۆیان دواکەوتووبوون بە بەراورد بە شارستانی ئیستیعماری ئەوروپی، بووە هۆی بێهێز بوونی کەلتوری کوردی و دواکەوتنی لە رووی شارستانییەوە، هەروەها نزمی هۆشیاری نەتەوایەتی.

دوای ئەوەی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرا، داگیرکەرانی کوردستان دەستیانکرد بە پاکتاوکردنی نەتەوەیی لەسەر خاکی کوردستان و دوورخستنەوەی دانیشتوانە رەسەنەکەی و هێنانی خەڵکی غەیرە کورد بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە خێر و بێری نەوت و کانزایان زۆرە. یان دروستکردنی پڕۆژەی گەورەی بەنداو (سەد) لەسەر بەشێکی زۆری خاکی کوردستان و راگواستنی دانیشتوانی بۆ ناوچەکانی تری ئەو وڵاتانە. دیارە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە تاکو ئێستا ئەم پڕۆسەیە بەردەوامە و بە قۆناغ جێبەجێ کراوە خەڵکەکەی زۆری ئاوارەی ناوەڕاست و خوارووی عیراق بوون هەندێکیشی لە کوردستان نیشتەجێ بوون  راگواستنیش هۆکارێکە بۆ کزبوونی هەستی نەتەوایەتی.

* گیانی هۆز و خێڵ و تیرەگەریی و ناوچەگەریی لای کورد بۆتە هۆی ئەوەی ئەوەندەی پەیوەستی تیرە و خێڵ و هۆزەکانیان دەبن هێندە پەیوەست نابن بە نەتەوەوە.

* کورد زیاتر پابەند بووە بە ئاینەوە و غەزای کردووە لە پێناوی ئیسلام و ئایندا. دوژمنان هەمیشە هەوڵیان داوە لە رێگەی ئاینەوە بیر و هەستی نەتەوایەتی لاواز بکەن و هەستی نەتەوەیی نەهێڵن.

* نەخوێندەواری و نزمی ئاستی رۆشنبیری لەناو کۆمەڵگەدا یەکێکە لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی بیر و هەستی نەتەوایەتی لە لای کورد، نەبوونی ئەم هەستەش زیانێکی زۆری بە کورد گەیاندووە لە دروست نەبوونی یەکڕیزیی و سەربەخۆیی کوردستاندا.

**هـ- شێوە و باری کۆمەڵایەتی کوردستان:**

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان رۆڵی سەرەکی بینیوە لە دروست نەبوونی یەکڕیزیی نیشتمانی و لێکترازانی ریزەکانی گەلی کورد.

بە حوکمی ئەوەی هەر ناوچەیەک لە کۆمەڵێک خێڵ و هۆز پێکهاتووە و لە هۆزەکانیشدا چەند بنەماڵەیەک دەستیان گرتووە بەسەر ناوچەکاندا و هەر بنەماڵە و خێڵ و هۆزە لە ناوچەی خۆی حکومەتێک بووە و بە چاوی داگیرکاری و دوژمنەوە تەماشای ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیان کردووە، ئەمەش وای کردووە کە بنەماڵە و خێڵ و هۆزە کوردەکان هەمیشە لە کێشە و ململانێی قورسدابن کە ئەمەش بارێکی خراپی لەسەر کورد دروست کردووە، چونکە ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ یەک نەگرتن و دروست نەبوونی یەکڕیزیی نیشتمانی، دوژمنان هەمیشە لەم بۆشاییەوە توانیویانە فیتنە و ئاشووب لە

> **پێویستە لەپێناوی دروستبوونی یەکڕیزیدا گەشە بە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری بدرێت، پێویستە لایەنەکانی بیرو باوەڕ و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕدرێن.**

نێو کوردا دروست بکەن و ریزەکانی لێک بترازێنن، نەهێڵن یان دووریان بخەنەوە لە ئامانجە سەرەکییەکان و سەربەخۆیی و دروست بوونی دەوڵەت.

بۆیە پێویستە لەپێناوی دروستبوونی یەکڕیزیدا گەشە بە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری بدرێت، پێویستە لایەنەکانی بیرو باوەڕ و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕدرێن.

**و-رۆڵی کەسی یەکەم**

**لە سەرکردایەتی کورد و شۆڕشەکاندا:**

دیارە مەبەست لەو سەرکردانەیە کە ئەرکی رێکخستن و شۆڕش و راپەڕین و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کوردیان گرتۆتە ئەستۆ، بەداخەوە یەکێک لە زەقترین هۆکارەکانی دروست نەبوونی یەکڕیزیی و لێکترازان لەم قۆناغە و لە رابردووشدا دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵ و کەسایەتی سەرکردەکان کە سەرکردایەتی بزووتنەوەکانیان کردووە، هەرچەندە هەموو بزووتنەوەکان لە دژی داگیرکەرانی کوردستاندا بوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، هەرچەندە زۆر تینووی ئازادی و سەربەخۆیین و چەندین قوربانی گەورەمان بۆ داوە، بەهۆی نەبوونی بیرورای تەواوەتی زۆربەی سەرکردەکان بە مەسەلەی کورد و مەسەلە راستەقینەکەی، کە خۆی لە یەکڕیزیی و سەربەخۆییدا دەبینێتەوە، نەبوونی بەرنامەیەکی درێژخایەن و تۆکمە و خۆشباوەڕییان بە دوژمنان و داگیرکەران، لاوازیی و کورتخایەنییان پێوە دیار بووە. سەرکردە هەبووە لەبەر بەرژەوەندی تەسکی کەسی خۆی و بنەماڵەکەی و ناوچە و خێڵ و حیزبەکەی، یەکڕیزیی و سەربەخۆیی کردۆتە قوربانی. زۆربەی زۆری شۆڕشەکان هێندەی بە ناوخۆوە خەریکبوون و شەڕی یەکتریان کردووە هێندە شەڕی داگیرکەرانیان نەکردووە، بە بێ ئەوەی بیر لە بەرەیەکی نیشتمانی بکەنەوە، کە یەکڕیزیی و سەربەخۆیی تیا بەرجەستە بکەن.

**کەسی یەکەم**

لەبەرنەبوونی دەوڵەت، کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ قۆناغەکانی

پێشکەوتنی گۆڕانی نەبڕیوە، یان بەشێوەیەکی تر هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبێت هەمیشە لە قۆناغەکانی سەرەتاییدایە بە سەرەتایی ژیان دەگوزەرێنێت.

بۆیە هەمیشە کەسی یەکەمی هەندێ لە حیزبەکان نەیان توانیوە لە چوارچێوەی (بنەماڵەیی) و ناوچەیی دەربچن و بەرژەوەندی گشتی بخەنە سەرو بەرژەوەندی خۆ و بنەماڵە و حیزبەکانیانەوە، هەوڵ بدەن بۆ سەربەخۆیی و یەکڕیزیی نیشتمانی.

**جووڵانەوە و شۆڕشەکانی کورد**
**بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیون:**

**قۆناغی یەکەم**

کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکات تا کۆتایی حەفتاکانی هەمان سەدە، گرنگترین راپەڕینەکانی ئەم قۆناغە بریتییە لە راپەڕینەکانی عەبدولڕەحمان پاشای بابان و محەمەد پاشای میری سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان و راپەڕینەکەی یەزدان شێر و لە کۆتاییشدا راپەڕینی عوسمان پاشا و حوسێن پاشای کوڕانی بەدرخان پاشای بۆتان لە ساڵی (1878)دا، هیچ بەرنامەیەکی روون و دیاریکراویان نەبووە و هەروەها لە رووی سەربازیشەوە لە ئاستێکی نزمدا بوون، رێبەرانی ئەم قۆناغە لە رووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە لە ئاستێکی نزمدا بوون هەندێک لە میر و سەردارانی کورد تا رادەیەکی کەم ئاگایان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو سەردەمە بوو (یەزدان شێر) پاڵپشتی وڵاتە زلهێزەکانی بە هەند وەگرتووە بۆ سەرخستنی راپەڕینەکەی هەوڵی داوە پەیوەندی بە روسیای دوژمنی دەوڵەتی عوسمانییەوە بکات، بەڵام هەوڵەکانی لە کات و ساتی خۆیدا نەبوون. رێبەرەکان لە پاڵ دژایەتی داگیرکەردا، هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەلاوە گرنگ بووە و پاراستویانە. گرنگترین سیمای جیاکەرەوەی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە سەرکردایەتی و رێبەرایەتی راپەڕینەکان لەژێر کۆنترۆڵی میر و وەچەکانیاندا بووە هەروەک لە ناوی راپەڕینەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت.

**قۆناغی دووەم:**

لە راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە، ساڵی (1880) دەگرێتەوە تاکو سییەکانی سەدەی بیستەم، لەم قۆناغەدا رێبەرایەتی راپەرین و جووڵانەوەکان لە ئەستۆی پیاوە ئاینییەکان و سەرۆک هۆزەکان بوو کە دەسەڵاتێکی تاکڕەویان لە جووڵانەوەکاندا پیادە دەکرد، وەک (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ

سەعیدی پیران) هەرچەندە لەم قۆناغەدا دروشمی سەربەخۆیی و تەنانەت کوردستانی گەورە بە روونی دەبینرا و بەرزدەکرایەوە.

ڕێبەرانی ئەم قۆناغە تا رادەیەک لە چاو رابەرایەتی قۆناغی یەکەم لە رووی دیپلۆماسییەوە تۆزێک چوبوونە پێشتر، هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکانیان بە گرنگ دەزانی و هەوڵی پەیوەندی و بەدەست هێنانی پاڵپشتیان بۆ بزووتنەوەکەیان دەدا. لەم قۆناغەدا سەرەتاکانی خەباتی رۆشنبیر و سیاسی و رێکخراوەیی دەرکەوت. هەوڵ درا لە پاڵ خەباتی چەکداریدا خەباتی مەدەنی پیادە بکرێت.

**قۆناغی سێیەم:**

لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا لەخۆدەگرێت، لەم قۆناغەدا حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان رێبەرایەتی بزووتنەوەکانیان دەکرد، زۆربەی هێزە نیشتمانییەکان خۆیان لە چوارچێوەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا رێکخست. لەم قۆناغەدا رۆڵی سەرکردە تەقلیدییەکان بەسەر حیزب و رێکخراوەکانەوە هێشتا کاریگەری زۆری هەبوو، هەرچەندە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لێیان کۆبوونەوە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانیی رەنجدەران و چەوساوەکان، لەم قۆناغەدا پەیوەندی دیپلۆماسی تا رادەیەک باش بوو لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکاندا و پاڵپشتی خۆیان بۆ جووڵانەوەی رزگاری نیشتمانی دەربڕی بوو، بەڵام بەهۆی نەشارەزایی سەرکردایەتی زۆر لە حیزبەکانەوە بێ ئاکام دەرچوو، لەم قۆناغەدا ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد وازیان لێهێنراو سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانی گەورە کرایە قوربانی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و کارگێڕییەکی سنووردار.

لەم قۆناغەدا لە باشووری کوردستان. هەندێ لە حیزبەکان بە بنەماڵە کران، دەتوانین بڵێین پاشەکشەیەکی گەورەیان بە حیزبی کوردی کرد دوا نموونەش (بزووتنەوەی گۆڕان) بوو.

کۆمەڵێک هۆکاری تر هەن کە وایان لە سەرکردایەتی دەستڕۆیشتووی هەندێ لە حیزبەکان کردووە، نەک هەوڵی یەکرێزیی نەدەن بەڵکو هۆکار بوون بۆ تێکدان و پەرتەوازەیی کورد و قووڵکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆیی و سیاسی و لاوەکییەکان و وەلانانی ناکۆکییە سەرەکییەکان لەگەڵ دوژمن و داگیرکەر و پشت بەستن بە هێزە دەرەکییەکان و نەبوونی سەرکردایەتییەکی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکان و تێگەیشتن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، ئامانجە سنووردارەکان

هەمیشە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی دەستڕۆیشتووی زۆر لە پارتەکان، ڕێزنەگرتن لە خواست و ئیرادەی هاووڵاتیان، ڕێزنەگرتن لە بیروڕا و پێشێلکردنی یاسا و قۆرغکردنی سامانی وڵات بۆ بەرژەوەندی خێزان و بنەماڵە و خێڵەکەی.

**هۆکارەکانی دەرکەوتن و**
**مانەوەی سەرکردەی دەستڕۆیشتوو**

*** دوژمنی داگیرکەر:**

لەبەرئەوەی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) جێبەجێ دەکەن بۆیە هەمیشە لەم دەرگایەوە کۆمەڵێک دەستکەوتی گەورەیان دەست دەکەوێت ئەویش لە ڕێگەی دار و دەستەکانیانەوە هەوڵ دەدەن سەرکردەی دەستڕۆیشتووی هەندێ لە حیزبەکان (ابراز) بکەن و بیکەنە مەرجەعێکی بێ وێنە لە مێژوودا بە شێوەیەک نمایشی بکەن کە سەرکردەیەکی کەم وێنەیە لە مێژوودا کە دووبارەبوونەوەی نییە لە ئازایەتی و ڕاستگۆیی و زیرەکی و دیپلۆماسیی و سام و شان و شەوکەت. کە ئەمەش وایان لێدەکات بۆ هیچ بڕیارێکی چارەنووسساز نەگەڕێتەوە بۆ کەس و حیزبەکەشیان، هەروەها هەموو دەسەڵاتەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و خێزان و بنەماڵەکەیان بەکاربێنن.

> **لەم قۆناغەدا ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد وازیان لێهێنراو سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانی گەورە کرایە قوربانی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و کارگێڕییەکی سنووردار**

ئێمەی کورد کۆمەڵێک نموونەی زۆرمان هەیە کە دوژمنانی کورد لە ڕێگای کەسی یەکەمەوە چ گورزێکی کوشندەیان لە کورد و بزووتنەوەی کورد داوە کە بۆتە هۆی لەناوبردنی بزووتنەوەکە وماڵوێرانی و قەتڵ و عامی کورد و ڕاگواستن و... هتد.

*** ژینگەی کەسی یەکەم:**

زۆرجار بە کەسانی دووڕوو و ماستاوچی و لاواز لە ڕووی پەروەردەییەوە، شەیدا و عەوداڵی پارە و پاداشت دەورە دراوە. لەبەر بەرژەوەندی و دەستکەوتی پلە و پایەی حکومی حیزبی خۆیان، ئەو دەکەنە سیمبول و مەرجەعی خۆیان و هەموو شتێک لەودا دەبیننەوە، هەرچی سەرکەوتن و دەستکەوتە دەیدەنە پاڵی و شکست و

ژێرکەوتنەکانی تریش بۆ میللەت و کەسانی ناو حیزب و لایەنەکانی تر دەگێڕنەوە، کە ئەمەش وا دەکات کەسی یەکەم دوورەپەرێز بێت و یەکڕیزیی نیشتمانی پەرت بێت، چونکە زۆرجار رکەبەرەکانی خۆی وەکو دوژمن سەیر کردووە.

* بەهۆی ئاست نزمی و لاوازی هەندێک کەسی ناو حیزبەکان و پیرۆزکردنی و وێناکردنی بە مەرجەعێک کە بەهیچ جۆرێک کەم و کوڕی و هەڵەی نییە و کاری نایاسایی ناکات، کەسێکی پاک و دڵسۆز و داوێن پاکە و باوکی هەژارانە و هتد ... هەزاران لەقەبیان بۆ دروست دەکرێت، تەنانەت خێزان و بنەماڵە و دەوروبەرکەشیان پیرۆز دەکەن.

مەسینەهەڵگر و کۆیلە حیزبییەکان و رۆشنبیرە دەستەمۆکانیش دەکەونە زوڕنا و دەهۆڵ لێدان بۆ پشتگیریی و شەڕکردن لەسەریان و چەسپاندنیان وەکو مەرجەع بەهەر نرخێک بێت، تا شەڕی ناوخۆ و هێنانی دەستی داگیرکەر و بێگانە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان، دەرپەڕاندنی نەیارە ناوخۆییەکانیان و خۆسەپاندنی خۆیان بە چەندین سیناریۆ...

**سیفاتەکانی سەرکردە:**

1- دژی داگیرکەر بێت، شارەزایی تەواوی لە زانست و هونەری جەنگدا هەبێت.

2- فکری ستراتیژی دەوڵەتی هەبێت.

3- لەگەڵ یەکڕیزیی نیشتمانی بێت، دژی هەموو دووبەرەکییەک و لێکترازانێک بێت.

4- لەگەڵ دروستکردنی مەرجەع و کەسی یەکەم نەبێت.

5- توانای پاراستنی نهێنییەکانی هەبێت.

6- کاریگەری بەسەر جەماوەری گەلەکەیەوە هەبێت، بتوانێت کار لە حەماسی شۆڕشگێڕییان بکات لە رێگای نووسین و وتارەوە.

7- پەرچەکرداری خێرای هەبێت بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانەی کە لە گەندەڵیی و نۆکەرایەتی بێگانە و داگیرکەرەوە تێوە دەگلێن.

8- کەسێکی زاتی نەبێت و هەمیشە بەرژەوەندی گەل و نەتەوەکەی لەسەرو بەرژەوەندی حیزب و خۆی و بنەماڵەکەیەوە دابنێ و لووتبەرز و خۆ بە زلزان نەبێت.

9- بڕوای بە دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێ لە رێگای هەڵبژاردنەوە.

10- ئازاو لەخۆ بردوو بێت.

11- بەخشندەو میهرەبان بێت.

12- دژی گروپ و گروپگەری و ناوچەگەری بێت.

13- هێمن بێت و کۆنترۆڵی خۆی لە دەست نەدات.


14- کەسێکی واقیعی بێت، بەئاگاو تێگەیشتوو بێت.

رابەرایەتی و کۆکردنەوەی نەتەوەی بینیوە و دژ بە داگیرکەرانیان، کەسی یەکەم دەوری گرنگی بینیوە لە دروست کردنی یەکڕیزیی، بۆ نموونە ( ماو لە چین، هۆشی مینە لە ڤیتنام، کاسترۆ و هاوڕێکانی لە کوبا، گاندی لە هیندستان ) و چەندانی تر هەن.

**ز-کێشە و مەترسییەکانی ناوخۆی ئێستای هەرێمی کوردستان:**

سیستمی سیاسی لە وڵاتدا یان لە ناوخۆدا دەورێکی کاریگەری دەبێت لە بە ئەنجام گەیاندنی یەکڕیزیی نیشتمانی و لە ڕێگای ئەو دام و دەزگا حکومییانەی کە هەیەتی، لە جێبەجێ کردنی دەستوور و یاسا و ڕەخساندنی هەلی کار و ئاشتی و ئارامی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ و پاراستنی مافەکانیان، هەروەها سیستەمی سیاسی نوێنەری بەرژەوەندیی و پێناسەی کۆمەڵە، دەوری کاریگەریش دەبینێ لە دابینکردنی لایەنی کەمی پێداویستییەکانیان، لە چەسپاندنی دادپەروەریی و یەکسانی ئازادی چین و توێژەکان و لەم ڕێگایەوە دەتوانێت خۆشەویستی و دڵسۆزی خەڵک زیاد بکات بەرامبەر بە یەکڕیزیی و سەربەخۆیی.

بەهۆی سیاسەتی چەوت و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی هەرێم لە



غاندی

15- کەسێکی دادگەربێت.

16- خوێندنەوەی بۆ داهاتوو هەبێت.

17- بە دیسپلین بێت.

18- ڕاستگۆ و قسە لەڕوو بێت.

19- توانای بڕیاردانی هەبێت و پاشگەز نەبێتەوە.

20- لە گەندەڵی و بازرگانی نامەشروعەوە نەگلابێت.

21- گوێگرتن لە خوار خۆی و پرس و را کردن لەگەڵ دەوروبەری.

22- دووربێت لە تووڕە بوون و هەڵچوون و تۆقاندن.

23- دژی ئیرهابی فکری بێت.

دیارە مەسەلەی کەسی یەکەم لای کورد زۆر جار وا کەوتۆتەوە کە بۆتە گرفتیکی گەورە لە بەردەم سەرکەوتن و یەکڕیزیی و دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان. لە دنیا و وڵاتانی تردا کەسی یەکەم دەوری

باشووری کوردستاندا و نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە و نیشتمانی، هەژاری و نادادپەروەریی و نەبوونی یاسا و گەشەنەکردنی ئابووری لە هەرێمدا و دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵێک خەڵکی مافیای ناو حیزبەکان و تاڵانکردنی سەروەت و سامان و قووتی ئەم خەڵکە و یەک نەگرتنی یەکە ئیدارییەکان و سەنگەرگرتنی چەکدارەکان و دوورکەوتنەوەیان لە ئەرکە نیشتمانییەکە و قووڵکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و نیشاندانی هێز و توانای سەربازی بۆ یەکتر وای کردووە زۆربەی دانیشتوانی هەرێم بڕوایان بە یەکڕیزیی و سەربەخۆیی نیشتمان لاوازبێت، لە کاتێکدا دەبوایە بەرەیەکی نیشتمانی و دیالۆگی نیشتمانی ئامادەگی هەبوایە نەک هێماکانی شەڕی ناوخۆ و قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییە لابەلاکان و لە بیرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکان و تێکەڵکردنی دۆست و دوژمنانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان.

ئەوەی دوژمنانی گەلەکەمان پلان و بەرنامەیان بۆ داناوە بۆ تێکدانی و لێکترازانی گەلەکەمان سەرکردە تاکڕەو و هەلپەرستەکان جێبەجێی دەکەن.

سەرەڕای ناشەفافی و نادیموکراتیان کە بوونەتە هۆیەکی تری دوورکەوتنەوەی خەڵک لەم هەرێمە لە یەکتری و سەیرکردنێکی دوژمنانە بۆ دەسەڵات و نابەرپرسەکان.

## گەندەڵی ئیداری و شەڕی ناوخۆ

گەندەڵی ئیداری ناو پارتەکان و حکومەتی هەرێم چۆن پەیدا بوو؟! گەندەڵی دیاردەیەکی سروشتی ژیانی تاکەکانە و جیهانییە و لەناو حیزب و شۆڕش لە دەسەڵاتدا بە روونی دەردەکەوێت بە تایبەتی لە نێوان ئەو پارت و شۆڕشی وڵاتانەی کە لە سەردەمی (گواستنەوە) دا دەچنە جێگای دەسەڵاتێکی داگیرکەری (ئیستیطانی) بیانی یاخود دیکتاتۆری (تۆلیتاری) بۆ سەردەمێکی تر؟

دەسەڵاتێکی خۆماڵی دەچێتە سەر پاشماوەی دەسەڵاتێکی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، سیستمێکی ئەڵتەرناتیڤ دادەمەزرێنێت.

ئەگەر لە رووی مێژووییەوە سەیری ئەم دیاردەیە بکەین لە زۆربەی ئاڵوگۆڕی سیستەمە سیاسییەکاندا روودەدات بەتایبەتی لەناو وڵات و گەلانی دواکەوتوودا رێژەکەی لە کایەی ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆتایی هاتن بە رژێمێک و دانانی بناغەی رژێمێکی تر، لە رووی ئامارەوە لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری و سیاسی و فکری و سیستەمی ئابووری و پڕۆژە فکری

سیاسییەکاندا زیاد لە پێویستە، ئەمەش تایبەتمەندی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەیە لە گۆڕینی رژێم و سیستەمی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

خۆی لە خۆیدا بەرەی ئۆپۆزسیۆن و گەل بە فاکتەری ناوەکی بە تەنها نەیانتوانیوە دەسەڵات بگۆڕن، هەمیشە فاکتەرە جیاوازەکان و بە تایبەتی فاکتەری دەرەکی ئاڵوگۆڕی لە گۆڕانی فکری و هاوکێشە سیاسییەکاندا کردووە، توانیویەتی ماهیەتی ئەو ئایدۆلۆژیا و پارت و سەروەرییانە لە نێو سایکۆلۆژیای کۆمەڵانی خەڵک و قاعیدەی سیاسی و پارت و لایەنە سیاسیەکاندا بسڕێتەوە و بشواتەوە؟ قۆناغ و سەردەمیش فاکتەرێکی دیکەی ئەم راستییە بۆ پەیدابوونی ئەم گەندەڵییەیە.

بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و رزگاری و مافەکانی خەڵکی کوردستان جووڵانەوەیەکی مێژووکردنی حەقخوازانەیە، بەڵام زۆر جار رانەگرتن و نارێکی باڵانسی سیاسی و هێز و توانا لە لایەن سەرانی شۆڕشی کوردستان و دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەرەوە هەموو مەسەلەکەی لە بنەڕەتدا گۆڕیوەو شکستی سیاسی بەسەر جووڵانەوەکەدا هێناوە.

(نموونەش زۆرە).

زۆربەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە سەردەمی جەنگی ساردا

**بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و رزگاری و مافەکانی خەڵکی کوردستان جووڵانەوەیەکی مێژووکردنی حەقخوازانەیە.**


لە دایک بوون و مومارەسەی ژیانی دیموکراسییان وەک یاسا و سیستم و ئایدیۆلۆژیا نەکردووە لەبەرئەوەی زیاتر وابەستەی پرەنسیپ و دیسپلینەکانی تیۆر و گروپە چەپەکانی شۆڕشی چین و پارتی بەلشەفیک و بەرە نارێکەکان بوون، نەبوونی هێڵی سووری ستراتیژی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و دەرچوونیان لە هێڵی سوور و محاسەبە نەکردنیان لە لایەن گەل و شۆڕشەوە ستانداردی (بناغەی) شۆڕشی لە رووی سایکۆلۆژییەوە تێک شکاندووە، دواتریش زاڵبوونی رەمزی کلاسیکی واتە سەرکردەی کاریزمی کلاسیک و دروست نەبوونی سەرکردەی مۆدێرن لەسەر هێڵە گشتییە مۆدێرنەکان.

فرە گروپ گەرایی و نەبوونی بەرنامە و یەک پڕۆژە بۆ ئایندە، بەڵکو بوونی

چەندین گرووپی جیاواز و ناکۆک و نەکلۆک لەسەر پانتایی و گۆڕەپانی دەسەڵاتی ئیدارەی کوردی، هێندەی تر بە هەڵپەوە گرووپە سیاسییەکانی کوردی بەرەو رووی گەندەڵی برد.

ئەگەر بە وردی سەرنجی زەمینەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی عیراق بدرێت، دەبینرێت لە سەردەمی دروست کردنییەوە لە رووی ئیدارییەوە بە جەستەیەکی نادروست هاتووە و هیچ ئاڵوگۆڕێک بە واتای شۆڕش تیادا رووی نەداوە، ئەگەرچی هەندێک جار لە هەندێک ئاڵوگۆڕدا وشەی شۆڕش بەکار هاتووە بەڵام ئەوە مانای شۆڕش ناگەیەنێت بە مانا فکری و لۆژیکییەکەی، دوای دروستکردنی سیستەمی مەلەکی بە ئینقلاب و کودەتای سەربازی بۆ کۆمار و دواتریش لە هەردوو کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1963، 1968) دا هەندێک ئاڵوگۆڕ دروست بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پرۆژەی ئایدیۆلۆژیک و فەلسەفەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە پێی ویست و خواستی ئیرادەی گەل، دەوڵەت بەڕێوە نەچووە، هەمیشە گرووپی دەسەڵاتی دەوڵەت گرووپی ئینقلابی و بێ سیستەمی دیموکراسی بوون. بە ناعەدالەتی و نا شەرعی لە کایەی دەسەڵاتدا بوون.

هەرگیز نەیانهێشتووە پارت و گرووپی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتی لەناو دەوڵەت و



کاسترۆ



ماو

دامەزراوە مەدەنییەکانی دەوڵەتدا هەبێت و چالاکی سیاسەت و رەخنەگری سیاسی و ئیداری و بەرنامە و ستراتیژیان هەبێت. لەم رووەوە تەواوی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق

ئۆپۆزسیۆنێکی سروشتی نەبوون، بەڵکو بە ناچاری جووڵانەوەیەکی دوورخراوەبوون لە سیستەمی بەڕێوەبەردنی دەوڵەتدا. تێکچڕژان و بەیەکداچوونی پیلانگێڕیی و بەرژەوەندی و هاوکاری لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، ئامانجەکانی شۆڕش و خەڵکی تا رادەیەک ون کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کورد و سەرکردەکانی شارەزای بەڕێوەبردن نەبوون و کەوتوونەتە تەڵەی داگیرکەرانەوە، نەبوونی پڕۆژەی دامەزراندنی یەک سیستمی لایەنە سیاسییەکان خۆی لە خۆیدا پەرتبوونی ئیدارە و رێکنەکەوتنە لەسەر بەڕێوەبردنی ئیدارە و یەک ئیدارەیی.

رژێمی بەعسی عیراق وەک هەموو رژێمەکانی تری عیراق هەموو داهات و دەستکەوتەکانی وڵاتی لە رێگای ستراتیجێکی نالۆژیکی و سەربازی و فاشستیدا سەرف دەکرد، سیاسەتی جینۆساید و دواخستنی کوردستان لە رووی ئیدارییەوە خۆی لە خۆیدا کۆسپێکی گەورەیە بۆ جووڵانەوەی کورد و رێکخستنەوەی ئیداری لە کوردستاندا، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ بەرەو گەندەڵی.

**هۆکارەکانی گەندەڵیی ئیداری:**

* هیچ کام لە پارت و رێکخراوەکانی باشووری کوردستان بەهۆی بنەماڵە و خێڵەوە سەربەخۆ نەبوون لە کاروباری سیاسی و حیزبایەتی، بەڵکو هەر یەک لەو حیزب و رێکخراوانە بەهۆی نزیکی و دۆستایەتیان لەگەڵ هێز و وڵاتانی ناوچەکەدا کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆنانەی لە ساڵانی رابردوو لە سەردەمی شۆڕش و شاخدا نەیانتوانی سنوورێکی گونجاوی بۆ دابنێن، دوای گەیشتنیان بە دەسەڵاتی سیاسی، (تورک و فارس و عەرەب) لە رێگای پارت و رێکخراوەکانی باشوورەوە دەستیان خستە ناو کاروباری ئیداری کورد و تووشی ئیفلیجیان کرد و دواجار شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی بەخۆوە بینی.

* دانەنانی کەسانی تەکنۆکراتی ئیداری بێلایەن لە ماوەی (32) ساڵی ئیدارەی کوردیدا.

* دابەشبوونی دەسەڵاتی ئیدارەی کوردی هێندەی تر پەرەی بە گەندەڵی ئیداریدا.

* پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە ئیدارەیان بۆ خزمەتی حیزب و بنەماڵەکەیان بەکارهێناوە.

* نەبوونی سیستمی ئابووری.

* رێکنەخستنی بازاڕ، کۆنترۆڵکردنی لە لایەن کۆمپانیا حیزبییەکانەوە.

* بەکارنەهێنانی سەروەت و سامانی وڵات بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی کوردی.

* نەبوونی پلان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

* کۆنترۆڵ نەکردنی سنوورەکان لە لایەن ئیدارەی کوردییەوە.
* تێکشکانی سایکۆلۆژی تاکی کورد لە باشووری کوردستان و بێ ئومێدکردنی گەنجان و سەرهەڵگرتنی بەکۆمەڵ بەرەو چارەنووسێکی نادیار.
* نەبوونی دیموکراسی و شەفافییەتی (ژمارە و داتای روون) لە داهات و خەرجی ئیدارەی کوردیدا.
* دروستکردنی توێژێکی ئەرستۆکراتی سەرمایەداری حیزبی بێ بەرهەم.
* دروستکردنی توێژی بازرگانانی شەڕی ناسروشتی و هەڵتۆقینی چین و توێژێکی بازرگان کە نەبوونەتە هۆی ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆجی و بە سەنعەتکردنی کوردستان.
* نەبوونی معارەزەیەکی شەرعی پەرلەمانی، کە بیر لە دەستکەوتی مادی و ئیداری نەکاتەوە.
* کپکردن و خەساندن و کۆیلەکردن و دەستەمۆکردنی زۆرێک لە رووناکبیران و تێکشکاندنیان لە رووی سایکۆلۆژییەوە.
* یەک نەخستنی هێزە چەکدارەکان.
* نەبوونی چاودێری دارایی.
* نەبوونی دادگای سەربەخۆ.
* پەراوێزخستنی توانا و ماف و رەنجی کەسانی ئیداری و شۆڕشگێڕ و تەکنۆکراتی دڵسۆز بە کورد و کوردستان.
* گەندەڵی لە کوردستاندا بۆتە دیاردەیەک و نەخۆشییەکی کوشندە تا رادەیەک چارەسەری ئەستەمە کە لە ئەنجامی ئەو کۆمەڵە هۆکارە مێژوویی و دەرەکی و ناوخۆییەوە دەرکەوتووە تا ئەم ئاقارەی وەرگرتووە، تێکەڵ بە هەموو کونج و کەلەبەرێکی (حکومەت و حیزب) بووە بە جۆرێک لەگەڵ ئۆرگانە سیاسی و حوکمییەکان تێکەڵبووە مەحاڵە جیا کردنەوەیان.
هەرچەندە لە سیستەمی دیموکراسیدا هێزی زۆرینە کە حکومەت دروست دەکات لە رێگەی بەرنامەوە کار دەکات بۆی نییە تەداخولی هیچ یەکێ لە دەزگاکانی دەوڵەت بکات: گەندەڵی لەو کۆمەڵگایانە و لەو شوێنانە سەرهەڵدەدات کە شەڕ و نائارامی باڵی بەسەردا کێشاوە.

**شەڕی ناوخۆ :**

شەڕی ناوخۆ باکگراوندەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورتر کە ساڵەکانی (1964، 1970، 1978، 1986) دواتریش لە ساڵی (1992) تا ساڵی (1998)، شەڕی سارد بەردەوامی هەیە تاکو ئێستا.
بە فیعلی ئەم شەڕانە لە نێوان گروپ و

پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا لە گۆڕەپانی شاخ و شاری کوردستاندا بواری خراپی لە زیهنی کۆمەڵگادا دروست کردووە:

شەڕی نێوان مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا لەسەر لێواری مەرگە و رزگاری نەبووە لە ژێردەستەیی داگیرکردن کارێکی ناپەسەند و چەپەڵە و تا ڕادەی ناو خێزان شۆڕبۆتەوە.

دروست کردنی بازاڕی رەشی شەڕ، لە لایەن توێژێکی سوودمەندەوە لە شەڕ و بازرگانانی شەڕ.

شلۆق کردنی بازاڕ و تێکچوونی باری ئابووری و دروستبوونی بێکاری. شەڕی ناوخۆ نا ئەمنییەکی گشتی لە کەسایەتی هەموو تاکێکدا دروست کردووە، بەو شێوەیەش ئاسایشی گشتی هاووڵاتیان نەپارێزرا و ڕێژەی تاوانەکان لەناو کۆمەڵگەدا زیاتر دەکات.

هۆکانی روخاندنی نەتەوەیەک و تێکدان و بێ ئومێدکردنی لە ئایندەی سەربەخۆیی و رزگاری و ئازادی.

※ **شەڕی ناوخۆ:**

شەڕی ناوخۆ حیزبە کوردییەکانی کرد بە هێلانەی دووتوێژی جیای خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشی تیا هەڵهێنا:

> **ئەگەر بە وردی سەرنجی زەمینەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی عیراق بدرێت، دەبینرێت لە سەردەمی دروست کردنییەوە لە رووی ئیدارییەوە بە جەستەیەکی نادروست هاتووە و هیچ ئاڵوگۆڕێک بە واتای شۆڕش تیادا رووی نەداوە**

※ **یەکەم:**

توێژێکی عەسکەری سیاسی سەرمایەداری، لەم رووەوە سەرکردایەتی حیزب بۆ سەروەرییەکانی خۆی چاوی لە هەموو بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانەوە پۆشیوە.

※ **دووەم:**

دروستکردنی توێژێکی سەرمایەداری شەڕ کە هەمیشە یاریی بە پیرۆزییەکان و پارووی خەڵک دەکەن بە بەرچاوی حیزب و دەسەڵاتەوە بەڵام بێ دەنگ بوون لێیان، بە کەم گرتنی هەموو دام و دەزگا حکومییەکان لە لایەن ئەم توێژەوە.

دیـــاره شـــەڕی نـاوخـۆ بـــووه هـۆی زیندووکردنەوه و بوژاندنەوەی سیستمی خێڵ و خزمایەتی و بنەماڵەچێتی لەناو ڕۆحی حیزب و ئیداره و ناوچەگەرێتی و لە کایەی سیاسیدا.

*نـەمـانـی پـەیـوەنـدی ئـۆرگـانـی، ڕۆحـی حیزبایەتی گۆڕا بۆ خزمایەتی و دۆستایەتی و دەستەگەریی.

* گەندەڵی وەک بەشێکی کەلتوری چووەته ناو سایکۆلۆژیای حیزب و ئیدارەوە.

* دانـانـی زۆربـــەی وەزیـــر و گـزیـر و بـەڕێـوەبـەری گشتی و پـەرلـەمـانـتـار و سەرکردایەتی حیزب و کەسانی پلەدار لە حیزب و دەوڵەتدا لەسەر بنەمای نفوز و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و ناوچەگەریی و دەستەگەریی فۆرمی دەسەڵاتی ئیداری و پلە بەندی حیزبی و حکومی گرتووه.

هەمیشه ئیعتبارات و بەرژەوەندی شەخسی و پاداشتکردن و بەخشینەوەی سەرمایەی حیزب و حکومەت لە پێش مافی یاسایی و ڕێکخستنەوەی ئیدارەوە بووه.

پێویسته کـورد شـێـوازی نوێی خەبات بەکـاربـهـێـنـێـت ئـەویـش دژایـەتـیـکـردنـی سیاسەتی (پەرتکه و زاڵبە)ی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانە.

* **سەرنج:**

ئەم بابەته بەشێکه لە پرسەکانی یەکڕیزیی نیشتمانی لە دیدگای ئەمنی قەومی کوردەوه.

**سەرچاوەکان**


1. ئیسماعیل بێشکچی، کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی، ساڵی (2007).
2. ئەکرەمی میهرداد، ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری رەخنەیی) ساڵی (2006).
3. بەرزان عەبدوڵڵا، سایکۆلۆژیای سەربازی
4. باسیلی نیکیتین، (الـکـرد) وەرگـێـڕانـی لە فەرەنسیەوه بۆ عەرەبی ( دکتۆر نوری طالبانی). (2007)
5. جرجیس فتح الله، یقظه الکرد . (2012)
6. دڵپاک جبار مەلا علی، هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی   ساڵی (2012).
7. هاوڕێ سواره، تیۆری یەکڕیزیی ساڵی (2019).
8. فەرید ئەسەسەرد، کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی و قەومی ساڵی (1998).
9. د.سعد ناجی جواد، پرسی نەتەوایەتی کورد وەرگێرانی بەرزانی مەلا تەها (2009)
10. د.سەعدی عوسمان، بزاڤی رزگاری خوازی کوردی ساڵی (2006).
11. لازاریف ن، مێژووی کوردستان وەرگێڕانی (وشیار عبدالله سەنگاوی )
12. عەتا قەرەداغی، چەمکی دەوڵەت و بزووتنەوەی مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا ساڵی (2004).
13. د.عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد وەرگێرانی (عبدالله حسن زاده) ساڵی (2012)
14. عەتا قەرەداغی، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بەرگی یەکەم  ساڵی (2007).
15. د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویدا ساڵ (2010).

# فاشیزمی هەتاهەتایی[1]



ئومبێرتۆ ئێکۆ
لە ئیتالییەوە: یاسینی فەقێ سەعید

1- ناونیشانی ئەم وتارە بە ئیتالی (IL FASCISMO ETERNO) کە کورداندوومە بە (فاشیزمی هەتاهەتایی). دووەم وتاری کتێبێکی نووسەری ئیتالی ئومبێرتۆ ئێکۆیە بەناونیشانی «پێنج وتار لە بارەی مۆراڵەوە»، ساڵی 1997 لەلایەن دەزگای بۆمپیانی لە میلانۆ- بۆ یەکەمجار چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئێکۆ دەستەواژەی (Ur-Fascismo)یشی داهێناوە، لە (Ur) کە پێشگرێکە لە زمانی ئەڵمانیدا بەکاردێت بۆ گەیاندنی مانای زۆرکۆن، یەکەمین، رەسەن، ئەسڵی، یان وەک رەگەزێکی بەهێز بەکاردێت بۆ نیشاندانی رەسەنایەتی باوکی باپیرەگەورەی کەسێک. لەگەڵ زاراوەی فاشیزمدا، مانای فاشیزمی هەرە کۆن و رەسەن دەگەیەنێ.

لە ساڵی 1942دا، لە تەمەنی 10 ساڵیدا، یەکەمین خەڵاتی «فێستیڤاڵی لاوان»م وەرگرت (کە پێشبڕکێیەکی ئەدەبی و هونەری و وەرزشی و کاری دەستی لاوانی فاشیستی ئیتالیا بوو، واتە: هی هەموو لاوانی ئیتالیا، بەشداریکردن تیایدا ئازادبوو). بابەتەکەم پەخشانێک بوو کە بە ئەوپەڕی بلیمەتی و هونەرەوە ئیشم تیاکردبوو: «دەبێت ئێمە گیانی خۆمان ببەخشین لەپێناوی شکۆی مۆسۆلینی و چارەنووسی ئیتالیای نەمردا؟» بێگومان وەڵامەکەم «بەڵێ» یەکی گەورە بوو. لاوێکی وریا بووم.

پاشان لە ساڵی 1943دا مانای وشەی «ئازادی»م کەشفکرد. لە کۆتایی ئەم وتارەدا، ئەو چیرۆکەتان بۆ دەگێڕمەوە. ئەوکات هێشتا وشەی «ئازادی» مانای «رزگاربوون»ی نەدەبەخشی.

دوو ساڵی سەرەتای تەمەنم لە ریزەکانی SS دا بەسەربرد[2]، کە فاشیستەکان و پارتیزانەکان تەقەیان لە یەکتری دەکرد، منیش لەوێدا فێربووم چۆن خۆم لە گوللە بپارێزم. ئەمەش وەک راهێنانێک بۆ من عەیبی نەبوو.

لە نیسانی ساڵی 1945دا پارتیزانەکان شاری «میلانۆ»یان ئازادکرد. پاش دوو رۆژ گەیشتنە شارۆچکەکەی ئێمە. ساتێکی پڕ دڵخۆشی بوو. خەڵک لە گۆڕەپانی سەرەکی شارۆچکەکەدا ئاپۆڕەیان بەستبوو، گۆرانیان دەوت و ئاڵای رەنگاورەنگیان رادەوەشاند، بە دەنگی بەرز ستایشی «میممۆ» ناوێکیان دەکرد، کە لێپرسراوی پارتیزانەکانی ئەو ناوچەیە بوو. میممۆ، پێش ئەوەی ببێتە پارتیزان، لە ریزەکانی پۆلیسی نیشتمانیدا پلەدار بوو، لە سەرەتای دروستبوونی مقاوەمە لە دژی فاشییەکان، چووبووە ریزی بەرگریی چەکدارەوە و لە یەکێک لە شەڕەکاندا، قاچێکی لە دەستدابوو. لە بالکۆنی باڵەخانەکەی سەرۆکایەتی شارەوانییەوە، کە بەسەر گۆڕەپانەکەدا دەیڕوانی، بەخۆی و دارشەقەکانییەوە، هیلاک و رەنگ پەڕیوو، خۆی پیشانی خەڵکەکەدا: دەستێکی بۆ بێدەنگکردنی خەڵکەکە بەرزکردەوە. من لەوێ بووم، چاوەڕێی خوێندنەوەی وتارێکم دەکرد، چونکە سەرلەبەری منداڵیم بە گوێگرتن لە وتارە مێژووییە گرنگەکانی

2- ئێس ئێس کورتکراوەی هەردوو وشەی ئەڵمانی (Schutz-Staffel)ە کە مانای (ریزەکانی پاراستن) دەگەیەنێ. میلیشیایەکی تایبەتی نازییەکان بووە کە وەک پۆلیس لە رژێمی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیادا کاریکردووە. دواتر بوونە گاردی هەرە باوەڕپێکراوی پاراستنی هیتلەر. زۆرینەی تاوانەکانی رژێمی نازیی لەلایەن ئەم میلیشیایەوە کراون.

مۆسۆلینی بەسەربردبوو، کە لە قوتابخانەش، کۆپلە هەرە گرنگەکانیان پێ لەبەردەکردین. «تکایە بێدەنگی». بە دەنگێکی نووساوەوە کە زۆرکەم دەهاتە گوێ، میمۆ دەستیکرد بە قسەکردن: «هاوولاتیانی بەڕێز، هاوڕێیان، ئەوەتا، پاش هەوڵ و ماندوبوونێکی سەخت و دژوار، گەیشتینە ئێرە. نەمریی و سەربەرزیی بۆ شەهیدانی ئازادی.» ئەمە هەموو وتارەکەی بوو. ئیتر چووەوە ژوورەوە. ئاپۆرەکە دەستیان کرد بە هوتافکێشان و پارتیزانەکانیش لە خۆشیدا ئاسمانیان دایە بەر گوللە. ئێمەی منالانیش بۆ کۆکردنەوەی قەوانە فیشەک، کە لەو کاتەدا بەنرخترین شت بوو، خۆمان لە زەویدا گەوزان، هەر ئەو رۆژە ئەوەش فێربووم کە ئازادیی رادەربڕین واتە ئازادیی خوتبەدان.

دوای چەند رۆژێک، بۆ یەکەمجار سەربازی ئەمریکیم بینی. ئافرۆ-ئەمریکی[1] بوون. یەکەم سەرباز کە قسەم لەگەڵکرد، رەشپێستێ بوو بە ناوی جۆزێف، ئەو سەربازە چیرۆکە وێنەییە کۆمیدییە ناودارەکانی ئەو کاتەی ئەمریکای پێناساندم وەک «دیک تراسی[2]» و «لیل ئابنێر[3]»، ئەم چیرۆکە وێنەییانە رەنگاوڕەنگ بوون و کاغەز و چاپەکەیان بۆنێکی زۆر خۆشی لێدەهات.

یەکێک لە ئەفسەرەکان، رائید یان نەقیب مودی بوو، لە ڤێللای خێزانی دوو قوتابی هاوڕێی مەکتەبم میوان بوو. لە باخچە گەورەکەی لای ماڵی ئێمە، چەند پیاوێک دەوری نەقیب مودیان دابوو، بە فەرەنسییەکی شەقوشڕ قسەیان لەگەڵ دەکرد. نەقیب مودی ئاستێکی رۆشنبیریی باشی هەبوو، کەمێک فەرەنسیشی دەزانی. بەم شێوەیە، پاش چەندین ساڵ بینینی دەموچاوە بێزراو و رەنگپەڕیوەکانی «کراس رەشەکان»، یەکەم سیمای ئەمریکییە رزگارکەرەکانم بینی، ئەویش ئەو ئەفسەرە رەشپێستە رۆشنبیرە بوو کە بە جلوبەرگی سەوزو زەردی رەسمییەوە دەیگوت:

---

1- ئەمریکی رەشپێست، ئەو ئەمریکیانەی بە ئەسڵ لە ئەفەریقاوە هیجرەتیان کردووە.

2- Dick Tracy زنجیرە چیرۆکێکی وێنەیی کۆمیدی بووە، دەربارەی دیک ترەیسی، کە پشکنەرێکی پۆلیس بووە. لەلایەن چیستەر گۆوڵدەوە داهێنراوە و یەکەم ئەڵقەی لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1931دا بڵاوکراوەتەوە.

3- لیل ئابنێر، چیرۆکێکی تەنزئامێزی وێنەیی کۆمیدی ئەمریکی بووە، لە چەندین رۆژنامە و گۆڤاردا، لە ئەمریکا و کەنەدا و ئەوروپا بڵاوبۆتەوە. ئەم چیرۆکە وێنەییە باس لە ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەژاری گوندێکی (چیای دۆگپاچ)ی خەیاڵی ئەمریکا دەکات. ئەم چیرۆکە نووسین و وێنەکێشانی هونەرمەندی کاریکاتێریستی تەنزئامێزی ئەمریکی ناسراو بە (ئەل کاپ – 1909 - 1979)ە، ماوەی 43 ساڵ ئەم چیرۆکە بەردەوام بووە، لە 13ی ئابی 1934ەوە تا 13ی تشرینی دووەمی 1977.

«Oui, merci beaucoup Madame, moi aussi j’aime le champagne…»[1]، بۆ بەدبەختی ئەو ئێوارەیە شەمپانیا نەمابوو، بەڵام من لەو ئەفسەرەوە یەکەم بنێشتی خۆمم دەستکەوت کە بە درێژایی ئەو رۆژە لە دەممابوو. بۆ شەویش هاویشتمە ناو پەرداخێک ئاوەوە، بۆ ئەوەی هەتا بەیانی بە تازەیی بمێنێتەوە.

لە مانگی ئایاردا، بیستمان کە شەڕ کۆتایی هاتووە. ئاشتی هەستێکی سەیرو بێوێنەی لا دروستکردم. چونکە پێشتر وایان تێگەیاندبووین کە «شەڕی بەردەوام» حاڵەتێکی ئاساییە بۆ لاوێکی ئیتالی. لە ماوەی چەند مانگی دواتردا بۆم روون بۆوە کە مقاوەمە دیاردەیەکی ناوچەیی نەبووە، بەڵکو هی هەموو ئەوروپا بووە. چەندین وشەی نوێ و هەست بزوێن فێربووم وەک: تۆڕی هەواڵ، سوپای نهێنی، کلێتە سوورەکان، گەڕەکی یەهودینشینی وارشۆ... هتد. بۆ یەکەمجار وێنەی فۆتۆگرافی هۆلۆکۆستم بینی، بەرلەوەی ماناکەی فێربم، تێگەیشتم چ کوشتارێک کراوە. ئینجا بەتەواوەتی بۆم روونبوەوە لە چ دەعبایەک رزگارمان بووە.

1- ئەم دێڕە لە وتارە ئیتالییەکەدا هەر بە فەڕەنسی نووسراوە، ئەمەش ماناکەیەتی: زۆر سوپاس، خانم، بەڵێ منیش حەزم لە شەمپانیایە.

ئەمڕۆ لە ئیتالیا، هەندێک کەس بە گومانەوە دەپرسن، ئایا مقاوەمە و بەرگریی چەکداری کاریگەرییەکی سەربازیی ئەوتۆی هەبووە لە جەنگی جیهانی دووەمدا کە جێی باس بێت؟ بۆ نەوەی ئێمە ئەم پرسیار و گومانە هیچ بایەخێکی نییە، چونکە ئێمە راستەوخۆ لە مانا ئەخلاقی و سایکۆلۆژییەکەی مقاوەمە تێگەیشتبووین. ئێمەی ئەوروپی شانازییمان بەوەوە دەکرد کە بەدەستەپاچەیی چاوەڕوانی رزگارکردن نەبووین و بەرگریمان کردووە. من پێموایە، تەنانەت بۆ ئەو لاوە ئەمریکیانەی هاتبوون بە خوێنی خۆیان بەشداری لە رزگاربوونی ئێمەدا بکەن، مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە بزانن ئەوروپییەکان پێش هاتنی ئەوان، لە خەباتی چەکداری و مقاوەمەدا بەشداربوون و بە خوێن قوربانیان بۆ رزگاری و ئازادی داوە.

لە ئیتالیای ئەمڕۆدا، خەڵکانێک هەن کە دەڵێن ئەفسانەی بەرگری و مقاوەمە درۆیەکی گەورەی کۆمۆنیستەکان بووە. ئەوە راستە کۆمۆنیستەکان، لەبەرئەوەی زۆرینە بوون، مقاوەمەیان کرد بە موڵکی شەخسی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێنا؛ بەڵام من زۆرباش لەبیرمە کاتێک هێزەکانی بەرگری

**هەموو ئەمانە ئەوە ناگەیەنێ کە فاشیزمی ئیتالی لێبووردە بوو، گرامشی هەتا مرد لە بەندیخانەدا بوو**

شارەکانیان رزگاردەکرد، گۆرەپانەکان پڕدەبوون لە ئاڵای رەنگاورەنگ.

شەوانە زۆرترین کاتم بەدیار رادیۆوە بەسەردەبرد - کە پەنجەرەکان دادەخران، ماڵ سەرتاپا تاریک دەبوو، تەنها پزیسکێکی رووناکی، چاوی داگیرساوی رادیۆکەمان بوو - گوێم لەو بروسکانە دەگرت کە لە ئیزگەی لەندەنەوە ئاراستەی پارتیزانەکان دەکرا. بروسکەکان هەم تەمومژاوی و هەم شاعیرانە بوون، وەک: سەرلەنوێ خۆر هەڵدێتەوە، گوڵەباخەکان دەگەشێنەوە. زۆربەی بروسکە تایبەتەکان ئاراستەی (فرانکی) ناوێک دەکرا. یەکێک بە گوێما چرپاندی ئەو (فرانکی)یە بەرپرسی گروپێکی نهێنی زۆر ئازاو بەجەرگی پارتیزانەکانە لە باکووری ئیتالیا، شۆڕشگێڕێکی بەغیرەت و ئەفسانەییە. ئیتر لەو ساتەوە (فرانکی) بووە پاڵەوانی خەونەکانی ژیانم. دواتر زانیم کە ناوی راستەقینەی فرانکی (ئیدگاردۆ سۆنیۆ - Edgardo Sogno)یە و شۆڕشگێڕێکی سەر بە رەوتی مەلەکییە، ئەم پیاوە ئەوەندە دژەکۆمۆنیست بوو، دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، چووە ناو گروپێکی توندڕەوی راستڕەوەوە، تەنانەت لە ساڵانی دواتردا، تاوانبارکرا بە بەشداریکردن لە کودەتایەکدا بەهاوکاری موحافیزکاران و بۆ ماوەیەک سجن کرا. بە هەرحاڵ، ئەمانە بەمن چی؟ فرانکی ئێستاش پاڵەوانی خەونەکانی منالیمە.



ئیدگاردۆ سۆنیۆ

رزگاربوون بەری خەبات و رەنجی خەڵک بوو بە هەموو رەنگ و جۆرەکانییەوە.

هەندێ قسەکەر لە ئیتالیا هەن کە دەڵێن: ساڵانی شەڕی بەرگریی لەپێناوی ئازادیدا، قۆناغی هەرە تراژیدیی لەتلەتبوونی نیشتمانی بووە، بۆیە ئەمڕۆ پێویستیمان بە یەکگرتنەوە و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەیە. پێویستە یادەوەرییەکانی ئەو سەردەمە ناخۆش و سەختە سەرنگون بکرێن و لەبیر بچنەوە. بەڵام سەرنگونکردن و لەبیرخۆبردنەوەش ئازاری هەیە و ناڕەحەتیی دروستدەکات. ئەگەر یەکگرتنەوە و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی مانای رێزگرتن و پێزانین بێت لە خەباتی هەموو ئەوانەی کە هەر یەکە و بە نیازپاکی خۆیەوە خەباتی خۆی کردووە، ئەوا دەبێ هەموومان بزانین کە (لێبووردن) هەرگیز مانای (لەیادکردن) نابەخشێ. دەتوانم لەوە تێبگەم کە کەسێکی وەک: ئادۆڵف ئایشمان - Adolf Eichman ی گەورە ئەفسەری نازی، بڕوای تەواوی بە هەموو کارەکانی خۆی هەبووە، بەڵام من هەرگیز ناچم پێی بڵێم: ئۆکەی، زۆر باشتکرد، فەرموو ئەمجارەش وەرەوە و بەردەوامبە. ئێمە لێرە بۆ باسکردنی ئەو شتانە هاتووین کە ئێستا روودەدەن، ئێمە بانگەوازێک بە دەنگێکی بەرز رادەگەیەنین و دەڵێین: ئەوان هەرچ ناوێکیان هەیە، نابێ چیتر ئەو تاوانانە بکەن.

بەڵام «ئەوان» کێن؟

گەر هێشتا بیر لە حکومەتە تۆتالیتارییەکان بکەینەوە کە ئەورووپایان داگیرکردبوو لە پێش جەنگی جیهانی دووەمدا، زۆر بەشێنەیی دەتوانین بڵێین: ئەستەمە لە هەمان فۆرمی پێشوویاندا، لە هەلومەرجێکی مێژوویی جیاوازتردا، گەڕانەوەیان ببینین. ئەگەر فاشیزمی مۆسۆلینی لەسەر بناغەی چەند فیکرێک دامەزرابێ وەک: سەرکردەی کاریزمایی، کۆرپۆراتیڤیزم، یۆتۆپیای چارەنووسی نەمری رۆما، ویستی ئیمپریالیستانەی داگیرکردنی خاکیتر، ناسیۆنالیزمی توندڕەو، ناچارکردنی جەماوەر بۆ پۆشینی کراسی رەش، رەتکردنەوەی دیموکراسیی پەرلەمانی، ئانتیسێمیتیزم. ئەوا هیچ موشکیلەم نییە بۆ قبووڵکردنی پارتی «هاوپەیمانی نیشتمانی -Al leanza Nazionale»، کە لە پارتی «MSI - بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئیتالی» جیابوونەتەوە، هەموو دڵنیاین کە پارتێکی راستڕەوە، بەڵام لەگەڵ فاشیزمە کۆنەکەدا، تاڵە دەزوویەک خاڵی هاوبەشی زۆر لاوازیان هەیە. بە هەمان شێوە، لە وڵاتانی ئەورووپا و تەنانەت روسیاشدا،

**ئەمڕۆ لە ئیتالیا، هەندێک کەس بە گومانەوە دەپرسن، ئایا مقاوەمە و بەرگریی چەکداری کاریگەرییەکی سەربازیی ئەوتۆی هەبووە لە جەنگی جیهانی دووەمدا کە جێی باس بێت؟**

گەرچی چەندین بزووتنەوەی سیاسی چالاکی سەر بە نازییەکان سەریان هەڵداوە و بوونەتە مایەی نیگەرانی خەڵکیش، بەڵام هەرگیز بڕوامەکەن کە حیزبێکی وەک حزبی نازی، لە فۆرمە ئەسڵییەکەی خۆیدا، جارێکی دیکە، بتوانێ وەک بزووتنەوەیەک سەرهەڵبداتەوە و سەرتاپای وڵاتێک دوای خۆی بخات.

لەگەڵ ئەمانەشدا، گەرچی دەکرێت رژێمە سیاسییەکان بڕوخێنرێن، ئایدۆلۆژیاکان رەخنەیان لێ بگیرێت و قەدەغەش بکرێن، بەڵام لەودیو رژێمەکان و ئایدیۆلۆژیاکانەوە، بە دیوە جەماوەرییەکەیدا، هەمیشە شێوازێک هەیە بۆ بیرکردنەوە و هەست بزواندن، زنجیرەیەک نەریتی کەلتوری هەیە، چەندین تەوژمی ناوەکیی غەریزەئاسای تاریک هەیە کە زەحمەتە تێگەیشتنیان. کەواتە دەکرێت بڵێین هێشتا تارماییەکی تۆقێنەری تر هەیە کە هەڕەشە لە ئەوروپا دەکات (بۆ ئەوەی باسی وڵاتانی تری دنیا نەکەین)؟

جارێکیان (یۆنێسکۆ - Ionesco) رایگەیاند: تەنها وشەکان حسابیان بۆ دەکرێت، ئەویتر هەمووی چەنەبازییە. گەلێکجار شێوازەکانی ئاخافتن دەرخەر و ئاماژەی زۆر گرنگن بۆ شتە نەوتراو و شاراوەکان. لێرەدا با پرسیارێک بکەم: باشە بۆچی لە هەموو جیهاندا، تەنها مقاوەمە و بەرگریی چەکداری، بە خەبات لە دژی فاشیزم پێناسە نەکرا، بەڵکو سەرتاپای جەنگی جیهانی دووەم (بە گشتی) بەو خەباتە پێناسە کرا؟ گەر جارێکی دیکە رۆمانی «زەنگەکان بۆ کێ لێدەدەن»ی «هەمەنگوای» بخوێننەوە، بۆتان ئاشکرا دەبێت کە «رۆبێرت جۆردان» دوژمنەکانی خۆی بە فاشی پێناسە دەکات، کەچی مەبەستی لە فەلانجیستە ئیسپانییەکانە. بە یارمەتیتان با بزانین «رۆزفێڵت» لە وتەیەکیدا رۆژی 23ی سێپتەمبەر چی دەڵێت: سەرکەوتنی

گەلی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، سەرکەوتنە بەسەر فاشیزم و ئەو رژێمە ستەمکارە بێکۆتاییەی کە نوێنەرایەتی دەکرد.

ماوەی سالانی ماکارسی (McCarthy)دا، ئەو ئەمریکیانەی بەشداریان لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیدا کردبوو پێیان دەوتن «جەنگاوەرە ئەنتی فاشیستە ناکاملەکان» – مەبەستیشیان لەوە بووە کە جەنگ دژی هیتلەر لە سالی چلەکاندا ئەرکێکی ئەخلاقی هەموو ئەمریکییەکی گوێڕایەڵ بووە، بەڵام جەنگ دژی فرانکۆی ئیسپانیا، لە سییەکاندا، هەم زوو بووە و هەم تەنها گومان بووە. باشە بۆچی دەستەواژەیەکی وەک «فاشیستی بەراز»، لەلایەن رادیکالە توندڕەوە ئەمریکییەکانەوە، وەک جنێو لە دژی ئەو پۆلیسانە بەکاردەهێنرا کە رێگەیان پێنەدەدان بەدڵی خۆیان مادە هۆشبەرەکانیان بکێشن؟ ئەدی بۆ نەیان دەوت: کاوگۆلاردی بەراز، فەلانجیستی بەراز، ئوستاشەی بەراز، کویزلینگی بەراز، ئانتی پاڤێلیکی بەراز، نازیستی بەراز؟[1]

1- لە زمانە ئەوروپییەکاندا کە دەگوترێت «فاشیستی بەراز» ئەوە وەک جنێوێک دەوترێت. هەموو ئەوانەی تریش کە نووسەر ناویهێناون، ئەو حیزب و گروپ و حکومەتانەن کە لەو سەردەمەدا لە فاشیزم گەر خراپتر نەبووبن، باشتر نەبوون. وەک: Cau-golard، falangista ، ustascia، Quisling ، Ante Pavelic ، nazista..

کتێبەکەی هیتلەر «تێکۆشانم» مانیفێستی بەرنامەیەکی سیاسی تێروتەسەل بوو. نازییەکان تیۆری تایبەت بە خۆیان هەبوو بۆ رەگەزپەرستی و ئارییایزم، تێگەیشتنێکی دیاریکراویان هەبوو بۆ «هونەری هیچپووچ»، فەلسەفەیەکی ئاشکرایان هەبوو بۆ دەسەڵاتخوازی و سۆپەرمانی. نازیزم لە سەدا سەد دژە مەسیحی و «نیۆپاگانیزم» بوو. بە هەمان شێوە و لە هەمان ئاستدا «دیامات ـ Dia-mat »ی ستالین (کە ڤێرژنی رەسمی مارکسیەتی سۆڤێتییە) بەڕوون و رەوانی ماتێریالیست و بێدین بوو. گەر مەبەست لە تۆتالیتاریزم ئەو رژێمانە بێت کە دەوڵەت و ئایدۆلۆژیاکەی کۆنترۆڵی هەموو جوولەیەکی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، ئەوا بێ سێو دوو نازیزم و ستالینیزم بە جووتە تۆتالیتاری بوون.

زۆر بەدڵنیاییەوە فاشیزم دیکتاتۆریەت بوو، بەڵام تۆتالیتارێکی کۆمپلێت نەبوو، ئەمەش بەهۆی نەرمونیانی و دڵسافییەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی لاوازیی و کاڵوکرچی فەلسەفیی ئایدۆلۆژیاکەیەوە بوو. بە پێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەی بەربڵاون، فاشیزمی ئیتالی هەرگیز خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەتی خۆی نەبووە. لەو وتارەدا کە لەبارەی

فاشیزمەوە لە ئینسیکلۆپیدیای ترێکانی - Treccani ئیتالیدا، کە مۆسۆلینی نووسیویەتی، هەرچەندە بەگشتی لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی جۆڤاننی جێنتیلێ - Giovanni Gentile وە وەرگیراوە، کە بە ڕەنگدانەوەیەکی درەنگوەختی فیکری هیگڵ دادەنرێت لەبارەی «دەوڵەتی ئەخلاق و ڕەها»وە، کە مۆسۆلینی هەرگیز بە تەواوەتی نەیکرد.

مۆسۆلینی هیچ فەلسەفەیەکی نەبوو: تەنها خوتبەدانی هەبوو کە وەک هەوادارێکی خوانەناس دەستیپێکرد، بەڵام دواتر لەگەڵ کڵێسە ڕێکەوتنی واژۆکرد و بوو بە دەروێشی ئەو کاردینالانەی کە ئایەتیان بەسەر ئاڵای فاشیزمدا دەخوێند. لە ساڵانی سەرەتای بیباوەڕیدا، بەپێی چیرۆکێکی ئەفسانەیی باو، گوایە مۆسۆلینی داوای لە خودا کردووە، بۆئەوەی باوەڕ بەبوونی بهێنێت، لە شوێنی خۆیدا بیسووتێنێت، لە ساڵانی دواتردا، مۆسۆلینی لە زۆربەی گوتار و خوتبەکانیدا ناوی خودای دەهێنا و پێشی ناخۆش نەبوو وەک «پیاوی ئیماندار و لەخواترس» بانگ بکرێت.


دەتوانین بڵێین، فاشیزمی ئیتالی یەکەمین دیکتاتۆریەتی ڕاستڕەو بووە کە توانیویەتی بەسەر وڵاتێکی ئەورووپیدا زاڵ بێت، ئیتر هەموو بزووتنەوە هاوشێوەکان لە ساڵانی دواتردا، وەک نموونەیەکی باڵاو هاوبەش سەیری ڕژێمی مۆسۆلینیان کردووە. فاشیزمی ئیتالی یەکەم ڕژێمی سیاسی بووە لە داهێنانی مەراسیمی سەربازی و فۆلکلۆری تایبەت و جلوبەرگ و پۆشاکدا - جلوبەرگی فاشیستەکانی ئیتالیا، زۆر زیاتر لە جلوبەرگی ستیلیستەکانی ئێستای ئیتالیا، وەک: ئەرمانی، بێنێتۆن، ڤێرساچیێ، لە دەرەوەی ئیتالیا، بەناوبانگ بووە. تەنها لە ساڵانی سییەکاندا بزووتنەوەی فاشیستی لە چەندین وڵاتی ئەورووپا



مۆسۆلینی

سەریهەڵدا وەک: ئینگلتەرە، لەگەڵ پەیدابوونی مۆسلیێدا، لاتڤیا، ئێستۆنیا، لیتوانیا، پۆڵۆنیا، هەنگاریا، رۆمانیا، بولگاریا، یۆنان، یۆگۆسلافیا، ئیسپانیا، پورتوگال، نەرویج، تەنانەت ئەمریکای خوارووی، باسی ئەڵمانیا هەر ناکەین. ئەوە فاشیزمی ئیتالیا بوو کە زۆرێک لە سەرکردە لیبراڵەکانی ئەورووپای گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە رژێمە نوێیەکەی دەتوانێ گەلێک چاکسازی کۆمەڵایەتی سەرنجڕاکێش جێبەجێ بکات و ببێتە بەدیلێکی شۆڕشگێڕانەی میانڕەو لە بەرامبەر هەڕەشەی کۆمۆنیستەکاندا.

لەگەڵ ئەمانەشدا، پێم وانییە ئەولەویەتی مێژوویی تاکە هۆکار و پاساوی ئەو بڵاوبوونە بەرفراوانەی زاراوەی «فاشیزم» بێت لە دنیادا. فاشیزم بووە دەستەواژەیەک کە هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی یەکلاکەرەوە بێت، بووە (pars pro toto)[1] ئەمەش بووە بانگەشەی هەموو بزووتنەوە تۆتالیتارییە جیاجیاکان لە دنیادا، یان لەوانەیە بڵێن: فاشیزم سەرجەم پێکهاتەکانی تۆتالیتاریزمی دوارۆژی (لە دۆخێکی پوخت و جەوهەریدا)، لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، وەک کرۆک و بلیمەتی و



ژدانۆف

مەغزاو...هتد. بەڵام بەپێچەوانەوە، فاشیزم خاوەنی هیچ جەوهەرێکی قووڵ نەبووە، هیچ جۆرە بلیمەتی و مەغزایەکی نەبووە. فاشیزم تۆتالیتاریزمێکی (fuzzy[2] – ئاڵۆسکاو و ناڕوون) بوو.

فاشیزم هەرگیز یەک ئایدۆلۆژیای تۆکمەی نەبووە، بەڵکو کۆلاجێک بووە لە چەندین فیکری سیاسی و فەلسەفی جیاواز، خانەی دژبەیەکەکان بوو. ئایا کەس بە خەیاڵیدا دێت لە بزووتنەوەیەکی

---

1- بە کوردییەکەی واتە: «یان لەگەڵیت یان دژیت». ئەمە وەک ئیدیۆمێک بەکارهێنراوە.

2- ئەمە تەنیا پەراوێزێکی نووسەرە لەم وتارەدا. کە دەڵێت: فوزی – *fuzzy* چەمکێکە لە حاڵی حازردا لە زانستی لۆژیکدا بەکاردێت بۆ تەعبیرکردن لەو شتانەی سنووریان روون نییە، تەمومژاوین، دەکرێ بە مانای «دووکەڵاویی»، «ئاڵۆسکاو»، «ناتەواو»، «تەماویی» بەکاری بێنین.

**هەندێ قسەکەر لە ئیتالیا هەن کە دەڵێن: ساڵانی شەڕی بەرگریی لەپێناوی ئازادیدا، قۆناغی هەرە تراژیدیی لەتلەتبوونی نیشتمانی بووە، بۆیە ئەمڕۆ پێویستیمان بە یەکگرتنەوە و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەیە.**

تۆتالیتاریدا رژێمی پاشایەتی و شۆڕش، سوپای پاشایەتی و میلیشیای شەخسی مۆسۆلینی پێکەوە گرێبدات؟ ئایا کەس باوەڕ دەکات ئەوپەڕی گوێڕایەڵیی کڵێسا و یاسا ئاینییەکان بچەسپێنێ و کەچی پەروەردە و فێرکردنی حکومی لایەنگری توندوتیژی و زەبروزەنگ بکات؟ ئایا دەکرێ کۆنترۆڵی رەهای هەموو شتێک بکرێت و بازاڕی ئازادیش هەبێت؟ پارتی فاشی بۆ ئەوە لەدایکبوو تا رێسا شۆڕشگێڕییە نوێیەکەی خۆی راگەیەنێت، بەڵام لەلایەن مولکدارە هەرە موحافیزکارەکانەوە یارمەتی دارایی دەدرا، کە چاوەڕوانی جووڵانەوەیەکی دژە شۆڕش بوون.

فاشیزم لە سەرەتاکانیدا کۆماریی بوو، بیست ساڵی رەبەق بەردەوام بوو ئینجا وەفاداری و وەلائی خۆی بۆ خێزانی پاشایەتی راگەیاند، چونکە لەبن باڵی پاشادا، نازناوی (دوچێ – Duce – زەعیم) بەخشرایە مۆسۆلینی و دواتر هەر پاشا خۆی ناوی لێنا «ئیمپراتۆر». بەڵام لە ساڵی 1943دا کە پاشا مۆسۆلینی لە کارەکەی دەرکرد، پاش دوو مانگ، پارتی فاشیست بە یارمەتی ئەڵمانەکان، لە ژێر ئاڵای کۆمارێکی «کۆمەڵایەتی»دا و لەسەر شانۆی دەسەڵات جارێکیتر دەرکەوتەوە، رەگوڕیشە شۆڕشگێڕییە کۆنەکانی خستەوە کار و بە دەنگێکی زوڵاڵتر کەوتەوە قسەکردن.

لەلای نازییەکان تەنها هونەری تەلارسازیی نازی و هونەری شێوەکاریی نازی هەبووە. گەر ئەندازیاری تەلارسازیی نازیست «ئەلبێرت سپێر» بووبێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەک جێگای تەلارسازێکی وەک «میس ڤان دێرڕۆ» نەبۆتەوە. بە هەمان شێوە، لە سەردەمی دەسەڵاتی ستالیندا، گەر تیۆری گەشەسەندنی «لامارک» جێی متمانە بووبێ، ئیتر هیچ کەس گوێی لە «داروین» نەگرتووە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانەوە، سەرەڕای بوونی چەندین ئەندازیاری تەلارسازی فاشیست، کە خاوەنی بینای زەبەلاحی وەک کۆڵۆسیۆی ساختەکارانە بوون، لە

تەنیشتیاندا، چەندین کۆشک و تەلاری باڵابەرزی مۆدێرنی تەلارسازانیتر، بە ئاسماندا چووبوون، کە هەندێکیان بە ئاشکرا کاریگەریی هونەری تەلارسازیی مۆدێرنی ئەڵقلانییەتی قوتابخانەی «گرۆپیوس»یان پێوە دیاربوو.

لە ئیتالیای ئەو سەردەمەدا، «ژدانۆف»ێکی[1] فاشیست نەبووە. لە ئیتالیادا دوو خەڵاتی گرنگی هونەری هەبوون: «خەڵاتی کریمۆنە» کە لەلایەن فاشیستێکی نەخوێندەواری توندڕەوی وەک «فارینا چی»ەوە کۆنترۆڵکرابوو، کە پشتگیریی لە هونەری پڕوپاگەندەیی دەکرد (لە بیرمە تابلۆ هەبوو بە ناونیشانی «لە رادیۆوە گوێدەگرم لە وتاری زەعیم مۆسۆلینی» یان «دۆخە ئەقڵییە داهێنراوەکانی فاشیزم»)؛ «خەڵاتی بێرگەمۆ» کە لەسەر ئەرکی فاشیستێکی رووناکبیر و بەئاگا و بەخشندەی وەک «بۆتای» بەڕێوەدەچوو، کە بەرگریی دەکرد لە هونەر لەپێناوی هونەردا، هەروەها ئەزموونە نوێیەکانی هونەری پێشکەوتنخوازی دەپاراست، کە لە ئەڵمانیا قەدەغە کرابوون بە تاوانی بڵاوکردنەوەی گەندەڵیی و پەیوەندی نهێنیان بە کۆمۆنیزمەوە، یان پێچەوانە و دژوەستانیان لەگەڵ هونەری بێ ئاستی گرگنەکان، کە تاکە هونەری رێپێدراو بوون.

«دانونتسیۆ»[2] شاعیری گەلی ئیتالیا بوو، شاعیرێکی وەها بوو، گەر لە ئەڵمانیا یان لە روسیا بوایە دەمێک بوو بە گوللەبارانکردن سزا درابوو. بەڵام لە ئیتالیا پلەی بەرزکرایەوە بۆ شاعیری پیرۆزی تەختی حوکمڕانی. چونکە ناسیۆنالیزم بوو، بڕوای مەزهەبیانەی بە پاڵەوانێتی هەبوو – هەرچەندە بە ئاشکرا کاریگەریی بزووتنەوەی دێکادێنتیزمی فەرەنسی پێوە دیاربوو.

با فتوریزم[3] وەک نموونەیەک

1- ژدانۆف – Zdanov ، ناوی تەواوی (ئەندرێی ئەلێکساندرۆڤیچ ژدانۆڤ – 1896 – 1948)ە، سیاسەتمەدارێکی سۆڤیەتی بووە. لە سەردەمی ستالیندا، سەرپەرشتیاری هێڵی رۆشنبیریی حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت بووە. سەرۆکی دادگای باڵای سۆڤیەت بووە لە ساڵانی (1947–1946). داڕێژەری سیاسەتی کەلتوری سۆڤیەت بووە. ناسراوە بە سەرکوتکردنی هەموو ژانرێکی ئەدەبی و هونەری نەگونجاو لەگەڵ سۆڤیەتدا.

2- گابریێلێ دانونتسیۆ (Gabriele D’Annunzio – 1863- 1938) ناسراوە بە شاعیری پیرۆز، ئەم نازناوەی لە پاشای ئیتالیاوە پێبەخشراوە. نووسەرو شاعیرو شانۆنووس و سەربازو سیاسەتمەدارو رۆژنامەنووس و نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئیتالیا بووە.

3- فتوریزم – Futurismo – المستقبلیه) بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری و رووناکبیری و موزیکی ئیتالییە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن شاعیری ئیتالی (Filippo Tommaso Marinetti ) دامەزرێنراوە کە لە ساڵی 1909دا بەیاننامەی دامەزراندنەکەی ڕاگەیاندووە. هەروەها

وەربگرین. دەبوایە وەک نموونەیەک لە «هونەری بەد رەوشت» سەیر بکرایە، هاوشێوەی ئێسپرێسیۆنیزم و کوبیزم و سوریالیزم. بەڵام یەکەمین فتوریستە ئیتالییەکان، چونکە ناسیۆنالیستی بوون، لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی ئیستاتیکی، لایەنگری بەشداریکردنی ئیتالیا بوون لە جەنگی جیهانی دووەمدا، شانازیان دەکرد بە زانستی خێرایی و میتۆدی توندوتیژیی و هەڵسوکەوتی گیانبازیی و سەرکێشییەکانەوە، ئەمانەش بەشێوەیەک لە شێوەکان، نزیکبوونەوە بوو لە باوەڕو بۆچوونی لاوانی فاشیست. لەبەرئەوەی فاشیزم خۆی بە هەڵگری شوناسی ئیمپراتۆریەتی رۆمای مەزن دەزانی، بۆیە بایەخی دەدایەوە بە نەریت و ترادیسیۆنی گوندنشینەکان، مارینێتی (سەرەڕای ئەوەی کە ریکلامی بۆ ئوتومبێل دەکرد و بە جوانتر لە پەیکەری ڤیتۆریای دادەنا، دەیویست تریفەی مانگیش بکوژێ لەپێناویدا)، کەچی کرا بە ئەندامی ئەکادیمیای ئیتالیا، چونکە زۆر بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ تریفەی مانگدا کردبوو.

(Espressionismo, Cubismo, Surrealismo) ئێسپرێسیۆنیزم و کوبیزم و سوریالیزم ئەمانەش سێ بزوتنەوەی هاوشێوەی فتوریزم بوون.

(GUF)[1] کە کۆمەڵەی فاشیستی خوێندکارانی زانکۆ بوو، دەبوایە لانکەی پێگەیاندنی کەلتوری نوێی فاشیست بوایە، کەچی بووە لانکەی پەروەردەکردنی زۆربەی پارتیزانەکانی پاشەڕۆژ و رۆشنبیرانی داهاتووی ناو پارتی کۆمۆنیست. ئەم چەشنە رێکخراوانە بوون بە سەکۆی ئازاد و چێشتی مجێور بۆ هەموو جۆرە فیکرێکی نوێ، بەبێ هیچ کۆنترۆڵێکی ئایدۆلۆژی راستەقینە، ئەمەش نەک لەبەر بەخشندەیی سەرانی پارتەکە، بەڵکو لەبەر هەژاری و کڵۆڵیان کە هیچ کەسێکی هێندە رووناکبیریان نەبوو بتوانێ کۆنترۆڵی ئەوانە بکات.

لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا، بەرهەمی شاعیرانی بزووتنەوەی «ئێرمێتیزم»[2]، کاردانەوەیەکی ئاشکرابوو لە دژی شێوازی سادە و ساکاری رژێم: رێگە درابوو بەم شاعیرانە کە دیراسە و توێژینەوە ئەدەبییە جیاوازەکانی

1- (GUF) کورتکراوەی (گروپی خوێندکارانی فاشیستی زانکۆ – Gruppi Universitari Fascisti)یە. ئەم رێکخراوە ساڵی 1927 لەلایەن سکرتێری پارتی ناسیۆنالی فاشیستەوە دامەزرێنرا بە مەبەستی پەروەردەکردنی لاوانی ئیتالیا، بە کوڕو کچەوە، لە تەمەنی 18 تا 28 ساڵی، لە زانکۆو کۆلێژە سەربازییەکاندا، بەپێی بەرنامەو مێتۆدی فاشیزم.

2– ئێرمێتیزم – بزووتنەوەیەکی شیعریی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو لە ئیتالیا، کە زمانێکی تەمومژاوی و ناڕوونیان بەکاردەهێنا.



گرامشی

خۆیان بەوپەڕی سەلامەتییەوە بکەن. ئەوەی شاعیرانی ئەم بزووتنەوەیە بڵاویاندەکردەوە بەتەواوی پێچەوانەی گەشبینی و قارەمانێتی و گیانبازیی ئەدەبی فاشیزم بوو. رژێم لە بەرامبەری ئەم هەڵوێستە ئەدەبییە جیاوازو ئاشکرایەدا، گەرچی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ نەدەکرا، لێبووردە بوو چونکە بایەخێکی زۆری نەدەدا بەم چەشنە زمانە تایبەتی و تەمومژاوییە.

هەموو ئەمانە ئەوە ناگەیەنێ کە فاشیزمی ئیتالی لێبووردە یان بەخشندە بووە. « گرامشی» هەتا مرد لە بەندیخانەدا بوو، «ماتیۆتی»[1] و

1- جاکۆمۆ ماتیۆتی 1885 – 1924سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووس و چالاکی دژەفاشیستی ئیتالی بووە، سکرتێری پارتی سۆسیالیستی یەکگرتووی ئیتالیابووە، رژێمی فاشیستی ئیتالیا فڕاندویانە و کوشتویانە و دوای دوو مانگ لاشەکەی دۆزراوەتەوە.

برایانی «رۆسێللی»[2] تیرۆرکران، چاپەمەنی ئازاد قەدەغەکرا، سەندیکاکان روخێنران، سیاسەتمەدارە جیاوازەکان دوورخرانەوە بۆ نێو دوورگە لەبیرکراوەکان، دەسەڵاتی یاسادانان بوو بە درۆیەکی ئاشکرا، دەسەڵاتی راپەڕاندنیش (کە کۆنترۆڵی دادگاکان و کەناڵەکانی راگەیاندنی دەکرد) تەنها کاری بە یاسا نوێیەکان دەکرد، یەکێک لەوانە یاسای بەرگریکردن بوو لە رەگەز ( ئەمەش پشتگیرییەکی رووکەشی ئیتالیا بوو لە هۆڵۆکۆست).

خستنەڕووی ئەم وێنە لەیەکترازاوانەی فاشیزم لە لێبووردنەوە نەهاتووە: نموونەیەکە لە نارێکوپێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی. بەڵام نارێکوپێکییەک بە بەرنامە و ئاڵۆزییەک لە بونیادا. فاشیزم لە رووی فەلسەفییەوە لەبەریەک هەڵوەشاوبوو، بەڵام لە رووی هەست و سۆزەوە، بە هەندێ سیمبۆڵی باڵاوە، زۆر بەتوندی شەتەک درابوو.

با بێمە سەر خاڵی دووەمی باسەکەم. کاتی خۆی تەنها یەک نازیزم هەبووە،

2 کارلۆ و نێللۆ رۆسێللی دوو چالاکی دژەفاشیست بوون، لەلایەن مۆسۆلینیەوە ساڵی 1937 لە فەرەنسا تیرۆر کراون.

**گەر مەبەست لە تۆتالیتاریزم ئەو ڕژێمانە بێت کە دەوڵەت و ئایدۆلۆژیاکەیان کۆنترۆڵی هەموو جووڵەیەکی تاکەکانی کۆمەڵ دەکەن، ئەوا بێ سێو دوو نازیزم و ستالینیزم بە جووتە تۆتالیتاری بوون.**

ناتوانین بە فلانگیزمی لەخواترسی فرانکۆ بڵێین «نازیزم»، لە کاتێکدا نازیزم لە بناغەوە بێباوەڕ و (فرەتاپەرست – politeistic)[1] و دژە مەسیحی بووە، ئەگەر وانەبێ یەعنی: نازیزم نییە. بەڵام فاشیزم وانییە و بە پێچەوانەوە، لەگەڵ فاشیزمدا دەتوانی بە زۆر چەشن یاری بکەیت و ناوی یارییەکەش نەگۆڕی. بە رای (ڤیتگینشتاین ـ Wittgenstein)[2] «یاریی» چەمکێکە خاوەنی خەسڵەتێکی ئەوتۆیە لەهەر گۆشەنیگایەکەوە سەیری بکەیت، بە شێوەیەکی جیاواز دێتە بەرچاوت. یاریی دەکرێ پێشبڕکێ بێت و پێشبڕکێش نەبێت، دەکرێ یەک کەسی بێت و فرە کەسییش بێت، دەکرێ شارەزایی و لێزانینی بوێت و دەشکرێت نەیەوێت، دەکرێ لەسەر پارە بێت و بە بەلاشیش بێت. یارییەکان زنجیرەیەک چالاکی لەیەک جیاوازن و هەمووشیان «لێکچوونێکی خێزانی» لە نێوانیاندا هەیە. ئەم پێناسەیە، دەقاودەق بۆ چەمکی «فاشیزم»یش راستە.

با وای دانێین چەند گروپێکی سیاسی هەن. گروپی 1 لە abc پێکهاتووە، گروپی2 لە bcd و ئیتر ئاوا. گروپی 2 لە گروپی 1 دەچێت، چونکە دوو پێکهاتەی هاوشێوەیان هەیە، bc – گروپی 3 لە 2 دەچێت و 4 یش لە 3 دەچێت، دیسانەوە بە هۆی ئەو هاوشێوانەی لە پێکهاتەیاندا هەیە. هەروەها گروپی 3 لە گروپی 1 یش دەچێت (چونکە لە cدا هاوشێوەن). حاڵەتی سەرنجڕاکێش، گروپی 4 هەیەتی، لە گروپی 3 و 2 دەچێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە گروپی 1 ناچێت.

1 چەمکی (politeistic – politeismo) مەبەست لە فرەخواییە، دژایەتیەکی ئاشکرای هەر چوار ئاینە یەکتاپەرستییەکە دەکات. لێکۆڵەروان لەوباوەڕەدان کە 5000 ساڵ لەمەوبەر لە میزۆپۆتامیا سەریهەڵدابێ. لەبەرامبەر یەکتاپەرستیدا، جوانترە فرەتاپەرست بەکاربێنین.

2 ناوی تەواوی (Wittgenstein, Ludwig Jo-sef 1889 – 1951) زانای لۆژیک و فەیلەسوفی زمانەوانییە. خەڵکی نەمسایە و هەر لە بەریتانیا ژیاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی ئەو لێکچوونە پلەبەپلەیەی لە نێوان 4 و 1 دا هەیە، بە خستنەبریەکی هەڵخەڵەتێنەر، هەست بە «لێکچوونێکی خێزانی» دەکرێت لە نێوانیاندا.

چەمکی «فاشیزم»یش بەهەمان شێوە لەگەڵ هەموو شتێکدا خۆی دەگونجێنێ، چونکە گەر بمانەوێ، لە رژێمێکی فاشیستیدا خەسڵەتێک یان چەند خەسڵەتێک بسڕینەوە، زۆر بەئاسانی دەتوانین، بەڵام هەمیشە ئەوەی دەمێنێتەوە هەر بە فاشیستیبوونەکەیدا دەیناسینەوە. لە فاشیزم، ئیمپریالیزم داماڵن، «فرانکۆ و سالازار»تان دەستدەکەوێ؛ کۆلۆنیالیزمی لێداماڵن، فاشیزمی بەڵقانتان بۆ دەمێنێتەوە. ئانتی کەپیتالیستێکی رادیکاڵی بە فاشیزمی ئیتالییەوە گرێبدەن (کە هەرگیز جێی بایەخی مۆسۆلینی نەبووە) «ئەزراپاوەن»تان دەستدەکەوێ. میتۆلۆژیا و باوەڕە ئایینییەکانی سێڵتییەکان و سۆفیگەریی گراڵ، گەر بە فاشیزمەوە گرێ بدەین (کە لە سەداسەد بە یەکتری نامۆن) ئەوا یەکێک لە مامۆستا ئایینییە فاشیستە هەرە بەڕێزەکانتان بۆ دەردەچێ کە «خولیۆس ئێڤۆلە»یە.

سەرەڕای ئەم ئاڵۆزییە، لەو بڕوایەدام کە دەکرێت ئاماژە بە لیستێک لە خەسڵەتی نموونەیی بدەین، کە من دەمەوێت ناوی بنێم «ئور - فاشیزم Ur-Fascismo» یان «فاشیزمی ئەبەدی - هەتاهەتایی». هەرچەندە ناتوانین ئەو خەسڵەتانە هەموویان لە رژێمێکدا کۆبکەینەوە؛ چونکە زۆربەیان لەگەڵ یەکتریدا ناکۆکن. ئەم خەسڵەتانە نموونەیین بۆ فۆرمەکانی تری دەسەڵاتی رەها و توندڕەو. بەڵام تەنها یەک دانەیان کافیە بۆ بەرجەستەکردنی کۆمەڵێک لە بیروبۆچوونە ئاڵۆسکاوە فاشیستییەکان.

1 -یەکەم خەسڵەتی «فاشیزمی هەتاهەتایی یان ئور-فاشیزم» بڕواهێنانە بە ترادیسیۆن. ترادیسیۆنالیزم زۆر لە فاشیزم کۆنترە. ئەمەش بەتەنها شێوە بیرکردنەوەیەکی دژە شۆڕشی کاسۆلیکەکان نەبوو پاش شۆڕشی فەرەنسی، بەڵکو لە دوا قۆناغی گریکیدا، وەک کاردانەوەیەک لە دژی ئەقلانییەتی یۆنانی کلاسیک، پەیدابوو.

لە دەوروبەری حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، هەندێ نەتەوە پێکەوە دەژیان کە هەر یەکەیان ئاینێکی جیاوازی هەبوو (هەمووشیان لەلایەن «پانتیۆن ـ Pantheon»[1]ی رۆماوە، بەوپەڕی

1- پەرستگای خواوەندەکان لە شارستانییەتی رۆمای دێریندا.

**پێویستە زۆر وریابین، هێشتا نابێت مانای ئەم وشانەمان لەبیربچێت. ئور-فاشیزم هێشتا لەدەوروبەری ئێمەیە، هەندێجار بە جلوبەرگی مەدەنییەوە دەردەکەوێ**

گیانی لێبووردنەوە قبووڵکرابوون)، هەر یەک لەمانە، بەردەوام خەونی دەبینی بەو پەیامە یەزدانییەی لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتیدا پێی گەیشتبوو. ئەم پەیامەش بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر پەردەی زمانە کۆن و لەبیرکراوەکاندا خۆی شاردبووەوە. سەرەتا لەنێو پیتە هیرۆگلۆفینەکانی میسری کۆن و پیتەکانی زمانی سیڵتی و دەقە پیرۆزەکاندا بوو، تا ئەودەمە لای ئاینەکانی ئاسیا نەزانرابوو.

ئەم کەلتورە نوێیە دەبوایە سینکرێتیک بکرێت، «سینکرێتیزم ـ Sincretismo»[1]، هەر ئەوە نییە کە لە فەرهەنگەکاندا بە یەکخستن و تێکەڵاوکردن و لەناویەکتردا توانەوەی چەندین فۆرمی جیاجیای باوەڕی ئاینی و پراکتیکی راڤەکراوە. چونکە پێکەوەگرێدان و لەناویەکتردا توانەوەی بیروباوەڕی ئاینی لەو چەشنە، هەرگیز سەرناگرێ ئەگەر کۆی ناکۆکییەکانی نێوانیان پشتگوێ نەخرێن و وەلانەنرێن. هەموو پەیامێکی ئاینی ئۆریجیناڵ، ماکێکی دانایی تێدایە و کاتێکیش لەبۆچوونی خۆیەوە شتێک دەڵێت، بەڵام جیاواز و نارێک دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوانی تردا، هۆکاری سەرەکی رەوانبێژیی و لێکدانەوە و تەفسیری راستییە سەرەتاییەکانە لە دیدگای خۆیەوە.

سەرئەنجام، لە زانیندا بەرەوپێشەوەچوون ناکرێت. حەقیقەت پێشتر یەکجار وتراوە بۆ هەموو جارەکان، ئێمەش هەر هێندە دەتوانین لە تەرجەمەکردنی پەیامە شاراوەکەیدا بەردەوامبین. بۆ دۆزینەوەی بیرمەندە نەریتخوازە سەرەکییەکانی فاشیزم هێندە بەسە سەیری پێکهاتەی هەموو بزووتنەوەیەکی فاشیستی بکەین. مەعریفەی فاشیست بە هۆکارە

---

1- «سینکرێتیزم ـ Sincretismo» واتە : سازان یان یەکتر قبووڵکردن سەرەڕای جیاوازییەکان. التوفیق بین المعتقدات. لە رەچەڵەکدا ئەم چەمکە گریکییە و لە دوو بەش پێکهاتووە: سین واتە هاوپەیمان و کرێتی واتە دانیشتوانی دوورگەکانی کریت لە یۆنان. لە رووی مێژووییەوە لە رێکەوتنی دانیشتوانی کریتەوە هاتووە کە زۆر دژی یەکتر بوون.

نەریتخواز و سینکرێتیست و شاراوەکان ژیاوە. گرنگترین تیۆریستی راستڕەوە نوێکانی ئیتالیا «خولیۆس ئێڤۆلە»یە، کە گراڵ «Graal»ی لەگەڵ پرۆتۆکۆڵی پیرانی زایۆنیی تێکەڵاوکردووە، زانستی کیمیای لەگەڵ قودسیەتی ئیمپراتۆری رۆمادا هەڵشێلاوە. بەشێک لە راسترەوەکانی ئیتالیا بۆ سەلماندنی بیرفراوانی خۆیان لەم ماوەیەدا، پێکهاتەی خۆیان فراوانکردو «De Maistre » و «“Guenon» و « گرامشیی»یان پێکەوەگرێدا، ئەمەش ئاشکراترین بەڵگەی سینکرێتیک کردنە.

ئەگەر لە کتێبخانەکانی ئەمریکاداو لە بەشی «سەردەمی نوێ»دا بەوردی بگەڕێین، تەنانەت «سانت ئەگۆستین»یش ئەدۆزینەوە، ئەوەندەی من ئاگاداربم سانت ئەگۆستین فاشیست نەبوو. بەڵام پێکەوە دانانی سانت ئەگۆستین و «Stonehenge» ستۆن هێنج، یەکێکیترە لە ماکەکانی ئور – فاشیزم.

2–ترادیتسیۆنالیزم–نەریتخوازی واتا رەتکردنەوەی مۆدێرنیزم. فاشیستەکان و نازیستەکان میانەیان لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا خۆش بوو، کەچی بیرمەندە نەریتخوازەکان دژی تەکنۆلۆژیا بوون و بە بکوژی بەهاکانی رۆحی نەریتگەراییان دەزانی. بۆیە، چەند نازیزم شانازی بە دەسکەوتە پیشەسازییەکانییەوە کردبێت، ستایشکردنی بۆ مۆدێرنیتە تەنها رووکەشی ئەو ئایدۆلۆژیایە بووە کە لەسەر بناغەی «خوێن» و «خاک» (Blut und Boden)[1] دامەزرابوو. رەتکردنەوەی جیهانی مۆدێرن، تەنها دەمامکێک بوو بۆ تاوانبارکردنی شێوەی ژیانی کەپیتالیستی، بەڵام لە بنچینەدا پەیوەندی بە رەتکردنەوەی رۆحەوە هەبوو کە لە ساڵی 1789 (یان بێگومان لە ساڵی 1776 )ەوە ئاشکرابوو. رۆشنگەریی و سەردەمی ئەقڵ وەک سەرەتای بەدکرداری مۆدێرن سەیردەکرێن. لەم رووەوە، ئور–فاشیزم دەکرێت بە «نائەقلانییەت»پێناسە بکرێت.


3 –ناعەقڵانیەت زۆر بە توندی وابەستەیە بە باوەڕهێنانەوە بە مەبدەئی (کارکردن لەپێناوی کارکردن – العمل من أجل العمل)دا. لەبەرئەوەی کارکردن یان کار، خۆی لە خۆیدا

1– Blut und Boden دەستەواژەیەکی ئەڵمانییە ماناکەی «خوێن و خاک» یان «خوێن و زەوی» دەگەیەنێ. ئەم دەستەواژەیە بەشێکە لە دروشمەکانی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنال سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا. ئەم دەستەواژەیە لەلایەن «ریچارد واڵتەر داریێ–»ەوە دروستکراوە کە لە رژێمی نازییەکاندا، لە ساڵی 1933 تا 1942 ، وەزیری خۆراک و کشتوکاڵ بووە. خوێن مەبەستی لە رەگەزی ئاری و زەویش مەبەستی لە کشتوکاڵ بووە.

ئاکتێکی باش و چاکە، کەواتە بەر لە هەموو لێکدانەوەیەک، یان بەبێ هیچ لێکدانەوەیەک، پێویستە جێبەجێ بکرێت. کرداری بیرکردنەوە یەکێکە لە فۆرمەکانی بێزاریی. لەبەرئەم راستییە «کەلتور» بە گشتی جێی گومانە، تا ئەو ئاستەی کە لەلایەن هەڵوێستە رەخنەییەکانەوە سنووردار دەکرێت. لە وتە ناودارەکەی گۆبلێز[1]: کە گوێم لە باسی رۆشنبیریی دەبێ، دەمانچەکەم رادەکێشم، هەتا دەگاتە دووبارەکردنەوەی گوزارشتە زۆر بەکارهێنراوەکانی وەک: رووناکبیرە بەرازەکان، سەر هێلکەکان، رادیکاڵە مەغرورەکان، زانکۆکان وەکری کۆمۆنیستەکانن. گومانکردن لە جیهانی رووناکبیریی هەمیشە نیشانەیەکی ئور-فاشیزم بووە. رووناکبیرە رەسمییە فاشیستەکان، بە بەردەوام سەرقاڵی تاوانبارکردنی کەلتوری مۆدێرن و رووناکبیرە لیبراڵەکان بوون کە گوایە وازیان لە بەهاکانی نەریت هێناوە.

4 – هیچ فۆرمێکی «سینکرێتیزم – سازان» نییە، کە رەخنە قبووڵ بکات. رۆحی رەخنەگرتن جیاوازی دروستدەکات، جیاوازیش یەکێکە لە نیشانەکانی مۆدێرنیتە. لە کەلتوری مۆدێرندا، کۆمەڵگای زانستخواز لەوە تێدەگات کە جیاوازبوون یان ناتەبابوون هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی مەعریفی. بەڵام لەلای ئور-فاشیزم، ناتەبابوون خیانەتە.

5 – ناتەبابوون دیسانەوە نیشانەی جیاوازی و جۆراوجۆرییە. ئور-فاشیزم گەشەدەکات و هەوڵدەدا بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی دەستەجەمعی لە رێی ئیستیغلال و خەستکردنەوەی



فرانکۆ فۆرتینی

1- (پاوڵ یوسف گۆبلێز - Paul Joseph Goebbels - 1897 – 1945)، سیاسەتمەدارو رۆژنامەنووسی ئەڵمانی، دڵسۆزترین و بەوەفاترین کەسایەتی نازییە لەلای هیتلەر، وەزیری پڕوپاگەندە بووە. دوای خۆکوشتنی هیتلەر، بۆ ماوەی دوو رۆژ راوێژکاری ئەڵمانیا بووەو ئیتر ئەمیش خۆی کوشتووە.

**فاشیزم لە سەرەتاکانیدا کۆماریی بوو، بیست ساڵی رەبەق بەردەوام بوو ئینجا وەفاداری و وەلائی خۆی بۆ خێزانی پاشایەتی راگەیاند**

ترسی ئاسایی لە جیاوازی. یەکەمین بەیاننامەی بزووتنەوەیەکی فاشیستی یان هەواداری فاشیستی دژی کەسانی بێگانەیە، کە لە وڵاتەکەیاندا نیشتەجێ بوون. کەواتە ئور-فاشیزم، وەک پێناسە رەگەزپەرستە.

6 - ئور-فاشیزم لە نائومێدیی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات. ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە خەسڵەتی سەرەکی و تایبەتیی فاشیستە مێژووییەکان بە بەردەوام بانگهێشتکردنی چینە ناونجییە نائومێدەکان بووە. ئەو چینانەی کە بە هۆی هەندێ قەیرانی ئابووری یان پشتیوانی سیاسییەوە تووشی نارەحەتی و بێزاریی بوون و لە فشاری گروپە کۆمەڵایەتییە سەر بە رژێمەکان ترساون. لەم سەردەمەی ئێمەدا، کە پرۆلیتارە دێرینەکان دەبن بە بۆرجوازی گچکە (ئەوانەشی لە پرۆلیتاریا هەژارترن دوورەپەرێز دەوەستن و خۆیان لە شانۆی سیاسی دووردەخەنەوە)، فاشیزم ئا لەم زۆرینە تازەیەدا، جەماوەرەکەی خۆی دەدۆزێتەوە.

7 -هەموو ئەوانەی کە هیچ جۆرە پێناسێکی کۆمەڵایەتیان نییە، ئور-فاشیزم پێیان دەڵێت ئێوە تەنیا ئیمتیازێکتان هەیە، کە لە هەموویان باوترو گرنگترە، ئەوەیە کە لە هەمان وڵاتدا لەدایکبوون. ئەمەش بناغە و رەچەڵەکی سەرهەڵدانی




جۆڤانی جینتێلێ

«ناسیۆنالیزم»ە: سەرەڕای ئەمەش، تەنیا دوژمنەکانن کە دەتوانن پێناسێک بە نەتەوە ببەخشن. بەم شێوەیە، نەک تەنها لەسەر ئاستی وڵاتێک، لەوانەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەر وابێ، کە لە رەگوڕیشەی سایکۆلۆژیی ئور-فاشیستدا، هەمیشە وەسوەسەی پیلانگێڕیی هەیە. ئەوانەی شوێنکەوتوون دەبێت هەست بکەن گەمارۆدراون. ئاسانترین ریگا بۆ پەردەهەڵماڵین لە پیلانگێڕیی، هەڵمەتی رقلێبوونەوە و ناشیرینکردنی هەموو شتێکی بیانی و بێگانەیە. بەڵام پیلانگێڕیی دەبێت لە ناوخۆشەوە سەرهەڵبدات: لەمبارەیەوە یەهودییەکان باشترین ئامانجن، چونکە لەهەمانکاتدا لە ناوخۆ و لە دەرەوەش ئامادەن. لە ئەمریکا، نوێترین نموونەی وەسوەسەی پیلانگێڕیی لە کتێبی (رژێمی نوێی جیهان – (The New World Order ی نووسەر «پات رۆبێرتسۆن»دا خراوەتەڕوو.

8 -شوێنکەوتوان پێویستە لەبەرامبەر سامان و دەوڵەمەندی و بەهێزی دوژمنەکاندا هەست بە سووکایەتی بکەن. کە مناڵ بووم فێریان دەکردین ئینگلیز (میللەتی پێنج ژەم نانخواردنن): لە ئیتالییەکان زیاتر دەخۆن. کە هەژارترن بەڵام خۆڕاگرترن. یەهودییەکان هەموویان دەوڵەمەندن و یارمەتی یەکتریش دەدەن، بەهۆی تۆڕێکی یارمەتیدانی دارایی نهێنییەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، شوێنکەوتوان دەبێت بڕوایان پتەو بێت کە بەسەر دوژمناندا سەردەکەون. بەمشێوەیە، فاشیستەکان بەهۆی ئەو پڕوپاگەندە بەردەوام و سواوەی کە لێرەولەوێ هەر دووبارەیان دەکردەوە کە دەڵێت: دوژمنەکانمان، لەهەمانکاتدا زۆر بەهێزن و زۆریش لاوازن، سەرجەم شەڕەکانیان دەدۆڕاند. ئەمەش لەبەرئەوەی لە رووی یاسایی و دەستووریەوە لاواز و بێدەسەڵات بوون و نەیاندەتوانی هێزی دوژمنەکانیان هەڵسەنگێنن.

9 -بەلای ئور-فاشیزمەوە هیچ خەباتێک نییە لەپێناوی ژیاندا، بەڵکو ژیانێک هەیە لەپێناوی خەباتدا. کەواتە «پاسیفیزم» رێکەوتن و هاوکاریکردنی ژێربەژێرە لەگەڵ دوژمندا: واتە پاسیفیزم خراپەکارە، چونکە لەلای فاشیزم ژیان شەڕێکی بەردەوامە. ئەمەش هەرچۆنێک بێت، ئالۆزییەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دێنێ

بۆ داستانی نەبەردیی کۆتایی[1]: لەو ساتەوەختەوە کە دەبێت و دەتوانرێت دوژمنان لەناوببرێن، پێویستە داستانی نەبەردیی کۆتایی هەبێت، کە ئیتر لەوێوە بزووتنەوەکە کۆنترۆڵی سەرتاپای جیهان دەکات. چارەسەرێکی کۆتایی لەم بابەتە، دەبێتە هۆکاری خوڵقاندنی قۆناغێکی نوێی ئاشتەوایی. ئەم سەردەمە ئاڵتوونییەش ناکۆک و دژە لەگەڵ پرەنسیپی (شەڕی بەردەوام)ی فاشیزمدا. هیچ سەرکردەیەکی فاشیستیش نەیتوانیوە چارەسەری ئەم ناکۆکییە بکات.

10 - «ئێلیتیزم - نوخبەگەرایی» خەسڵەتێکی نموونەیی هەموو ئایدۆلۆژیایەکی کۆنەپەرستە، چونکە لە بنچینەدا ئەرستۆکراتییە. بە درێژایی مێژوو، سەرجەم نوخبەگەراییە ئەرستۆکراتی و سەربازییەکان بە چاوی سووک و کەم بایەخەوە سەیری لاوازەکانیان کردووە. ئور-فاشیزمیش لە بانگەواز و راگەیاندنی «نوخبەگەرایی میللی» زیاتر ناتوانێ هیچ بکات. هەموو هاووڵاتیەک ئینتیمای هەیە بۆ باشترین نەتەوەی ئەم دنیایە، ئەندامانی حیزب هاووڵاتییە هەرە باشەکانن، هەموو هاووڵاتییەک دەتوانێ (یان پێویستە) ببێتە ئەندامی حیزب. بەڵام هەرگیز بەگزادەی بێ مسکێن نابێت. سەرۆک، کە بۆ خۆی باش دەزانێ، وەک چۆن ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی کەس پێی نەداوەو بە زەبری هێز بەدەستی هێناوە، ئاواش دەزانێ کە هێزو توانای خۆی لە لاوازیی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە، خەڵکیش هێندە لاوازن، نەک هەر پێویستیان هەیە، بەڵکو شایستەشن کە بچنە ژێر باڵ و رکێفی سەرۆکێکەوە. لەو ساتەوەختەوە کە گروپ بە شێوەی هەرەمی (بەپێی مۆدێلێکی سەربازیی) رێک دەخرێت، هەموو سەرکردەیەکی گروپ بە چاوی سووک و کەم بایەخەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانەی ژێردەستیدا دەکات، بەم شێوەیە هەموو یەکێک بە چاوی سووک و بێ بایەخەوە دەڕوانێتە ئەوەی لە ژێر دەستیدایە. هەموو ئەمانەش ماناو ناوەڕۆکی نوخبەگەرایی جەماوەری پتەوتر دەکەن.

11 -لەم دیدگایەوە، هەموو

1 نووسەر لێرەدا زاراوەی (Armageddon – ئارمەگیدۆن یان هرمجدون) بەکارهێناوە، کە عەرەب پێی دەڵێت الملحمة الکبری. زاراوەکە بە ئەسڵ عیبرییە و لە (هار مجیدو)ەوە هاتووە. کە مەبەست لە گردی یان چیای مجیدوە لە ئیسرائیل. لە دەقە پیرۆزەکانی کریستیانیدا هاتووە کە شەڕی کۆتایی پێش هاتنەوەی مەسیح، لەم شوێنەدا دەکرێ لەنێوان بڕواداران و بێبڕوایاندا.


یەکێک پەروەردە کراوە بۆئەوەی ببێتە (پاڵەوان- قارەمان). لە سەرجەم داستان و ئەفسانەکانی دنیادا «قارەمان» کەسێکی بلیمەت و لێهاتوو بە توانایە، بەڵام لە ئایدۆلۆژیای ئور - فاشیستدا قارەمانێتی (نۆرم - ڕێسا) یە. ئەم بڕواهێنان بە قارەمانێتییە، زۆر بەتوندی بەستراوەتەوە بە بڕواهێنان بە مردنەوە: کەواتە ڕێکەوت نەبووە کە دروشمی سەرەکی فەلانجیستەکانی ئیسپانیا[1]: بژی مردن - Viva la Muerte - بووە. بە خەڵکی ئاساییان دەوت هەرچەندە مردن ناخۆش و دژوارە، بەڵام پێویستە بە کەرامەتەوە ڕووبەڕووی ببینەوە؛ بە بڕوادارانیان دەوت ئەمە شێوازێکی ئازاراوییە بۆ گەیشتن بە شادمانییەکی بێسنووری نائاسایی. قارەمانی ئور - فاشیست، بە پێچەوانەوە، ئارەزووی مەرگ دەکات وەک باشترین پاداشتێک بۆ تەمەنێکی بە قارەمانێتی ژیاو. قارەمانی ئور - فاشیست بێ ئارامە بۆ مردن. لەم بێ ئارامیەدا، وەک تێبینی کراوە، دەتوانێ باشتر ئەوانیتر بکوژێ.

12 -لەو ساتەوەی، کە هەم «شەڕی بەردەوام»، هەم «قارەمانێتی»، دوو یاریی سەخت و دژوارن بۆ یاریکردن، ئور - فاشیست، ئارەزووی دەسەڵاتی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ بابەتە سێکسییەکان. ئەمەش بناغە و سەرەتای «machismo - پیاوسالاریی[2]،یە»: کە بێڕێزیکردنە بە ژنان، بێڕەحمانە سزادانی هەموو جیاوازەکانە لە سێکسدا، ئەوانەی هەڵسوکەوت و عادەت و خووی سێکسی تایبەت و ناکۆکیان هەیە لە کۆمەڵگادا، ئەمانەش لە ڕەبەنایەتییەوە هەتا هاوڕەگەزخوازیی. کاتێک دەردەکەوێ کە سێکسیش یارییەکی سەخت و دژوارە، قارەمانی ئور-فاشیست ئیتر خوو دەداتە یاریکردن بە چەکە کەسییە گۆشتییەکەی خۆی، کە زەکەریێتی: لێرەوە یارییە جەنگییەکانی بەهۆی ئیرەیی زەکەری بەردەوامەوە دروست دەبن.

13 -ئور-فاشیزم لەسەر بناغەی «پۆپۆلیزمێکی چۆنایەتی» رادەوەستێ: لە سایەی دیموکراسیتدا

1- فەڵانجیستەکان - الکتائب (falangisti) بزووتنەوەی سیاسی بوو لە شاری مەدریدی ئیسپانیا لەلایەن (خۆسێ ئەنتۆنیۆ پریمۆ دی ریڤێرا) ، کە کوڕی دیکتاتۆری ئەو کاتەی ئیسپانیا بوو، لە ساڵی 1933دا دامەزرا، زیاتر بزووتنەوەیەکی گەنجان بوو نەک حیزبێک، بەرنامەیەکی سیاسی راستڕەوی هەبوو، بیروبۆچوونیان نیشتمانپەروەرانە بوو، لەسەر شێوازو مۆدێلی فاشیزمی ئیتالی دروست بوو، بوو..

2- (machismo) ماچیزم - نێرسالاریی یان پیاوسالاری. زیادەڕەویی لە خۆنمایشکردنی نێرینە و سووکایەتیکردن بە ڕەگەزەکەیتر لەو بڕوایەوە کە نێر لە مێ باڵاترە.



ماککارسی

هاووڵاتیان سوودمەند دەبن لە مافە تاکەکەسییەکانیان، بەڵام هاووڵاتیان، بە شێوەیەکی گشتی، هیچ کاریگەرییەکی سیاسیان نابێت تەنها لە رووی چەندایەتییەوە نەبێت (هەموو تاکەکان گوێڕایەڵ و ملکەچی بڕیارەکانی زۆرینە دەبن). بەڵام لەلای ئور-فاشیزم، تاکەکان وەک تاکەکەس هیچ مافێکی نییە، «گەل یان نەتەوە»ش وەک کۆمەڵە تاکێکی خاوەنی یەک چۆنایەتی سەیر دەکرێ، وەک یەک شوناسی یەکپارچە کە گوزارشت لە «ئیرادەی هاوبەش» دەکات. لەو ساتەوەختەدا کە هیچ چۆنایەتییەک لە مرۆڤ ناتوانێ ببێتە خاوەنی ئیرادەیەکی هاوبەش، ئیتر سەرۆک وا خۆی نمایش دەکات کە تاکە دەمڕاستی ئەوانە. خەڵک دوای ئەوەی تواناو دەسەڵاتی دیاریکردنی نوێنەری خۆی لەدەستدەدا، ئیتر ئارەزووی بەرهەڵستکاریشی نامێنێ، هێندە بەسە پێیان بوترێ (pars pro toto) یان لەگەڵیت یان دژیت»، ئیدی بێ سێو دوو وەک ئەکتەر رۆڵی گەل و نەتەوە دەبینن. ئا بەمشێوەیە گەل و نەتەوە لە خەیاڵێکی شانۆیی زیاتر هیچیتر نییە. بۆ ئەوەی نموونەیەکی زۆر باشی پۆپۆلیزمی چۆنایەتی بەدەست بێنین، چیدی پێویستیمان بە گۆڕەپانە گەورەکانی شار یان یاریگاکان نییە تا جەماوەری تێدا کۆبکەینەوە. لە پاشەڕۆژدا پۆپۆلیزمێکی چۆنایەتی تەلەفزیۆنی یان ئینتەرنێتی پەیدا دەبێت، کە لە وەڵامی ئارەزوومەندانەی گروپێکی هەڵبژێردراو لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەکرێ پێشکەش بکرێن و قبووڵ بکرێن وەک «دەنگی نەتەوە». ئور-فاشیزم لەپێناوی پۆپۆلیزمە چۆنایەتییەکەی خۆیدا، لەو حاڵەتەدا پێویستە پەنابەرێتە بەر حکومەتێکی پەرلەمانی، کە دەمێکە باوی نەماوە و بۆگەنی کردووە. یەکێک لە یەکەمین قسەکانی

> **گەر بمانەوێ، لە ڕژێمێکی فاشیستیدا خەسڵەتێک یان چەند خەسڵەتێک بسڕینەوە، زۆر بەئاسانی دەتوانین، بەڵام هەمیشە ئەوەی دەمێنێتەوە هەر بە فاشیستیبوونەکەیدا دەیناسینەوە**

مۆسۆلینی لە پەرلەمانی ئیتالیادا ئەمە بوو: دەمتوانی ئەم هۆڵە کەڕ و خۆڵەمێشییە بکەم بە سەربازگەی میلیشیا چەکدارەکانم. لەڕاستیدا جێگایەکی زۆر باشی بۆ چەکدارەکانی پەیداکرد، کەچی ئەوەندەی نەبرد هەرخۆی پەرلەمانی داخست. بۆیە هەنووکە، هەر سیاسەتمەدارێک، گومان لە شەرعییەتی پەرلەمان بکات، گوایە چیتر نوێنەرایەتی «دەنگی گەل یان نەتەوە» ناکات، بێ هیچ گومانێک بۆنی ئور-فاشیزم لەو ناوە دێت.

14 -ئور-فاشیزم بە (neolingua – نیۆلینگوە - نیۆزمان)[1] دەدوێ. ئەم زمانە نوێیە لەلایەن (Orwell – ئۆروێڵ)ەوە لە ڕۆمانی 1984دا داهێنراوە وەک زمانی فەرمی Ingsoc– ئینگسۆک - سۆسیالیزمی ئینگلیزی، چونکە ڕەگەزەکانی ئور-فاشیزم، بۆ بەرجەستەکردنی فۆرمە جیاجیاکانی دیکتاتۆریەت، لە زۆر جێگەدا هاوبەشن. سەرجەم دەقەکانی قوتابخانە، چ لەلای نازییەکان چ لەلای فاشیستەکان، لەسەر بناغەی فەرهەنگێکی هەژار و لیستێک لە کورتە باسی زۆر سەرەتایی دارێژرابوون، ئەمەش بەو مەبەستەی کە ڕێگری بکەن لە کارکردن بە ئامرازەکانی بیرکردنەوە یان ڕەخنەگرتن. بەڵام پێویستە ساز و ئامادە بین بۆ ناسینەوە و کەشفکردنی فۆرمە

---

1 (neolingua – نیۆلینگوە - نیۆزمان)، لە دەقە ئینگلیزیەکەی جۆرج ئۆروێڵ دا (وتووێژی نوێ- Newspeak) یە. ئەم زاراوەیە بە چەندین شێوەیتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی دنیا، وەک ( -par lanuovo - قسەکردنی نوێ) یان ( -nuovalin gua - زمانی نوێ). زمانێکی دەستکردی هونەرییە کە جۆرج ئۆروێڵ لە ڕۆمانەکەیدا 1984 بە خەیاڵی خۆی دروستیکردوەو وەسفی کردووە. مەبەستی سەرەکی ئەم زمانە نوێیە، تەنها ئەوە نییە کە شوێنکەوتوانی (ئینگسۆک – سۆسیالیزمی ئینگلیزی) قسەی پێبکەن و ئامرازێکی دەربڕینی تایبەت بە خۆیان بێت، بەڵکو مەبەست لە داهێنانی زمانێکە کە جێگەی زمانی کۆن بگرێتەوەو چیتر دیدگای کۆن بۆ جیهان و خووی دەروونی کۆن تیایدا جێگەی نەبێتەوە. هەروەها ڕێگریی بکات لە هەموو فۆرمێکی تری بیرکردنەوەو تەنانەت ئازادییش مەحاڵ بکات.

جۆراوجۆرەکانی (نیۆلینگوە – زمانی نوێ)ی فاشیستەکان لە سەردەمی نوێدا، تەنانەت پێویستە ئەو کاتانەش بیانناسینەوە کە فۆرمی گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی گوایە بێلایەن و بێنیاز و پاکیش وەردەگرن.

پاش ئەوەی بەپێی توانا ئاماژەمدا بە خەسڵەت و نیشانە هەرە دیارەکانی ئور–فاشیزم، کاتی ئەوە هاتووە ئەو چیرۆکەتان بۆ بگێڕمەوە کە لەسەرەتای ئەم وتارەدا گفتم پێدان. سەرلەبەیانی رۆژی 27 ی تەمووزی ساڵی 1943 بیستمان کە بەپێی ئەو هەواڵانەی لە رادیۆوە پەخشکراوە، رژێمی فاشیزمی ئیتالی روخاوە و مۆسۆلینیش دەستگیرکراوە. دایکم ناردمی بۆ کڕینی رۆژنامە. منیش چووم بۆ نزیکترین کۆشکی رۆژنامەفرۆش، سەیرمکرد جۆرەها رۆژنامەی لێیە. بەڵام ناوی رۆژنامەکان جیاوازن. سەرەڕای ئەمانە، دوای چاوخشاندنێکی خێرا بە مانشێتەکاندا، هەستمکرد هەر رۆژنامەیە و بە جۆرێک باسی رووداوەکان دەکات. هەر لە خۆمەوە دەستمدایە رۆژنامەیەک و کڕیم، کەوتمە خوێندنەوەی، بەیاننامەیەک لە لاپەڕەی یەکەمدا هەبوو، پێنج بۆ شەش حیزبی سیاسی ئیمزایان کردبوو، وەک: حیزبی دیموکرات مەسیحی، حیزبی کۆمۆنیست، حیزبی سۆسیالیست، حیزبی کار، حیزبی لیبراڵ. هەتا ئەو ساتەوەختە وامدەزانی لە هەر وڵاتێکدا یەک حیزب هەیە، لە ئیتالیاش هەر حیزبی نیشتمانی فاشیست هەیە. درکم بەو راستییە کرد کە لە وڵاتەکەی منیشدا دەکرێ لەهەمانکاتدا چەندین حیزبی جیاواز هەبن. نەک هەر ئەمە: لەبەرئەوەی لاوێکی وریا بووم، هەزوو درکم بەوەشکرد کە ماقووڵ نییە و رێی تێناچێت، لە ماوەی شەو و رۆژێکدا، ئەم هەموو حیزبە سیاسییە دروست بووبن؟! کەواتە پێشتر هەبوون و بە نهێنی کاریان کردووە.

ئەو بەیاننامەیە مژدەی کۆتایی هاتنی دیکتاتۆریەت و گەڕانەوەی ئازادی دەدا بە خەڵک: ئازادی وشە و قسەکردن، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی دامەزراندنی رێکخراوی سیاسی. ئەی خوای گەورە، ئەمە چییە؟ ئەم وشانەی وەک «ئازادی»، «دیکتاتۆریەت» بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانمدا بیانخوێنمەوە، چ هەستێکیان تێدا دروست کردم. بە هێزی ئەم وشە نوێیانە، وەک مرۆڤێکی

ئـازادی خـۆرئـاوا، جاریکیتر لەدایک بوومەوە.

پـێـویـسـتـە زۆر وریـابـیـن کە هێشتا نابێت مانای ئەم وشانەمان لەبیربچێت. ئور–فاشیزم هێشتا لـەدەوروبـەری ئێمەیە، هـەندێجار بـە جـلـوبـەرگـی مـەدەنـیـیـەوە دەردەکـەوێ. ئایا هێندە سـادە و ئاسانە، یەکێک لەسەر شانۆی ئەم جیهانەی ئێستامان دەرکـەوێ و بلێت: «من دەمـەوێ هۆلۆکۆست جاریکیتر بێنمە مەیدان، دەمـەوێ کراس رەشەکان لە گۆڕەپانەکانی ئیتالیا جاریکیتر ئاپۆڕە ببەستن! خـەڵکیش بـێدەنـگ بەخێرهاتنی بکەن؟! بێگومان نەخێر. ئەو رۆژە تاریکترین و نەگبەتترین رۆژ دەبێ لە ژیانماندا، چونکە بەڕاستی ژیان هێندە بێمانا نییە دەستبەرداری بین. ئور–فاشیزم دەتوانێ لەژێر سـەرپـۆش و رووپـۆشـە هـەرە بێگەرد و بێتاوان و بێلایەنەکاندا خـۆی بـشـارێـتـەوە و جاریکیتر بگەڕێتەوە. ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە – هەموو رۆژێک، لە هەموو گۆشەیەکی ئەم دنیایە، دەمامکەکان لە روویـان داماڵین و هـەڵماڵین و فـۆرمـە نـوێـیـەکـانـیـان ئـاشـکـرا بکـەیـن. جاریکیتر دەگـەڕێـمـەوە لای قسەکانی رۆزفێڵت، کە وتی: «دەوێـرم بڵێم، رۆژێ لە رۆژان، ئەگەر دیموکراسیی ئەمریکی وەک هێزێکی زیندوو، وەستا و وازیهێنا لە پێشکەوتن و بـەردەوام بوون، کە شەو و رۆژ، بە هەموو ئامرازە ئاشـتـیـخـوازەکـان تێدەکۆشێ بۆ چاکترکردن و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان، ئەوە دڵنیابن کە هێزی فاشیزم لە وڵاتی ئێمەشدا گەشەدەکات»، رۆژی (4 / 11 / 1938). ئـازادی و رزگـارکـردن ئەو ئەرکانەن کە هەرگیز کۆتاییان نایەت، کەواتە با ئەم وتەیە بکەینە دروشـمـی خـۆمـان «لـەبـیـرتـان نەچێ».

بە یارمەتیتان، با بەم کۆپلە شیعرەی «فرانکۆ فۆرتینی»[1] کۆتایی بە وتارەکەم بێنم:


–لەسەر ئەملاولای پردەکە،
کەللەسەری لە سێدارە دراوەکان.
لەناو ئاوی سەرچاوەکە،
لیکی دەمیان.
–لە سەر رێگای بەرەو بازاڕ،

1 ( فرانکۆ فۆرتینی – Franco Fortini – 1917 – 1994 ) شاعیرو نووسەرو رەخنەگری ئەدەبی و وەرگێڕێکی ناوداری ئیتالییە.

نینۆکی گوللەباران کراوەکان.
لـەسـەر گـیـای وشـکـهـەڵاتـوویـی
پێدەشتەکە،
دانەکانیان.
-هەوا بکرۆژە ، بەرد بکرۆژە
گۆشتی ئێمە چیتر هی پیاو نییە.
هەوا بکرۆژە ، بەرد بکرۆژە
دڵی ئێمە چیتر هی پیاو نییە.
-بەڵام لە سپێنەی چاوی مردووەکاندا،
خوێندمانەوە
لەم زەوییەدا ئازادی هەر دروست
دەکەین.
لە مشتی توند گوشراوی شەهیدەکان
تێگەیشتین
لەمەودوا دادپەروەریی بەرپا دەکەین.

وتار

# تێنەگەیشتن لە جینۆساید و ئەنفال



تەها سلێمان

1

له ساڵی 1992 بەدواوە؛ بژاردەیەکی خوێندەوار و ڕۆژنامەوان، عەودالی شارەزایی و فێربوون و نووسین و کاری ڕۆژنامەوانیبوون لە بواری دۆسێی جینۆساید و ئەنفالدا. پێش ئەوەش چەند ناوێکی دیار، لە سەرووییانەوە د. مارف عومەر گوڵ ( ڕۆحی شادبێ)، تێزی دکتۆراکەی لەمبارەیەوە بوو. نابێتە زیادەڕۆیی و دەتوانم بێژم ئەم بژاردەیە لێبڕوانە هەوڵی فێربوون، زانین و بەتایبەتتر نزیکبوونەوە لە دنیای نووسینی داوە، وەک دەریچەیەک بۆ ناسینی پرسەکە و هۆکارەکانی، ڕەهەندە فیکری و سیاسی و ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و لێکەوتەکانیان، بەئامانجی خستنەڕوویان و چارەسەرکردنیان.

لەکوێ خەمێک، ئازارێک، کێشەیەک و پێداویستیەکانی کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکە، هەستککردن بە ناتەواوی و گیروگرفتەکانیان هەبووبێ و دەستیان پێیڕاگەیشتبێ، لێی نەترساون و وەک خۆی، یان نزیک لە خۆی، گواستوویانەتەوە. ئەوەش ڕاستە لەم نێوانەدا، دەرگیری کێشە و گرفت بوون، بەرکەوتەیان لەگەڵ حزب و بەرپرس و شوێنی جیا جیا هەبووە، بەڵام نەترساون و هەمیشە سەنگەری خەڵکیان لە هەموو سەنگەرێک پێڕاستتر بووە.

2

هەقە و ڕەواشە دانی پیابنێین، لەم چوارچێوەیەدا و لێبڕاوانە، دۆسێی جینۆساید و کیمیابارانی گەلی کوردستان بەگشتی و جینۆسایدی ئەنفال بەتایبەتی، لە ترۆپکی کاری پشکنین و بەدواداچوون و چاوپێکەوتن و وتاری ڕۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوەکانی ئەم بژاردەیەبوون. هەمیشە ویستوویانە و یەکێک لە خەمە سەرەکییەکانیان ئەوە بووە چۆن بتوانن لە ڕەهەندە فەلسەفی، فیکری، سیاسی، ئابووری، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، جوگرافی و ژینگەییەکانی تاوانی جینۆسایدی گەلەکەمان تێبگەن و بیناسن. ناسینێکی سەرپێی نا؛ ناسینێک بتوانێ وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکانی دۆسێی تاوانەکە بداتەوە و ببێتە ڕێچکەیێک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە شاراوەکانی پشت کردەی پەلارمار و تاوانەکە. بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بەوە هەیە و مکوڕیشم لەسەری؛ هەتا لەو ڕەهەند و کەرتە سەرەکییانەی جینۆساید نەگەین، ناتوانین ڕەگی ناسینی (تاوانی جینۆساید و کیمیاباران لە باشووری کوردستان، تاوانی جینۆساید لە باکووری کوردستان، تاوانی جینۆساید لە ڕۆژئاوای کوردستان) بدۆزینەوە و لایەنی کەم بیر لەوە بکەینەوە، چۆن ڕێگا لەدووبارە بوونەوەیان بگیرێ.



3

دروست نییە بڵێم تەنیا کەس لەم بوارەدا هەوڵیداوە، بەڵکو هاوڕێ و هاوڕا و هاوکار زۆرن؛ ئیدی لەبەردەوامیی کارەکانمان لەم چوارچێوەیەدا دەستمانگەیشتە (سەرچاوە، دۆکۆمێنت) و کارمان لەسەرکرد (باشوور و باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستان) و لێکۆڵینەوەمان تێداکردن و لە رۆژنامە و گۆڤارەکان و پاشانیش وەک کتێب بڵاومان کردنەوە، بەدواداچوونمان کرد، چاوپێکەوتنمان کرد، دۆکۆمێنتمان کۆکردەوە، ئاوایی بەئاوایی گەڕاین، کۆمانکردنەوە و کردمانن بەکتێب تەنیا بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوە و سوودێکیان هەبێ. لەسەر حسێبی گیرفان و قووتی ماڵ و منداڵەکانمان، لە ئامەدەوە تا هەڵەبجە و گەرمیان و کەرکوک و هەڵەبجە و

سەردەشت و ئەوروپا و زۆر شوێنیتر، سیمینار و کۆنفرانسمان سازکرد و هەموو ئامانجیشمان ئەوەبوو، تاوانی جینۆساید و کیمیاباران و جینۆسایدی ئەنفالی دژ بەگەلی کورد و کوردستان بناسین و ڕێگە لەدووبارەبوونەوەی بگرین.

4

دەیان بەرپرسی باڵا؛ لە حکومەت و حزب و لە شوێنی جیاجیا، لە پشتمان و ڕووبەڕوو، تیریان تێگرتین، هەڕەشەشیان لێکردین، تەنیا لەبەر ئەوەی لە کارکردن لەم دۆسێیەدا (جینۆساید و ئەنفال)، سەربازی بیروباوەڕی خۆمان بووین، نەک حزب و دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان. ئەگەر ئەوان (ڕاست و چەپ) لە جوغزی تەسکی حزبی و سیاسییەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لە قسەکردن لە پرسی تاوانەکانی جینۆساید و ئەنفال کردبێتەوە؛ ئەوا ئێمە (من و هاوڕێکانم) هەمیشە لە سەنگەری ڕاستبێژییەوە قسەمان لەبارەی ئەم بابەتەوە هەبووە، قەتیش نەترساوین لە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە، چونکە هێزو باوەڕی کارکردن لەم دۆسێیەدا زۆر لە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەکان بەهێزتربوون.

5

سەیری گۆڤارەکانی (هاواری ئەنفال، ئەنفال، ئەنفالستان، تۆپزاوە، هەشتاو هەشت، جینۆساید) و تەواوی بڵاوکراوەکانی تایبەت بە تاوانەکانی جینۆساید و کیمیاباران و ئەنفال بکەن، دەبینن ئەوانەی خەمی ناسین یان ناساندن و تێگەیشتن لەم تاوانەیان هەبووە، شەونخونیی زۆریان کێشاوە و ئازاریان چەشتووە و دەچێژن؛ بەڵام ئازار و ئەندێشەی نەبڕاوە ئەوەیە، بۆچی



ئەم پرسە نەبوو بە پرسی کۆمەڵگای کورد(کوردەواری) و کوردستانی بەگشتی و بژاردەی حوکمڕانی لە باشووری کوردستان. ئەمە بۆ بەشەکانی کوردستان (باکوور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات)یش راستە و وایە!

6

تێناگەم، یان بەلامەوە قورسە، بۆچی لە سەرتاسەری باشووری کوردستان، تەنیا (بژاردەیەکی نووسەران و رۆژنامەنووسان) لەو ناوانەن بەردەوام بەدوای خەمی ناسین و ناساندنی تاوانی جینۆساید و ئەنفال و کیمیابارانەوەن؟ بۆچی ئەم پرسە نابێتە پرسی ئەو نووسەر و خوێندەوارانەی بۆ لەبەرکردنی تێکست و ناوی نووسەرانی بێگانە، زۆر ئازاو بەدەست و بردن، بەڵام بۆ ئەمەیان کڵۆڵ و داماون؛ یان راستییەکەی ئەوەیە خۆیان بەگەورە دەزانن و نایانەوێ لەم بارەیەوە قسە بکەن، یاخود بەپێچەوانەوە لە ئەسڵدا تێناگەن و ناشتوانن تێبگەن لە فەلسەفەی تاوانەکە و ناشزانن جەوهەری فەلسەفی و فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاوانەکە زۆر لەوان گەورەترە و توانای دەست شکانیان بەسەریدا نییە و پێیان جۆرێک لە عەیبەیە قسەی لەبارەوە بکەن، خۆ ئەگەر قسەشی لەبارەوە بکەن، هیچیی لێ نازانن!

7

بەدەربڕینێکی رەوان و بێ گرێ و پاساوهێنانەوە، دەڵێم شەرم و نەنگییەکی گەورەیە بۆ میدیای کوردی، حزبی و حکومی و سێبەری بەناو سەربەخۆ (بینراو، بیستراو، نووسراو، ئەلیکترۆنی، سۆشیال میدیا)، تا ئەم ساتەوەختە لەیەک رستەدا (ئەوەندە نەخوێندەوار و ناحاڵی بێ) بەتاوانی جینۆساید بێژێ (کارەسات-تراژیدیا)! هەموو جارێ وتومانە و دووبارەی دەکەمەوە (تاوانی جینۆسایدی ئەنفال، تاوانی جینۆساید و کیمبارانکردنی هەڵەبجە، تاوانی جینۆسایدی فەیلییەکان، تاوانی جینۆسایدی بارزانییەکان، تاوانی

**دەیان بەرپرسی باڵا؛ لە حکومەت و حزب و لە شوێنی جیاجیا، لە پشتمان و رووبەڕوو، تیریان تێگرتین، هەڕەشەشیان لێکردین، تەنیا لەبەر ئەوەی لە کارکردن لەم دۆسێیەدا (جینۆساید و ئەنفال)، سەربازی بیروباوەڕی خۆمان بووین**

> دۆسێی جینۆساید و کیمیابارانی گەلی کوردستان بەگشتی و جینۆسایدی ئەنفال بەتایبەتی، لە ترۆپکی کاری پشکنین و بەدواداچوون و چاوپێکەوتن و وتاری رۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوەکانی ئەم بژاردەیەبوون.

جینۆسایدی قەڵادزێ و پشدەر، تاوانی جینۆسایدی سەیدسادق، تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان، تاوانی جینۆسایدی زیوێ، تاوانی جینۆسایدی ئەشکەوتی دوکان و هتد..) کارەسات و تراژیدیا نین، بەڵکو کارەساتەکە بیرکردنەوە و گوتاری هەڵە و ئاراستەکراوی ئێوەیە، کە ناتوانن جیاوازی لەنێوان تاوان و کارەساتدا بکەن!

چش لە رابردوو، بەڵکو باوەڕم نییە ئێستا و لە داهاتووشدا تێبگەن، بۆ ئەوەی لایەنی کەم کەمێک قەرەبووی رابردوویان بکەنەوە!

8

لەم کورتە وتارەدا تەنیا ویستم هەندێ سەردێڕتان بیر بخەمەوە؛ دەنا (پرسی ناسین و تێگەیشتن لە جینۆساید و کیمیاباران و جینۆسایدی ئەنفالکردنی کورد و کوردستان)، زۆر لەوە گەورەتر و گرنگتر و چارەنووسسازترە، وا بە سادەیی و تێپەڕ و ناشارەزایی و کڵۆڵی قسەی لەسەربکرێ و تەنیا لەیادەکاندا بیرمان بکەوێتەوە...



# پۆست لیبراڵیزم و مەترسییەکانی



مات مەکمانوس*
لە فارسییەوە: نوێبوونەوە

پێناسەی پۆست لیبراڵ وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، بەشێوەیەکی سەرەکی یانی دژایەتی لیبراڵیزم. حاڵی حازر پۆست لیبراڵیزم جووڵانەوەیەکی دەستەبژێرییە کە لە دەوری هەندێک لە بیریاران و گۆڤارەکان دەخولێتەوە.

لیبراڵیزم هەمیشە ئامانجی رەخنە بووە لە دنیا. لە هێڵی پێشەوەی ئەو رەخنانە، گروپێکی دەستەبژێر هەن بە پۆست لیبراڵەکان ناودەبرێن کە بەردەوام بەدەست تاکگەرایی رادیکاڵ و ئەو کاریگەرییە وێرانکەرەوە دەناڵێنن کە ئابووری بازاڕ لەسەر کۆمەڵگا دایناوە. بەڵام هەرچەندە پۆست لیبراڵەکان هەندێک رەخنەی جێگای باوەڕ لە کۆمەڵگادا دەخەنەڕوو، لە کۆتاییدا ئەم جووڵانەوەیە مەترسییەکە لەسەر دیموکراسی لە جیهاندا.

لیبراڵیزم وەکو ئامانجێکی شۆڕشگێڕانە، لە زەمانی هاتنەئارایەوە لە سەدەی (17 یان 18 یان 19 ی زاینەوە بەوەوە بەستراوە کە بپرسیت) هەمیشە شتێکی زۆری هەبووە: ئەویش رەخنەگرە.

زۆر لە بەناوبانگەکانیان لە گروپی سیاسی چەپ بوون، لە کارل مارکسەوە کە دەربارەی سەرمایەگوزاری و نامۆبوونی کۆمەڵگای بۆرجوازی وڕێنەی دەکرد، هەتا میشێل فۆکۆ کە کۆمەڵگای سیستەماتیکی ئێمەی بە ناشیرین لە قەڵەم دەدا کە لە کاتی دەرکەوتندا بوو. بەڵام لەو کاتەوە کە (رۆبەرت فیلمەر) لە کتێبی (دەسەڵاتی سروشتی شاکان Patriarcha Kings-) داکۆکی لە مافی خودایی شاکان کرد و (جۆزیف دی مایستەر) کاسۆلیکی پاشاخواز، دەسەڵاتی سەردەمی رۆشنگەری بە وێرانکەر لە قەڵەم دا. زۆر کەسی دیکەش لە گروپی سیاسی راست دوژمنی لیبراڵیزم بوون.

یەکێک لە رەخنە دیارەکان دژی لیبراڵیزم لەلایەن گروپێکەوە خرایەڕوو کە خۆیان بە پۆست لیبراڵیزم لە قەڵەم دەدەن و جەخت لە گۆڕینی سیستەم لە ئەمریکا و شوێنەکانی دیکە دەکەنەوە. هەرچەندە زۆر لە رەخنەی پۆست لیبراڵەکان دووبارەکردنەوەی درێژدادڕیی کۆنە، بەڵام ئەم جووڵانەوەیە تەواو بە دەسەڵات و تازەیە کە پێویستی بە تێڕوانینێکی تازەیە.

هەندێک لە پۆست لیبراڵەکان کە زۆر شارەزان و زۆر پرسیار دەکەن رەخنەی وا لە لیبراڵیزم دەگرن کە بەڕاستی کاریگەرە. ئەمانە بەڕاستی دەست لەسەر پەیامی جەختکردنەوەی لەڕادەبەدەر دادەگرن لەسەر تاکگەرایی و بازاڕ

**هەرچەندە پۆست لیبراڵەکان هەندێک ڕەخنەی جێگای باوەڕ لە کۆمەڵگادا دەخەنەڕوو، لە کۆتاییدا ئەم جووڵانەوەیە مەترسییەکە لەسەر دیموکراسی لە جیهاندا.**

دروستکردنی کۆمەڵگا کە دەتوانێت مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بسڕێتەوە. لیبراڵەکان دەبێت لەم ڕەخنەیەوە فێربن: بەڵام دەبێت نیگەرانیش بن لێی. چونکە ئەم پۆست لیبراڵە بونیادگەرایانە، بە ستایشکردنی حکومەتی دیکتاتۆری و دینی، هەڕەشەیەکی جدین لەسەر دیموکراسی، بە تایبەتی ئەوەی کە نموونەکانی ئەوان بووەتە مایەی سەرنجی راستڕەوەکان.

**دوژمنانی لیبراڵیزم**

(ئەدریان ڤێرمیول)، (تیۆریسینی پۆست لیبراڵیزم) لە وتارێکدا بە ناوی ڕێبازی لیبراڵیزم ئاوا دەنووسێت:


«لیبراڵیزم بۆ پاراستنی چالاکیی ڕێبازەکەی پێویستی بە دوژمنە. چونکە هەرگیز ناتوانێت لە ئاوی ئارامدا لەنگەر بگرێت... پێویستە لە هەموو کاتێکدا مشتومڕێک هەبێت بۆ شەڕکردن. لیبراڵێکی باش هەمیشە دەبێت بتوانێت بڵێت: «ئێمە بەرەو پێشەوە چووین، بەڵام ئیشی زۆر ماوە بیکەین.» هەربۆیە کاتێک سەرکەوتنی زەماوەندی هاوڕەگەزەکان ئەوەندە بەخێرایی و لەناکاو، بەتەواوی ڕوویدا، شتێکی دیکە پێویست بوو بۆ ئەوەی ڕۆح بکات بە بەری لیبراڵیزمدا، ڕەگەز گۆڕاوەکان خێرا ئەم بۆشاییەیان پڕکردەوە، هێزە کۆنەپەرستە تازەکانیان پێناسە کرد بۆ ئەوەی دووبارەکردنەوە



فرانسیس بیکۆن

و شکۆمەندی ئەو ئاهەنگە ئاسان بکەن. ئەگەر پشتیوانی و پەسەندکردنی بەناو (ناسنامەی رەگـەزی) ببێتە بنەمای یاسایی و کۆمەڵایەتی، سنوورێکی تازە دەکرێتەوە و بابەتێکی تازە دەچێتە سەری سەرەوەی فەرمانی کاری گشتی، ئەو شتەی ئێستا تەواو نامۆ دێتە بەرچاو- بۆ نموونە فرەژنی یان رووەکخۆریی ئیجباری -ئەوە زامن دەکات کە دژایەتی تازەی ئەو هێزە کۆنەپەرستانە بێ بەزەییانە دەبێت.»

حاڵی حازر پۆست لیبراڵیزم جووڵانەوەیەکی دەستەبژێرییە کە لە دەوری هەندێک بیریار و گۆڤار دەخولێتەوە. فەیلەسوفانی وەکو (پاتریک دەنین) تیۆریسینانی وەکو (ئەدریان ڤێرمیول) بەشی سەرەکی وزەی ئەم قوتابخانەیە دابین دەکەن و گۆڤاری وەکو (First Things) ئایدیاکانی بڵاودەکاتەوە. لەم دواییانە پۆست لیبراڵیزم تەنانەت چووەتە بازنەی فیکری چەپیشەوە، تەنانەت (سوهراب ئەحمەری ملەوەن) کتێبێکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە مەترسییەکانی زوڵم و زۆر لە ژینگەی کاردا نووسیوە. دیار نییە ئەم وزە داخراوە ببێتە سیاسەتی کرداری چ جای ئەوەی ببێت بە جووڵانەوەیەکی جەماوەری. بەڵام لەناو سیاسەتمەدارە



جۆن سیتوارد میل

محافیزکارە گەنجەکاندا وەکو (جی. دی ڤینس) و (جەش هاڤلی) وەرگری پەیداکردووە کە نیشانی دەدات لەوانەیە ئەم رەوتە ئایندەیەکی نەمری هەبێت لەناو گروپی چەپدا.

پێناسەی پۆست لیبراڵ وەکو بە ناوەکەیدا دیارە، بەشێوەیەکی سەرەکی یانی دژایەتی لیبراڵیزم. ئەم دژایەتییە، هەتا رەگوڕیشە میتافیزیکییەکانی بیری مۆدێرن بەردەوام دەبێت. (پاتریک دەنین) لە کتێبی بۆچی لیبراڵیزم شکستی هێنا، رەگوڕیشەکانی وا دەبینێتەوە لە دژایەتی کۆنترەوە بۆ سروشت سەرچاوەی گرتووە کە مەسیحییە لادەرە ئەرستۆییەکان خستبوویانەتەڕوو. لەم روانگەیەوە، سروشت ئامانج و مەبەست بوو،

**هەندێک لە پۆست لیبراڵەکان کە زۆر شارەزان و زۆر پرسیار دەکەن رەخنەی وا لە لیبراڵیزم دەگرن کە بەڕاستی کاریگەرە.**

کۆمەڵگاکان باکیان بەوە نەبوو پشتیوانی یەک ئاکاری هاوبەش (واتە ئاکاری کاسۆلیک) بکەن. لە بەرامبەر ئەمەدا، بەلای کەمەوە لە سەردەمی (فرانسیس بیکۆن)ەوە، ماتریالیست و سیکۆلارەکان سووربوون لەسەر ئەوەی سروشت جگەلە مادەیەکی جووڵاو شتێکی دیکە نییە و تاکە ئامانجی کۆتاییشی تێرکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤە. یانی بەهەمان شێوە کە (تۆماس هۆبز) لە (لویاتان)دا نووسی: « ئێمە بوونەوەرانێکی مادین لە دنیایەکدا و ئەوەی باشە هەمان ئەو شتەیە کە حەزمان لێیە و ئەوەی خراپە هەمان ئەو شتەیە کە بەڕێکەوت حەزمان لێی نییە یان نەفرەتی لێدەکەین.» ئەم میتافیزیکە عەقڵانییە بوو بە هێلانەیەکی تەواو بۆ دەرکەوتنی لیبراڵیزم و زۆربەی ژانرە پێشکەوتنخوازە مۆدێرنەکان.

لە روانگەی پۆست لیبراڵەکانەوە، لیبراڵیزم خۆی لە بنچینەدا جۆرێک خوناسی سیاسیی پووچگەرایانە و تەنانەت وێرانکەریشە، گەورەترین ئامانجی بۆ ژیانی مرۆڤ، تێرکردنی حەز و ئارەزووە، کە ئەم مەسەلەیە تەنیا لە رێگەی میکانیزمەکانی بازاڕەوە سەبارەت بە لیبراڵە راستەکان، یان پێکهاتەیەک لە بازاڕ و خۆشگوزەرانی سەبارەت بە لیبراڵە چەپەکان دابین دەکات. لیبراڵیزم بە هەمان شێوە نکۆڵی لەوە دەکات کە بەمەستی کۆتایی و ئاکاری بەرز وجودی هەیە کە ئێمە دەبێت خۆمانیان تەسلیم بکەین. ئەم دەرگایە بەڕووی ئایدیای ئەزموونەکانی ژیانتدا دەکاتەوە کە (جۆن ستیوارت میل) دەیخاتەڕوو: لە چەند عەشقییەوە بگرە تا هاوڕەگەزبازی تا رەگەز گۆڕین. لە روانگەی پۆست لیبراڵەکانەوە، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵگا و هەستکردن بە پووچیی مەعنەوی کە ئێمە بۆ ژیانەوەی ئەوانە دەبێت شکست بە لیبراڵیزم بهێنین.

> **هەڵبەتە هەموو قسەکانی پۆست لیبراڵەکان بێتاقەتکەر نییە. نیگەرانیی دڵسۆزانەیە بۆ بێبەشی ئابووری و زوڵم لە شوێنی کاردا، پێویستە لیبراڵەکان بایەخی پێبدەن**

**پۆست لیبراڵەکان چیان دەوێت؟**

هەتا ئەم دواییانە، پۆست لیبراڵەکان بەشێوەیەکی سەرەکی ئیشیان ئەوەبوو رەخنە لە لیبراڵیزم بگرن تا ئەوەی ئەڵتەرناتیڤی دروستکەر بخەنەڕوو. بەلای کەمەوە بەشێک لەم ئەگەرانە لەو نیگەرانییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەوانەیە خەڵک زیاتر ئەوە قبووڵ بکەن رەخنە لە سیستەمی لیبراڵی هاوچەرخ بگیرێت تا ئەوەی پۆست لیبراڵەکان دەیانەوێت بیکەن بە ئەڵتەرناتیڤی. ئەگەر ئاوا بێت، هۆکارێکی باش هەیە بۆ ئەو نیگەرانیانە. (دەنین) لە تازەترین کتێبیدا بە ناوی (گۆڕانی سیستەم) خوازیاری گۆڕینی سیستەمی ئەمریکایە لە رێگەی جێگرتنەوەی دەستەبژێری نیولیبراڵە فیعلییەکانەوە بە دەستەبژێرە محافیزکارەکان. دەستەبژێرە محافیزکارە تازەکانیش حکومەتێکی پۆست لیبراڵ دادەمەزرێنن کە بە قسەی (دەنین)، لە مەجەڕی (ڤیکتۆر ئۆربان) دەچێت. یانی کارەکتەرێکی مەسیحی ناسیونالیست خەریکە بە جەختکردنەوە لەسەر پێکهێنانی خێزانی ناهاورەگەزباز (یانی خێزانی کلاسیکی ژن و مێرد) بەڵام کتێبەکە زیاتر نیگەرانییە قووڵەکان سەبارەت بە وڵات نابینێت یان بازی بەسەردا دەدات، لە وانەش:



پاتریک دەنین

پاشەکشەی دیموکراسی، دیکتاتۆری نەرم و سەرکوتکردنی ناڕازییەکان، سووکایەتیی رەگەزی کەمایەتییە دینی و نەتەوەییەکان.

(ئەدریان ڤیرمیول لە کتێبی (دەستووریبوونی چاکەی گشتیدا) زیاتر لەوەی داکۆکی لێبکات بە ئاشکرا حکومەتی دیکتاتۆری لە باوەش دەگرێت. بە راشکاوییەکی سەرنجڕاکێشەوە باس لەوە دەکات دیموکراسی خۆی لە خۆیدا ئەوەندە شتێکی گرنگ نییە. ئەو بیرۆکەیە رەتدەکاتەوە کە دیموکراسی خاسیەتی تایبەتی هەیە و دەڵێت لەبەرئەوەی دیار نییە دیموکراسی لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بێت، دیار نییە کە باشترین سیستەم بێت و وەڵامی ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە هەلومەرجەکەوە. ئەدریان پێی سەیرە کە بۆچی محافیزکاران هێشتا خۆیان بە ئایدیای پابەندی داوەری (پابەندی بە شرۆڤەی یاساکان)ەوە سەرقاڵ کردووە و خوازیاری ئەوەن حاکمە راستڕەوەکان دەسەڵاتی خۆیان بۆ چاکەی وڵات بەکاربهێنن، ئەم بانگەشەیەی لە کۆڕی مافپەروەرانی ئەمریکادا وەرگری ئارەزوومەندی پەیداکردووە. دیدگای پۆست لیبراڵەکان بەکردەوە دیدگایەکی دیکتاتۆرییە.

گەورەترین کێشەی تیۆری پۆست لیبراڵیزم دەگەڕێتەوە بۆ حەزی بنچینەیی (دەنین) بۆ لایەنە میتافیزیکییەکەی. جەماعەتی پۆست لیبراڵەکان هەوڵدەدەن بە وێرانکردنی ئاکاری وجودی میتافیزیکی لیبراڵیزم بە ئامانجی خۆیان بگەن، کە مەبەست هەمان پەیمانی عەقڵانیی زانستی و (هیچ نەبێ بەلای زۆرکەسەوە) ماتریالیزمێکە کە سەرەتا لەلایەن (بیکۆن و هۆبز)ەوە گەشەی کردووە. بەڵام ئەمە تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، کە هەڵبەتە وا نییە، لەڕاستیدا خەوشێکی پووچە. تەنانەت ئەگەر قبووڵکردنی میتافیزیکەکەی (بیکۆن یان کانت یان میل) لە جیاتی مەبەستگەرایی و مافی سروشتی (ئەرستۆ و ئەکویناس)، لەلایەنی ئاکارییەوە پووچ بوایە، ئەمە پەیوەندی بە راستی و دروستی لاف و گەزافی میتافیزیکی گرووپی یەکەمەوە نییە. لافێکی میتافیزیکی دەبێت لە چوارچێوەی میتافیزیکیدا وەڵام بدرێتەوە، ئەگەر نا تەنیا دەتوانرێت بگوترێت زۆر باش دەبوو ئەگەر دنیا بەشێوەیەکی تر بوایە..

هەڵبەتە هەموو قسەکانی پۆست لیبراڵەکان بێتاقەتکەر نییە. نیگەرانی دڵسۆزانەیە بۆ بێبەشی ئابووری و زوڵم لە شوێنی کاردا، پێویستە لیبراڵەکان

بایەخی پێبدەن، بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا هاودەردن کە نیولیبراڵیزم، نەک تەنیا یارمەتیدەرێکی بەهادار نییە، بەڵکو لەو کاتەوە کە دیار نەماوە، زیانیشی داوە. بەڵام بیرمەندانی لیبراڵ بێگومان دەتوانن بایەخ بەم رەخنانە بدەن و چاکی بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات تەڕ و وشک لە ئاگری دیکتاتۆرییەتدا بسووتێنن.

گۆڕینی دەستەبژێری نیولیبراڵ کە باوەڕیان بە دیموکراسییەکی ناتەواو هەیە، بە دەستەبژێری محافیزکار کە باوەڕیان وایە پێویستمان بە دیموکراسی نییە، یانی گۆڕینی خراپ بە خراپتر.

بەڵکو لیبراڵەکان دەبێت هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی لیبراڵیزم چیتر تەنیا ئامانجی ئەوانە نەبێت کە دەڵێن ئەمە خراپترین ئایدیۆلۆجیای سیاسی مومکینە ئەگەر باقیەکەی حساب نەکەین. لیبراڵیزم وەکو رابردوو دەبێت فەلسەفەیەکی سیاسی بێت کە هاندەری پەیمانی ئازادی و یەکسانی و یەکێتی بێت.

**سەرچاوە:** Nebesht. Com

بە هەندێک کورتکردنەوەوە.

**سەرچاوەی ئەسڵی:**

Institute of Art and Ideas

***مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی مەشیگان.**

# مێژووی ئارەق و شەراب لای عەرەب

ئامادەکردنی : بەرزان عەباس بەدری

مـێـژووی خـــواردنـــەوەی مـــەی لە دورگـــەی عـــەرەب دەگـــەڕێـتـــەوە بۆ هـــەزاران ســـاڵ، هـــەروەهـــا لـە کتێبی (تەورات) چەندین چیرۆک لەو بارەیەوە باسکراوە، یەکێک لەو چیرۆکانە باسی مێوە ترێ و خواردنەوەی مەیە لە لایەن ئەو پەیامبەرانەی پێش هەزاران ساڵ لەو ناوچەیە ژیاون.

لـە کتێبی (هێما و نـەریـت)ی جان صدقە کە توێژینەوەیەکی وردە باس لە ئەفسانە کۆنەکان دەکات و دەڵێت:

(درەختی ژیان و مردن ئەو درەختەی لە تـەورات باسی لێوەکراوە مەبەست لێی مێو و ترێیە)، لـە لایـەکـی تـرەوە لە هەندێک لـەو تەفسیرانەی بۆ چەند ئایەتێکی قورئان کراوە باسی مێو و ترێ هاتووە وەک ئاماژەیەک بۆ ئادەمی باوکی مرۆڤایەتی، کە ئەویش بە هەمان شـێوە ترێی خـــواردووە. یەکێک لەو بابەتانەی توێژەر تیشکی دەخاتە سەر (شەراب)ەو وەک گوزارشتێک کە مانای نەمری دەبەخشێت، لە لایەکی تـرەوە لە هەندێک لە ئایینە دێرینەکان وەک ئاماژەیەک بووە بۆ گەنجی و جوانی و بەردەوامی ژیان، هەروەها وەک هێمایەک بۆ زانایی و دانایی ئاماژەی پێکراوە! بە هەمان شێوە (ئینجیل) دوور نەبووە لەم بابەتەوە، یەکێک لەو پەرجوانەی باسی لـێوەکراوە ئـەو خەسڵەتەی پەیامبەر (عیسا)ە، کاتێک لە ئاهەنگی زەماوەندێکدا لە شارۆچکەی (قانا جەلیل) کە ئێستا دەکەوێتە (لوبنان) ئامادە دەبێت، وەک باسدەکرێت دوای ئەوەی ئەو شەرابەی بۆ ئاهەنگەکە دانراوە و تەواو دەبێت و ئـامـادەبـووان ئـارەزووی خـواردنـەوەی زیاتری شەراب دەکەن، بڕێکی دیاریکراو لە ئاویان بۆ دەکات بە شەراب!

مـەمـلـەکـەتـێـک هـەبـووە لـە نیمچە دورگەی عەرەب ناوی (شانشینی ئەنباط) بووە، ئەم شانشینە دەتوانین بڵێین وەک سـەرەتـایـەک بـووە بـۆ دروسـتـکـردنـی شەراب لەو ناوچەیە، بەو پێیەی مێژووی ئـەم شانشینە دەگـەڕێـتـەوە بـۆ پێش لەدایکبوونی مەسیح بە چـوار سـەدە! بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی دۆزراوەتـەوە بە روونـی ئـەوە دەردەکـەوێـت عـەرەب هـەتـا چـەنـد گرنگیان داوە بـە تـرێ و دروسـتـکـردنـی مـەی و شــەراب. مستەفا ئەبو ضـەیف احمد لە کتێبی (توێژینەوە لە مێژووی عـەرەب لە سـەردەمـی پێش ئیسلام هـەتـا سـەردەمـی ئەمەویەکان) بـاس لـەوە دەکـات، ئـەنـبـاطـەکـان زۆر هـۆگـری شـــەراب ومـــەی بـــوون، بۆ گوزارشت لەو هەستەی هەیان بووە بە شێوەیەکی سـەرسـورهـێـنـەر شـەرابـیان دروست کردووە و لە ناو گۆزەی جوان هەڵیانگرتووە، هەروەها چەندین قەواڵەی بەردین دۆزراوەتـەوە وەک ئاماژەیەکە بـۆ شـێـوازی هـەڵـگـرتـنـی شـــەراب لە عەمبارەکانی تایبەت بە شەراب!



شیعر بە دوور نەبووە لە گەیاندنی ئەو هەستەی لە ناخی عەرەبدا هەبووە، ئەوەتا دەبینین پێش 1400 ساڵ و لەو سەردەمەی بە (جاهیلی) ناوبراوە، مێژوونووسی عیراقی (هادی العلوی) باس لەوە دەکات و دەڵێت: (شەراب یەکێک لە خواردنەوە هەرە تایبەت و چێژ بەخشەکانی سەردەمی جاهیلی بووە)!

لە لای عەرەبەکان مەی و شەراب لە دانیشتنە تایبەت و گەورەکان گرنگییەکی زۆری پێدراوە، دەگێڕنەوە (ئەعشا و طەرەفەی بن عەبد) لە هەرە بەناوبانگەکانن کە بە روونی و بە جوانی لە شیعرەکانیاندا وەصفی شەرابیان کردووە. لە کتێبی (ئینسکلۆپیدیای کەلەپور)ی هادی عەلەویدا هاتووە.. دوای مردنی (ئەعشا) قەبرەکەی یەکێک بووە لەو شوێنانەی گەنجەکان بۆ ئارامی

و حەسانەوەی مێشکیان دەچوونە سەری و بە دیاریەوە مەی و شەرابیان خواردووەتەوە! ئەعشا یەکێک بووە لەو کەسانەی سەرەڕای ئەوەی مەی خواردۆتەوە، لەهەمان کاتدا کەسێکی بلیمەت و دانای سەردەمی خۆی بووە و زۆر لە شارەزایانی بواری مێژوو بە (ئەبو نەواس) دەیشوبهێنن! ئەوانەی شارەزای مێژوون دەزانن هەردوو سەردەمی (ئەمەوی و عەباسی) سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک وەرچەرخانی مێژوو تێیدا روویداوە لە هەمانکاتدا بە سەردەمی مەی و مەیخۆران لە قەڵەمدراوە و ناویان لێناوە سەردەمی (الخمريات – مەیخۆران).

لەم بارەیەوە رۆماننووس و توێژەری یەمەنی (عەلی قەمەری) لە کتێبی (مەی و شەراب لە ئیسلام)دا دەنووسێ: بازرگانە بە ناوبانگەکانی ئەو سەردەمە کاتێک دەهاتن بۆ (مەککە) لەگەڵ خۆیاندا (باشترین و نایابترین) جۆرەکانی خواردنەوە کحولییەکانیان دەهێنا و دانیشتنەکانیان (پێ دەڕازاندەوە)!

لە مەڕ ئەم بابەتە شارەزای بواری مێژوو (رەقیق قەیرەوانی) کە لە سەردەمی (فاتمییەکان)دا ژیاوە و لە کتێبی (قطب السرور فی اوصاف الانبذة والخمور) دەڵێت: عەرەبەکانی نیمچە دورگەی عەرەب شارەزاییەکی باشیان هەبووە لە دروستکردنی شەرابدا بە ترێ، بە تایبەت



ساڵی 2021 لە کنەو پشکنینێکدا لە شاری (دهۆک) شوێنەواری کارگەیەکی دروست کردنی شەراب دۆزراوەتەوە بەپێی ئەو شیکاریانەی کراوە (تەمەن)ی ئەو کارگەیە زیاتر لە 2700 ساڵە و وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (پاشاکانی ئاشوور).

دانیشتوانی دۆڵی یەمەن و توهامە و طائف و مەدینە و دۆڵی قورا، لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: لەو سەردەمەدا گرنگییەکی زۆر دراوە بە رواندنی دار خورما و مێو و بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو خەڵکدا بڵاو بووەتەوە و زۆر لە دانیشتوان گرنگیانداوە بە دروستکردنی مەی و شەراب!

لەم بارەیەوە شارەزایانی ئەو بوارە لەو باوەڕەدان کۆنترین (کارگە)ی دروستکردنی شەراب لە ناوچەیەکی کوردستانی (عیراق) بووە، بە پێی ئەو توێژینەوانەی کە لەم بارەیەوە کراون مێژووی دروستکردنی (کارگە)کە

دەگەڕێتەوە بۆ 2700ساڵ و بە تایبەت دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی (ئاشوور) ییەکان!

شارەزای بواری مێژوو (جەواد عەلی) کە خەڵکی عیراقە لە کتێبی (المفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام)دا دەنووسێت: مەیخۆران بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان و بۆ سەرگەرمکردن و گۆرانی وتن و قسەی خۆش و خواردنەوەی مەی و شەراب دەچوون بۆ (پەرستاگا)کان! هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە یەکێک لەو چین و توێژانەی لەو سەردەمەدا گرنگیان داوە بەم کارە پیاوانی (ئایینی) بوون! لەبەرئەوەی شارەزاییەکی باشیان هەبووە لە دروستکردنی مەی و شەرابدا! مێژوونووس جەواد عەلی باس لەوەش دەکات: جووەکان و کریستیانەکان بەو پێیەی شارەزاییەکی باشیان هەبووە لەو بوارەدا بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنران بۆ بازرگانی کردن بە خواردنەوە کحولییەکانەوە. لەو سەردەمەدا لە چەندین ناوچە و شوێن بازرگانی شەراب و مەی کراوە. دیارترینیان (دورگەی عەرەبی و یەمەن و عیراق شام) بووە، لە بارەی دیارترین ئەو پەرستگا و شوێنانەی مەی و شەرابیان تێدا خوراوەتەوە ماڵەکەی هۆزانڤان (هندی کچی نوعمانی کوڕی مونزیر) بووە لە (کوفە). لەم بارەیەوە (ابو حیان) شیعرێکی تایبەتی بۆ ئەو شوێنە نووسیوە و دەڵێت:

یا دیر هند لقد أصبحت لي أنساً
ولم تكن قطُ لي یا دیر مئناسا سُقیاً
لظلك ظلاً كنتُ آلفُهُ
فیه أعشارُ قِسیساً وشماسا
لا أعدمُ اللهوَ في أرجاء هیكلِه
ولا أردُ على الساقي بهِ الكاسا
دمُ اللهوَ في أرجاء هیكلِه
ولا أردُ على الساقي بهِ الكاسا

### مەی لە (یەثرب – مەدینە) لە خورما دروست دەکرا!

ئەمڕۆ بە هەموو جۆرەکانی مەی یاخود ئەو خواردنەوانەی دەبێتە هۆی مەست بوون و سەرخۆش بوون دەوترێت ( خواردنەوە کحولییەکان)، بەڵام لە زمانی عەرەبی جیاکراوەتەوە. بەو مانایەی ئەو جۆرەی لە (ترێ) دروست دەکرێت پێیان وتووە (خەمر)، جۆرەکانی تر پێکهاتەکەی لە هەر شتێک بووبێت پێی وتراوە ( نەبیذ)!.

(علاءالدین الکاسانی) کە یەکێکە لە زانایانی مەزهەبی ( حەنەفی) لە سەردەمی (سەلجوقیەکان)دا ژیاوە، ئەویش باسی هەندێک جۆری مەی دەکات وەک (السَکَر – الفضیخ – تقیع الزبیب – الطلاء – الباذق – المنصف – المثلث – الجمهوري – ابو سقیا – الخلیطان – المِزر – الجعة – البتع). الکاسانی لە کتێبی ( بدائع الصنائع فی ترتیب الشرائع) دەنووسێ: شەراب لە ئاوی ترێ دروست دەکرێت،


ئەو جۆرە عەرەقەی بە (السكر) ناسراوە لە خورما دروست دەکرێت، الفضيخ لە شیلە و ئاوی جۆرە خورمایەک دروست دەکرێت کە پێی دەوترێت (البسر) ئەم جۆرە خورمایەی بەو خورمایە دەوترێت کە هێشتا تازەیە و نەگەییوە!

ئەو جۆرەی کە پێی دەوترێت ( نقيع الزبيب) ئەوەندە دەپاڵێورێت هەتا هیچ شیرینییەک لەو ترێیە یاخود مێوژەدا نامێنێت! هەرچی پەیوەندی بە جۆرەکانی وەک (الطلاء – الباذق – المنصف – المثلث – الجمهوري)یەوە هەیە، هەمووی لە ئاوی ترێ دروستکراوە و هەر جۆرەیان تامێک و رێژەی کحولەکانیان جیاوازە، بەڵام (الخليطان) جۆرە خواردنەوەیەکی کحولیە و پێکهاتەکەی تێکەڵەیەکە لە خورما و مێوژ، یاخود خورمای تازە گەییو، (المزر) لە گەنمەشامی و بیرە لە ئارد و جۆ و (البتع) لە هەنگوین دروست دەکرێت.

هاوەڵی بەناوبانگ (ئەبو موسای ئەشعەری) دەڵێت: عەرەقی مەدینە لە خورما و شەرابی فارسەکان – ئێرانییەکان لە ترێ و عەرەقی یەمەن لە هەنگوین و عەرەقی حەبەشە لە برنج دروست دەکرا.

**بازرگانی خواردنەوە کحولییەکان لە لای عەرەب:**

وەک لە هەندێک سەرچاوەی مێژوویدا



تابلۆیەکی مۆزاییکیە گوزارشت لە ئامێرێکی دروست کردنی خواردنەوە کحولییەکان دەکات لە کەنیسەی (لوط و برۆکۆبیۆس ) لە ناوچەی (خربة المخيط) لە گوندی (نیبو)ی پارێزگای (مادەبا) لە ئوردون دۆزراوەتەوە.. مێژووی ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی.

هاتووە لە سەردەمی خۆیدا و پێش هاتنی ئیسلام (مەککە) سەنتەرێکی گەورەی بازرگانی خواردنەوە کحولییەکان بووە لە نیمچە دورگەی عەرەب، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەوتبووە (ناوجەرگەی) ئەو دوو هێڵە بازرگانیەی وەک دەوترێت بە بڕبڕەی سەرەکی بازرگانی دانراوە لەو سەردەمەدا، ئەوانیش رێگای ( یەمەن –شام ) و (نەجد – عێراق – فارس – یاخود ئێران)، هەروەها سنووری دەریاییشی هەبووە ئەویش لەرێی بەندەری (جدە) لە رێی ئەم بەندەرەوە دەگەیشتنە (دەریای سوور)!

(سەعید الافغانی) لە کتێبی (اسواق

العرب فی الجاهلية والاسلام) دەڵێ: خواردنەوە کحولییەکان سەرچاوەیەکی گرنگی بازرگانی بوو لە لای عەرەبەکان، لە درێژەی نووسینەکەیدا باسی چەند ناوچەیەک و شارێک دەکات کە (خۆشترین) جۆرەکانی مەییان دروست کردووە، بە ناوبانگترینیان ( غەززە – ئەذرعات – ئەندرین ) لەشام و حیرە لە عیراق.

(أمرء القيس) یەکێکە لە شاعیرانی سەردەمی (جاهیلی) لە یەکێک لە تێکستە شیعرییەکانی بەم شێوەیە لەسەر بازرگانی کردن بە خواردنەوە کحولییەکان دەنووسێت:

إذا ذقتُ فاها قلتُ طعم مُدامة *
معُتَّقةٍ مما يجيء به التُّجْرُ

لە کتێبی ( المحاسن والاضداد) ی جاحظ ناوی ئەو کەسە ناودارانەی هێناوە کە کاریان بازرگانی کردن بووە بە خواردنەوە کحولییەکان، لە دیارترینیان (عقبة بن ابي المعيط)... عەقەبە یەکێک بووە لەو کەسانەی سەرەڕای ئەوەی بازرگانی خواردنەوە کحولییەکانی کردووە لە هەمان کاتدا کەسایەتیەکی کاریگەر و بەهێزی قورەیشییەکان بووە.

لە (صحيح البخاری)دا هاتووە تەنانەت لە سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) هەندێک لە هاوەڵان مەییان فرۆشتووە، بەڵام دواتر رێگری لێدەکرێت و قەدەغە دەکرێت.

## قەدەغەکردنی خواردنەوە کحولییەکان پێش ئیسلام و دوای ئیسلام

سعید الافغانی لە بەشێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێت: (خواردنەوەی مەی لە ناو عەرەبدا بە شێوەیەکی بەرچاو و بەرفراوان بڵاوببووەوە و ژمارەیەکی بەرچاو مەیخانە و شوێنی تایبەت بە مەیخواردنەوە زیادی کردبوو، ئەتوانین بڵێین بازاڕەکانی (تەنی) بوو! لە گرنگترین ئەو شوێنانەی خواردنەوە کحولیەکانیان لێ دەهێنا بۆ شارۆچکەی (مەجنە)ی نزیک مەککە (بوصرا و غەززە) بوو لە شام!

الافغانی دەڵێت پیاوان و تەنانەت ژنانی عەرەب سەرقاڵی ئەم کارە بوون، یەکێک لەو چیرۆکانەی باسی دەکات ئەمەی خوارەوەیە:

جارێکیان پیاوێک هاوسەرەکەی لەگەڵ دوو ژندا دەنێرێت بۆ (عکاظ)، ئەم ژن و مێردە پیشەیان دروستکردن و فرۆشتنی ڕۆن بووە، وەک دەگێڕنەوە دوای ئەوەی کاڵاکەیان دەفرۆشن، ژنەکە لەو شەرابە دەخواتەوە کە پێشتر باسمان کرد، بە جۆرێک ئارەزووی خواردنەوەی دەکات تەنانەت ئەو برە پارەیەی لە فرۆشتنی ڕۆنەکە دەستی کەوتبوو هەمووی دەدات بە شەراب! هەر بەوەشەوە ناوەستێت ئەو دوو ژنەی لەگەڵیدا هاتبوون بە شەراب دەیانگۆڕێتەوە! کار دەگاتە ئەوەی

پەیوەندی لەگەڵ کوڕی خاوەن ئەو شوێنەی شەرابی لا دەهێنێت دروست دەکات. ئیدی ئەوی تر دیارە! لە پێش هاتنی ئیسلام وەک دەڵێن لە سەردەمی (جاهیلی) هەندێک کەس خواردنەوەی مەییان پێ حەرام بووە، دیارترینیان (عبدالمطلب بن هاشم)ی باپیری پێغەمبەر و (وەرەقەی کوڕی نەوفەل) و (وەلیدی کوڕی موغەیرە)ی کەسایەتی دیار و کاریگەر و گەورەی ناو قورەیشییەکان.

دەگێڕنەوە شاعیری بەناوبانگی سەردەمی خۆی ( مقیس بن صبابە)کە یەکێک بووە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی سەردەمی جاهیلی،کاتێک مەی لە خۆی حەرام دەکات و بڕیاردەدات بە هەموو شێوەیەک دوور بکەوێتەوە لە خواردنەوەی مەی بەم شێوەیە گوزارشت لەو هەستە دەکات کە دایگرتووە:

رأيت الخمر طيبةً وفيها * خصالٌ كلها دنسٌ ذميمُ

فلا واللهِ أشربُها حياتي * طوالَ الدهرِ ما طَلَع النجومُ

سەبارەت بەوەی لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام و سەرەتای بڵاوبونەوەی پەیامی ئیسلام هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە مەی و شەراب حەرام کرابێت. هیچ بەڵگەیەک نییە باس لەوە بکات تەنانەت لە ساڵی سێیەمی کۆچی خواردنەوەی مەی و شەراب حەرام کرابێت!

هەنێک سەرچاوە و بوچون هەیە باس لەوە دەکەن ساڵی چوارەمی کۆچی مەی و شەراب حەرام کرابێت، هەندێک تر ئەڵێن ساڵی شەشەمی کۆچی حەرام کراوە، هەندێک سەرچاوە تەنانەت دەڵێن نەخێر هەتا ساڵی هەشتەمی کۆچی و (فتح)ی مەککە مەی حەرام نەبووە! بەڵکو دوای ئەوە خواردنەوەی مەی و شەراب حەرام کراوە. زانایانی ئاینی ئیسلام باس لەوە دەکەن حەرام کردنی مەی بە شێوەیەکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو بە قۆناغ بووە، سەرەتا وتراوە قێزەونە و باشتر وایە نەیخۆنەوە، دواتر وتویانە لەکاتی خواردنەوەی مەی مەیەن بۆ نوێژکردن یاخود نوێژ مەکەن، هەتا ئەو کاتەی چەند ڕووداوێک ڕوودەدات لە نێوان هاوەڵەکان و ئیتر لێرەوە بە تەواوەتی بڕیار لەسەر حەرامکردنی دەدرێت، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خودا وەک دەوترێت هاوەڵەکان ئەوەندە مەی و شەراب لە مەدینە دەڕێژن (ڕووبارێک) لە مەی و شەراب دروست دەبێت!

زانیاریەکی تر لە لایەن خۆمانەوە بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە: لە کتێبی (پەروەردەی ئیسلامی پۆلی 9) لە لاپەڕە (68-70) یەکێک لەو وانانەی لەو کتێبەدا هاتووە بە ناونیشانی (حەرامکردنی مەی خواردنەوە) باسی قۆناغەکانی

حەرامکردنی مەی کراوە و چەندین ئایەت بە نموونە هێنراوەتەوە، سەرەتا بەم ئایەتەیە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) دەست پێدەکات و بە (إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ ) کۆتایی دێت المائدة:91.

لە کتێبی (قطب السرور)دا هاتووە کێشمەکێشێکی زۆر هەبوو سەبارەت بە حەرام کردنی جۆرەکانی خواردنەوە کحولییەکان، بۆ نموونە دەوترا ئەوەی لە خورما دروست دەکرێت حەرام بێت یان ئەوەی لە ترێ! دەوترێت تەنانەت دوای ئەو بڕیارە هەندێک لە هاوەڵەکان شەرابیان دەخواردەوە و پێیان وابوو ئاساییە ئەگەر بڕێکی دیاریکراو بێت و نەبێتە هۆی سەرخۆشی!

لە کتێبی (المغنی) ابن قوتامەدا بە جۆرە مەشروبێک کە بە (الطلاء) ناسراوبووە و پرسیاری ئەوە کراوە ئایا (جائیزە) خواردنەوەی بەو پێیەی (سێ) بەشی کحولەکە لادەبرێت، لە وەڵامدا وتویەتی (کێشە) نییە!

لەبەرامبەردا کەسانێک هەبوون بەرهەڵست بوون و دژی بوون و بەرامبەر ئەم وەڵامە وتویانە (نەخێر)





تابلۆی خانمێکە لە کاتی ئامادەکردنی شەراب.. ئەم وێنەیە لە لایەن زانای بواری ئەندازیاری (اسماعیل جزری) نەخشێندراوە و لە کتێبی(الجامع بين العلم والعمل النافع لصناعة الحيل) دانراوە.

نابێت بخورێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمیش بەهەمان شێوە خەڵک سەرخۆش دەکات، لە لایەکی ترەوە (ابن حمبل) وتوویەتی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) ڕێگەی داوە بە خواردنەوەی ئەگەر بێت و بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بێت!

لە (سنن الدارقطنی)دا هاتووە و دەڵێت عومەری کوڕی خەتاب سەبارەت بەو جۆرە خواردنەوەیە و هۆکاری ڕێگەپێدان بۆ خواردنەوەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی دەتوانێت هاریکاریەکی باشی گەدە بکات

بۆ راماڵین و هەرسکردنی ئەو خواردنە چەورانەی دەخورێت بە تایبەت گۆشتی (حوشتر). (قەیرەوان)یش دەگێڕێتەوە... هاوەڵی ناودار (سفیان الثوری) یەکێک بوو لەو کەسە دیارانەی ئەو جۆرە خواردنەوەیەی دەخواردەوە. زاناکان بە تایبەت ئەوانەی لە ئاییندا قاڵن، کحولیان بە گرنگ زانیوە بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی و تیمارکردن، هەروەها دەڵێن ئەگەر لە کاتی پێویستدا و لە کاتی نەبوونی ئاو لەو شوێنە ئاساییە (ئەگەر) بڕێکی کەم مەی بخورێتەوە بۆ ئەوەی ئەوە کەسە گیان لە دەست نەدات هەتا دەگاتە ئەو شوێنەی ئاوی لێیە!




### تیمارکردن و پاڵاوتنی ئاوی زەمزەم

هیچ گومانی تێدا نییە کحول وەک چۆن زیانی هەیە سوودیشی هەیە، عەرەب و موسوڵمانان بەدەر نەبوون لە بەکارهێنانی کحول بۆ چارەسەرکردن و تیمارکردن، پزیشکانی ئەو سەردەمە باسیان لەوە کردووە کە خواردنەوەی مەی سوودی خۆی هەیە ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی رێک و پێک بخورێتەوە، هەروەها باسیان لەوەش کردووە ئەگەر بێت و زیادەڕۆیی تێدا بکرێت دەبێتە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی ئەو کەسەی خواردویەتیەوە. پزیشک و فەیلەسوف و دانا و زانا (ابوبکر رازی) یەکێکە لەو زانایانەی تیشک دەخەتە سەر ئەوەی مەی جۆرە گەرمییەک لە جەستەدا دروست دەکات کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو ژەهر و پیسیەی لەناو خوێندا هەیە، دەشڵێت کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە بۆ لەناو بردنی ژەهری مار و دوپشک. لە درێژەی باسەکەیدا ابوبکر رازی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت.. مەی یەکێک لەو کاریگەریە باشانەی لە ڕووی دەروونییەوە هەیەتی و ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی

زانستیانە بەکاربهێنرێت دەتوانرێت سوودی لێببینرێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی (مالیخۆلیا-ماخۆلان) یاخود (خەمۆکی).

ابوبکر رازی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە و دەڵێت بەڵێ خواردنەوە و زیادەڕۆیی لە خواردنەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی گەلێک نەخۆشی.. لەوانە ( جەڵتەی مێشک – شەلەل – لەرزین – وڕێنەکردن - -دڵەڕاوکێ) و چەندین نەخۆشی تر.

قەیرەوانی لە کتێبی ( قطب السرور) دیوە باشەکانی خواردنەوەی شەراب دەخاتەڕوو، بۆ نموونە دەڵێت: دەبێتە هۆی گەرم بوونی گورچیلە و میزەڵدان و هۆکار و هاوکارێکی باشە بۆ فڕێدانی ئەو بەردانەی کە لەو شوێنانەدا هەیە، هەروەها دەڵێت سوودی بۆ (سنگ و سییەکان) هەیە. قەیرەوانی دەڵێت جۆرە خواردنەوەیەکی کحولی هەیە لە (هەنگوین) دروست دەکرێت، هۆشداری دەدات و ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات کە زوو تووڕە دەبن یاخود گەنجن نەیخۆنەوە و دەڵێت باشتر وایە کەسانی کامڵ و ئەوانەی لە تەمەندان بیخۆنەوە، باسی لەوەش کردووە بۆ ئەو کەسانەی کامڵن هاوکارێکی باش دەبێت بۆ چارەسەرکردنی بەڵغەم و ژێیە دەنگییەکان و ئەو کێشانەی لە قورگدا دروست دەبێت.

قەیرەوانی لە زاری (حەنین بن ئسحاق) کە یەکێک بووە لەو پزیشکە عەرەبانەی باسی ترێ یاخود مێو دەکات و دەڵێت... (زۆر گەڕام بەدوای چارەسەرێک بۆ تیمارکردن و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی روویان تێدەکردم، چەندین دەرمان و گژوگیام بەکار هێنا، بەڵام هەرگیز هاوشێوەی مێوم دەست نەکەوت بۆ چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی.

توێژەری یەمەنی (علی المقری) کتێبێکی هەیە کۆمەڵێک بابەتی تێدایە لەسەر ئەم باسە و سوودی لە چەندین سەرچاوە وەرگرتووە، یەکێک لەو سەرچاوانە کتێبێکی نووسەری بەناوبانگی عیراقی (هادی العلوی)یە، دەڵێت: لەو سەردەمدا هەندێک جۆری خواردنەوە کحولییەکانیان تەنانەت بۆ ڕێکخستنی قژیان بەکارهێناوە، بە تایبەت لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا!! لە کتێبی (من قاموس التراث)ی هادی عەلەوی بابەتی سەیر و سەمەرەی تێدایە.. بۆ نموونە دەڵێت لە جاهیلیدا بۆ پاڵاوتنی ئاوی بیرەکانیان خورما و ترێیان بەکارهێناوە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە دانیشتوانی (مەککە) ئەو ڕێگەیەیان بەکارهێناوە بۆ پاڵاوتنی (ئاوی زەمزەم)!!

## خواردنەوەی مەی و شەراب لە کۆشکی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان

خـواردنـەوەی مـەی و شـەراب بە پێی شـەریـعـەتـی ئیـسـلام بـە هـەمـوو شێوەیەک حـەرام کـراوە، لـەسـەر ئەم پرسەش چەندین زانای ئایینی جەختیان لـەسـەر ئـەوە کـردووەتـەوە و دەڵێن خوای گەورە حەرامی کردووە و نابێت مرۆڤی بـاوەڕدار نزیک بێتـەوە لێی، بەڵام بە پێی ئەو توێژینەوە زانستیانەی لەسەر ئەم بابەتە کراوە و لەو دەقە مێژووییانەی دەست کەوتووە باس لە خواردنەوەی مەی دەکەن بە شێوەیەکی بەربڵاو و فراوان بەتایبەت لەسەردەمی ئـەمـەویـیـەکـان هـەتـا سـەردەمـی عوسمانییەکان، تەنانەت باس لەوەش ئەکرێت زۆرێک لە خەلیفە و سوڵتانەکان مـەی و شـەرابیـان خـواردوەتـەوە! بە پێچەوانەی ئەو سەردەمانە بە تایبەت سـەردەمـی (خـەلافـەتـی راشـدیـن) هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە چوار خەلیفەکە مەی و شەرابیان خواردبێتەوە. لە کتێبی (الخلافە الاسلامیە)ی نووسەر و بیرمەند ویاساناسی میسری دادوەر ( محمد سعید العشماوی)یدا هاتووە: سەردەمی ئەمەوییەکان بە یەکێک لەو سەردەمانە دادەنرێت کە خواردنەوەی مەی و شـەراب بە شێوەیەکی بەرچاو و فـراوان تیایدا بڵاوبۆتەوە، هەتا ئەو ئاستەی تەنانەت لە وەرزی فەریزەی (حـەج) بە شێوەیەکی نیمچە ئاشکرا شەراب و مەییان خواردوەتەوە!

زۆر دانیـشـتـن و مـەجلیـس لـەو سـەردەمەدا و لەناو خەڵکدا دەنگدانەوەی لێکەوتووەتەوە، بۆ نموونە دانیشتنەکانی خەلیفەی ئەمەوی (یزید بن معاویە) هەر لەم بارەیەوە لە کتێبی (نهایة الادب فی فنون الادب)دا دەڵێت نازناوی خەلیفە (یزید الخمور) بووە! لە کتێبی (الاغاني) ابو فرج الاصفهاني یەکێک لەو بابەتانەی تیشکی خستۆتەسەر بابەتی خواردنەوەی مەی و شەرابە لە لایەن (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان – سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیک – یەزیدی کوڕی عبدالملیک – وەلیدی کـوڕی یـەزیـد)ەو دەڵێت لـەو خـەلیفانە بـوون وەک دەوترێت (مەلەیان) لەناو شـەراب و مەیدا دەکـرد! جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان سەردەمی (عەباسییەکان و ئەمەوییەکان) لەبەر ئـەوەی بەهەمان شێوە لـە سـەردەمـی عەباسییەکان لە کۆشکی خەلیفەکان مەی و شـەراب خـوراوەتـەوە، لە ناودارترین خەلیفەکانی ئەو سەردەمە (مهدی و هادی و رەشید و مەئمون و واثق و موتەوەکل) ن کە زیادەڕۆییان لە خواردنەوەی مەی و شـەراب کـردووە! لە کتێبی ( الخلافە

الاسلامية)ی (المقری)دا هاتووە: کۆشکی خەلیفەکان ببوە شوێنێک بۆ خواردنەوەی مەی و ئاهەنگ گێڕان و سەما و گۆرانی. لە (قطب السرور)دا هاتووە: تەنانەت خوشک و کچ و خێزان و کەنیزەکەکان و زۆربەی ژنانی ئەو سەردەمە بە شێوەیەکی بەربڵاو مەی و شەرابیان خواردوەتەوە! لە ( الخلافه الاسلامیه)دا هاتووە: لەو سەردەمە زۆربەی خەڵک شەراب و مەییان دەخواردەوە، هەتا ئەو ئاستەی شاری (بەغداد)ی پایتەختی دەوڵەت و خەلافەی عەبباسی پڕببوو لە شوێنی خواردنەوەی مەی و تەنانەت شوێنی تایبەت بە (سێکس) کردن بە شێوەیەکی نیمچە ئاشکرا ڕێگەپێدراو بووە!لە کتێبی ( العصر العباسی من خلال کتابات الجاحظ)ی نوسەری (محمد عەوێس)دا هاتووە.. ئەوانەی پیشەییان فرۆشتنی مەی و شەراب بوو زۆربەیان (ئێرانی – جوو – کریستیان)ەکان بوون، هەر ئەوەش وایکردبوو ببێت بە پاساوێکی باش بۆ مسوڵمانەکان، لە درێژەی بابەتەکەی نووسەر باس لەوە دەکات کە ئەم هۆکارە ببووە فاکتەرێک بۆ بڵاوبوونەوەی خواردنەوە کحولییەکان لەناو عەرەبەکان !! لە لایەکی ترەوە لە نیمچە دورگەی عەرەبی و یەمەن و عیراق و شام خواستێکی زۆر هەبووە لەسەر خواردنەوەی مەی و شەراب، هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی لەو ناوچانە (مەیخانە) هەبێت!!

لە سەردەمی عەباسییەکان چەندین دیاردەی نامۆ بڵاوبۆوە: بۆ نموونە کار گەیشتبووە ئەوەی تەنانەت مەی و شەرابیان دەدا بە ئاژەڵەکانیش!! لە کتێبی (الحیوان)ی (جاحظ)دا بەم شێوەیە باسی ئەو دیاردەیە دەکات: تاقیکردنەوەیان لەسەر ( حوشتر و گا و گامێش و ئەسپ و شێر و مار) دەکرا بۆ ئەوەی بزانن هەتا چەند کاریگەری هەیە لەسەر ئەو جۆرە ئاژەڵانە!

وادیارە ڕێگەپێدان بۆ خواردنەوەی مەی و شەراب لە دوای ئەو سەردەمانەش بەردەوام بووە، تەنانەت لە سەردەمی (فاطمییەکان و العُبَیْدیین) ئەمانە فەرمانڕەوا بوون لە (میسر و شام و حیجاز)، لەو سەردەمەدا خەڵک بە گشتی و باڵادەستان بەتایبەت شەرابیان خواردوەتەوە، لە مەڕ ئەم بابەتە هەندێک سەرچاوە باس لەم بابەتە دەکەن، لەوانە.. (مفتاح دار السعادة و منشور ولایة العلم والإرادة)ی (ابن القیم الجوزیه)دا هاتووە: فەرمانڕەوا بە فەرمانی خودا چەندین بڕیاری (سەیر و سەمەرە)ی دەردەکرد، بۆ نموونە لە لایەک دەیوت: (هەر کەسێک مەی و شەراب بخواتەوە دەبێت بکوژرێت)! لە



تابلۆیەکی لە (عاج) دروستکراو گوزارشت دەکات لە بۆنەیەکی گەورە کە مەی و شەرابی تێدا دەخورێتەوە...
مێژووی ئەم کارە هونەریە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی فاطمی لە سەدەی 11 – 12

لایەکی ترەوە فەرمانی دەکرد (مێو و دارمێو بڕوێنن و شەرابی لێ دروست بکەن)!!


بە پێچەوانەوە لە سەردەمی ئەیوبییەکان کۆمەڵێک گۆڕانکاری کراوە، (صلاح الدین ئەیوبی) بە تەواوی خواردنەوەی مەی و شەرابی قەدەغەکرد و ڕێگەی نەدا هیچ کەسێک بازرگانی خواردنەوە کحولییەکان بکات و تەواوی ئەو شوێنانەی داخست کە مەی و شەرابیان تێدا دەخورایەوە، هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو نووسراوێکی رەسمیشی بڵاوکردەوە و فەرمان دەکات و دەڵێت: هەر کەسێک مەی و شەراب بخواتەوە پێویستە بکوژرێت! بەڵگەش بۆ ئەم قسانە بە روونی لە کتێبی (السيف المُهنّد في سيرة الملك المؤيّد) ی مێژوونووس ( بدر الدين العينى) بەدی دەکرێت!

ئەم ڕێکارانە لە سەردەمی دەسەڵاتی (مەمالیکەکان) بەردەوامی دەبێت. لە کتێبی (ئینسکلۆپیدیای مێژووی ئیسلام)ی (مفيد الزيدى) دیسان بە روونی باسی لێوە کراوە.

دواتر کاتێک خەلافەتی عوسمانی دەسەڵات و هەژموونی دەبێت بەسەر دورگەی عەرەبی و بە تایبەت دوای ئەوەی (سوڵتان موورادی سێیەم)ی نەوەی (سلێمانی قانونی) جڵەوی دەسەڵات وەردەگرێت بە هەمان شێوە فەرمان دەکات خواردنەوەی مەی و شەراب قەدەغە بکرێت، بەو پێیەی لەو سەردەمەشدا خواردنەوەی مەی و شەراب بە شێوەیەکی بەربڵاو و فراوان لە

ناو خەڵک بە گشتی و لە ناو بەرپرسانی وڵات و ئەفسەران و سەربازانی دەوڵەت بە تایبەت زیادەڕۆیی تێدا دەکرا، یەکێک لەو هێزە تایبەتانەی دەوڵەتی عوسمانی کە بە (ئینکشار)ییەکان ناسراو بوو بە شێوەیەکی بەرچاو زیادەڕۆییان لە خواردنەوەدا دەکرد، ئەمەش وایکرد مەترسییەکی گەورە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروست ببێت، بۆ ئەم مەبەستە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد فەرمان کرا بە قەدەغەکردنی مەی و شەراب. لە کتێبی (الدولة العثمانية - عوامل النهوض وأسباب السقوط)ی بیرمەند ومێژوونووسی لیبی (علی الصلابی) لە بەشی دووەمی کتێبەکە بە وردی باسی ئەو بابەتە کراوە.

ڕۆژنامەیەک هەبوو بەناوی ( القِبلة). ئەم ڕۆژنامەیە لە حیجاز چاپ دەکرا، لە مانگی مارس – ئادار ی ساڵی 1917 زایینی بابەتێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە بە هەمان شێوە پەیوەندی هەیە بە قەدەغەکردنی خواردنەوە کحولییەکان، لەو کاتەدا ( الشریف حسین)ی دامەزرێنەری (شانشینی عەرەبی حیجازی) گشتاندنێکی ڕەسمی دەردەکات بە هەموو شێوەیەک مەی و شەراب قەدەغە دەکات، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت پێشتر بە شێوەیەک لە شێوەکان ( چاوپۆشی) کراوە لە خواردنەوە و بازرگانی بە مەی و شەراب!



الشريف الحسين بن علي دامەزرێنەوری شانشینی عەرەبی لە حیجاز

توێژەری سعودی ( محمود عبد الغني صباغ ) لەسەر قەدەغەکردنی خواردنەوە کحولییەکان سوودی لە هەندێک سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی ئەو سەردەمە وەرگرتووە، نووسەر دەڵێت: حکومەت ئەو مەی و شەرابانەی لە عەمباری بازرگانە بیانییەکان لە (جدە) هەبوو هەموویان کڕییەوە و دواتر هەموویان شکاند و فڕێیان دایە دەریاوە، هەر لە درێژەی ئەو ڕێکارانەی بۆ ئەم مەبەستە گیراوەتەبەر (ئەمیر عەلی) فەرمانڕەوای ئەوکاتەی (مەدینە) دەڵێت ئەو کەسەی مەی و شەراب بخواتەوە بە توندترین شێوە دەبێت سزا بدرێت و لێپێچینەوەی

لەگەڵ بکرێت، یەکێک لەو سزایانە ناردنی ئەو کەسەیە بە شێوەیەکی زۆرەملێ بۆ چاککردنی هێڵی شەمەندەفەری ( حیجاز) لەو سەردەمەدا ئەو هێڵە بە درێژترین هێڵی شەمەندەفەر دادەنرا لەو وڵاتە، بەو پێیەی لە باکووری ( تەبووک) هەتا وێستگەی ( مەعان) درێژ دەبووەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین: لە ( وڵات یاخود شانشینی سعودیە) قەدەغەکردن و چاوپۆشی کردن لە خواردنەوەی مەی و شەراب چەندین ( هەوراز و نشێوی) بە خۆیەوە بینیوە! ئیدی لە سەردەمی (الشریف الحسین بن علی) دامەزرێنەری شانشینی عەرەبی لە حیجاز هەتا ئەم دواییەی شانشینی سعودی جۆرێک کرانەوە دروست بووە. دوای 72 ساڵ لەو قەدەغەکردنەی لە لایەن شای کۆچکردوو ( عبدالعزیز ئال سعود )ەوە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو بە شێوەیەکی رەسمی گشتاندنی کرد و داوای کرد هەر کەس و لایەنێک خواردنەوە کحولییەکان بخواتەوە یاخود بازرگانی پێوە بکات دەبێت بە توندترین شێوە سزا بدرێت، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێک یەکێک لە کوڕەکانی شای سعودیە بە مەستی تەقە لە دیپلۆماتێکی بەریتانی دەکات و دەیکوژێت! بە پێی یاسای سعودیە ئێستا بە شێوەیەکی رەسمی رێگە نادرێت بە خواردنەوەی مە و شەراب، بەڵکو دەتوانین بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ ( بیانیەکان) چاوپۆشی لێدەکرێت، لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکرێت هەر کەسێک مەی و شەرابی پێ بگیرێت سزا و زیندانی و جەڵدی لێدەدرێت! ئەوەی ماوەتەوە و پێویستە بگوترێت:

(وادیارە هەتا کۆتایی دنیا ئەم بگرە و بەردەیە بە چەندین فۆرم و شێوە و میکانیزمی جیاواز و بە پێی گۆڕانکاری بارودۆخ بەردەوام دەبێت و وەک دەوترێت. ئاخیری خێر بێت)!!!

**سەرچاوە:**

www.bbcarabic.com

# خاڵە قودرەت

ئاصف جاهد
لە فارسییەوە: محەمەد کەریم



*ئاصف جاهد، ساڵی 1982 لە ئەفغانستان لەدایکبووە، چەندان ساڵ لە راگەیاندنەکانی ناوخۆی ئەفغانستان ئیشی کردووە، جاربەجارێک چیرۆک دەنووسێت. زیاتر چیرۆکەکانی بەشێوەی تەنز دەنووسێت، کورتەچیرۆکی خاڵە قودرەت چیرۆکێکی تەنزئامێزە و بە تەکنیکێکی جوان نووسراوە.

-خاڵە قودرەت، توانای ئیشی شەوی ماوە؟

هەمووان پێکەنین. چ ئەو پیرەمێردانەی لەبەر خۆر خۆیان هەڵخستبوو، چ ئەو مێردمناڵانەی هەڵماتێنیان دەکرد، چ ئەو کوڕە گەنجانەی لە دەوری یەک کۆببوونەوە و چپەچپیان دەکرد، چ ئەو پیاوە میانەساڵانەی دەربارەی مامەڵە و کار و کاسپی قسەیان دەکرد. تەنانەت ئەوە دەبیسترا ژنان لە ماڵیشەوە بە شەیتانێتی تایبەتی خۆیان، لە کاتی بینینی خاڵە قودرەت و ژنەکەیدا، ئەم پرسیارەیان لە خۆیان دەکرد، پاشان قاقا پێدەکەنین.

-بەڵێ، ها، برادەر! واباشە لە دایکی مناڵەکان بپرسن. ئەو زیاتر ئاگای لێیە.

ئەمە وەڵامی خاڵە قودرەت بوو. هەموان دووبارە پێکەنین، تەنانەت ئەو پیاوەش کە ئەو پرسیارەی سەرەوەی لێکردبوو. با ئەوەش بڵێم لە ڕۆژەکانی سەرەتادا بەم شێوەیە نەبوو، شەڕێک بەرپا دەبوو نەبێتەوە! چەندین جار خاڵە قودرەتیان هەتا سەرەمەرگ دارکاری کرد. بەڵێ، ڕۆژگار هەموو شتێک دەگۆڕێت. ئەم گاڵتەیەش ئیتر لایەنی ناموسی تیا نەبوو. خاڵە قودرەت، هەروا کە دوور دەکەوتەوە، هەنگاو بە هەنگاو جنێوی دەدا.

-بەڕاستی دەتوانێت ئیشی شەو بکات؟ شتێکی هەیە؟

-ئەی بابە! ئەی ئەو مناڵە کەللەزلەی لە کوێوە هاتووە؟

-لەوانەیە لە خۆی نەبێت.

-مناڵەکەی کتومت لە خۆی دەچێت. مەگەر پۆزە و دەم و لێویت نەدیوە؟

-نازانم بەخوا! من گومانم هەیە شتێکی هەبێت!

-نازانم بۆچی نادری پینەدۆز خانووەکەی داوە بەم بۆرەپیاوە.

-نازانم وەڵڵا! حەتمەن شتێکی دەستدەکەوێت.

دووبارە دەنگی پێکەنین لەلای پیرەمێردانی بەربەڕۆچکەکەوە بەرزبۆوە. ئەم رستەیەیان لە نێوان خۆیاندا هێنا و برد. چەند ساڵێک بوو لەبارەی ئەم شتانەوە بەردەوام قسەیان دەکرد و کەس وەڵامێکی دەستنەدەکەوت. بە برای خۆم بڵێم، خاڵە قودرەت سێ چوار ساڵێک دەبوو هاتبووە گەڕەکەکەی ئێمە. کەس نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە یان پێش ئەوە لە کوێی شار ژیاوە. تەنانەت ئەنجوومەنی گەڕەک کە سەری لەم شتانە دەخورا و هەتا ڕەگوڕیشەی مەسەلەیەکی دەرنەهێنایە، دەستبەردار نەدەبوو دەیگوت: لە ئەنجوومەنەکانی تریش دەپرسم، بەڵام کەس نایناسێت.

مەبەست ئەوەیە خاڵە قودرەت هەم مەتەڵۆکەی گەڕەک بوو هەم مایەی شادی و خۆشحاڵی دراوسێکانی، یانی خەڵک گاڵتەیان پێدەکرد و پێی پێدەکەنین، هەر ئەوەندە!

ئەوەندەیان حیکایەت بۆ دروستکردبوو، بەخوا جاری وابوو پیاو دەترسا. بۆ نموونە دەیانگوت خاڵە قودرەت شەوان لە ماڵ دێتە

دەرەوە. حازر و ئامادەیە هەر کەسێک ببینێت، بە تایبەتی کوڕ و کاڵ لەگەڵ خۆیدا دەیانبات بۆ ماڵەوە و زەکەریان دەبڕێت و دەیخوات. چی بێت لە ئێوە نهێنی بێت خۆم چەندین جار لە ترسی ئەمە، شەو نەموێراوە بچم بۆ سەر ئاودەست و میزم کردووە بەخۆما.

هەروەها ئەوە بڵاوبۆوە کە ملۆزمی ئێمەیە، هەر کەسێکی بوێت دەتوانێت بچێتە قاڵبی ئەو کەسەوە. جارێکیان یەکێک لە گەنجەکانی گەڕەک دەیگوت: شەوێک لەناوەختدا بەرەو ماڵەوە دەهاتمەوە، ئەحمەدۆکی هاوڕێمم لە ناوەڕاستی ڕێگا بینی. قسەی دەکرد و پێکەوە وردە وردە کەوتینەڕێ. هەر کە گەیشتینە گەڕەک، ئەحمەدۆک ونبوو. وامزانی چووەتە یەکێک لە کەلاوەکان دەست بە ئاو بگەیەنێت، بەڵام هەرچی بانگمان کرد دەنگی نەبوو. لەبەرخۆمەوە وتم باشتر وایە کەلاوەکان بگەڕێم. خوا نەکردە نەبا شتێکی بەسەر هاتبێت؟ گەنج و برادەرین نابێت هاوڕێکەمان بەتەنیا بەجێ بهێڵین! چوومە کەلاوەیەک لەسەری کۆڵانەکەیە ...

–مەبەستت کەلاوەکەی محێ دین خانە!

–ها، ئەوەی لە پشت گۆڕستانەکەوەیە.

–بیەڵە قسەکەی بکات. تەشویش دروست مەکە!

–تۆ دەمت داخە! وەکو هینی کەر دەمت دەکەیتەوە و تەرس دەکەیت.

–بۆرەپیاوی ماکەر.

هەموان پێکەنین. گاڵتەیان دەکرد. کەسانی لێبووک و گاڵتەجاڕ نین. تۆ لە دڵی مەگرە. گەنجەکە وتی: ئەگەر گوێ ناگرن من دەڕۆم. یەک دنیا ئیشی کشتوکاڵم هەیە.

–دانیشە وەکو کچی چواردە ساڵ ناز مەکە!

گەنجەکە بە خۆڕاوەشاندن و حاڵەتێکەوە کە لە بوغرایی نەدەچوو، زیاتر لە گەمژەیی دەچوو، درێژەی بە قسەکەی دا: هەر کە چوومە ناو کەلاوەکە، یەکێکم بینی پشتی لە منە و بەچیچکانەوە دانیشتووە و ڕووی کردۆتە عەردەکە. کلۆیەکم هەڵگرت و بەو حسابەی ئەحمەدۆکە، کلۆکەم کێشا بە ناوقەدیدا و وتم: وەرە بەم کلۆیە پاشەڵت بسڕە!

گەنجەکە دووبارە جووڵەیەکی کرد و بە چاوانی زەقەوە درێژەی پێدا: پێکەنیم، بەڵام خوا ڕۆژی بەد نیشانی کەس نەدات! ئەو کەسەی پێم وابوو ئەحمەدۆکە، ئاوڕیدایەوە دەم و لێوی پڕ بوو لە خوێن. ددانەکانی نیشان دەدا و وەکو سەگ، نەخێر!، وەکو گورگ دەیمرِاند. چاوانی سوور بوون. لە شوێنی خۆی هەڵسا. خەریکبوو زراوم بتۆقی لە ترسا! بە دەنگی بەرز وتم: تۆ کێی؟ نزیکتر کەوتەوە. بینیم خاڵە قودرەتە کونەپەپوویەکی خوێناوی بەدەستەوەیە. ئیتر هیچ حاڵی نەبووم و بوورامەوە.

هەموویان ساکا بوون. هیچیان نەدەگوت. ترسابوون. خەریک بوو دنیا تاریک دەبوو.

–سەرەنجام یەکێک وتی: داماوە خۆی پیس کردووە.

-تۆش بوویتایە گووت دەکرد بەخۆتا.

جەوەکە گۆڕا و هەموان پێکەنین. پاشان یەک یەک چوونەوە بۆ ماڵەوە. من چیم کرد! وردە وردە چوومەوە بۆ ماڵەوە، هەتا بەیانی نەهاتمە دەرەوە. هەمیشە خاڵە قودرەت بە دەم و پلی خوێناوی و چاوانی سوورەوە دەهاتە بەرچاوم. لەو شەوەوە ترساوم، ناوێرم بە شەو بچمە سەرئاودەست.

بە برای خۆم بڵێم، لەو کاتە بەدواوە دایکان بۆ ترساندنی منداڵەکانیان ناوی ئەویان دەهێنا، من و کوڕانی هاوتەمەنم هەر کە خاڵە قودرەتمان دەبینی، رامان دەکرد. هەندێک جار لە دواوە بەردمان تێدەگرت و بیسمیلامان دەکرد. بیستبوومان کە ملۆزمەکەمان بە بیستنی ناوی خوا، رادەکات. هەڵبەتە ئەویش نەیدەکردە نامەردی، بەردی تێدەگرتین. ئەویش چەشنی بەینی کچ و دایک! یانی لەلایەکەوە دەترساین شەو بێت بۆمان، بۆیە تۆبەمان دەکرد کە ئیتر ئازاری نەدەین و لە لایەکی ترەوە، بە رۆژیش هەمان بەزم بوو، بەینی خۆمان بێت. مەبەستم هەمان تاس و حەمامە. ئێ منالی ئەم شتانەی تیایە. یانی ... ئەی بابە! هەرچەند دەمەوێت ئەمە نەڵێم، ناکرێت، ها، دەتخورێت! دڵت ئۆقرەی گرت؟ سەیرە!

بەهەرحاڵ. بەدەست ئێمەوە ژن و منداڵەکەی ئەویش حاڵیان باش نەبوو، ئەگەرچی کەمتر لە ماڵ دەهاتنە دەرەوە. حەفتەی یەک جار بەس بوو بۆ ئەوەی بکەونە بەر رەحمەتی ئێمە. بەخوا جاریوابوو بەزەییمان پیایاندا دەهاتەوە. شەیتان پێی دەکردین و دەستبەردارمان نەدەبوو.

مەبەست لەوەیە تەنانەت مەلاش نەیدەهێشت خاڵە قودرەتی نەگبەت پێ بخاتە حەوشەی مزگەوتەوە. دەیگوت: خوا بە نەفرەتی کردووە و لە ماڵی خوادا جێگایەکی نییە.

خاڵەی نەگبەت، دەچوو لەلای دیواری مزگەوتەکەوە نوێژی دەکرد و جاریواش بوو دەگریا. لەوێدا بوو کە پیاو بەزەیی پیایدا دەهاتەوە، بەڵام نەدەبووە هۆی ئەوەی ئیتر ئازاری نەدەین. هەموو گەڕەکەکە دەستمان خستۆتە ناو دەستی یەک و ئازاری دەدەین! پێتان خۆش بوو؟ کەمێک فەزاکەم کرد بە شاعیرانە، نەهات؟ بۆ مردنیش نەهات!

باشە، قسەیەکی گرنگ! خەریکبوو بیرم دەچوو پێتان بڵێم، خاڵە قودرەت سێ قاچی هەبوو. شەرواڵەکەشی سێ دەرەلنگی

**خاڵە قودرەت سێ قاچی هەبوو. شەرواڵەکەشی سێ دەرەلنگی هەبوو. لە کاتی رۆیشتندا یەک لە دوای یەک قاچەکانی هەڵدەگرت و هەنگاوی دەنا.**

هەبوو. لە کاتی ڕۆیشتندا یەک لە دوای یەک قاچەکانی هەڵدەگرت و هەنگاوی دەنا. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی هەردوو شانی بجووڵێن و ئەگەر لە دواوە بتدیایە، واتدەزانی، سەما دەکات. کەس نەیزانی ئەم کابرایە چییە و چۆن قاچی ناوەڕاستی دروست بووە؟ هەندێک دەیانوت زگماک وابووە. هەندێکی تریش دەیانگوت نەخێر، تاوانباری شەڕ بووە و خوا سزای داوە. لەم نێوانەدا، مەلای مزگەوت پێی لەسەر ئەوە دادەگرت خاڵە قودرەت خودی شەیتانە، پاش بینینی یان تەنانەت ناوهێنانیشی، دەبێت دوو رکات نوێژی ترس بکەیت.

بە برای خۆم بڵێم، ڕۆژگار تێدەپەڕی، هەتا ئەوەی ڕۆژێک گوێم لێبوو لە ماڵی خاڵە قودرەتەوە دەنگی گریان و قیژە و هاوار دێت. هەموان لەبەر دەرگای ماڵەکەی کۆببوونەوە. کەس نەیدەزانی چی بووە. ژنەکەی خاڵە قودرەت بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە دەرگاکەی کردەوە، وتی: ئەو مردووە!

خەڵکی گەڕەک یەکسەر بوون بە مرۆڤی باش. پەشیمان بوونەوە لەو ئیشە ناپەسەندانەی کردبوویان. دەیانویست ڕێوڕەسمێکی بەخاکسپاردنی ئابڕوومەندانەی بۆ بکەن. بەڵام لە یەکەم هەنگاودا مەلای مزگەوت ئیشەکەی تێکدا و نوێژی مردووی لەسەر نەکرد. ڕێگەشی نەدا خەڵکەکە ڕێوڕەسمەکەی بۆ بکەن و وتی: خوای تاک و تەنیا لەم ئیشە تووڕە دەبێت، چونکە خاڵە قودرەت شەیتان و دوژمنی خوا بوو!

هەموان یان قەناعەتیان کرد یان نەیانکرد، لەبەر دەرگای مزگەوت، تەرمەکە و ژن و منداڵەکەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان. لەم کاتەدا بوو ژنەکەی خاڵە قودرەت نەفرەتی لە خەڵکەکە کرد و هاواری کرد: یاخوا گیرۆدەی غەزەبی خوا بن!

دیارە کەس گوێی بەم قسانە نەدا. لەوە بەدواوە ئیتر کەس خێزانی خاڵە قودرەتی نەبینی و کەس نەیزانی تەرمەکەی چی لێهات؟ بەلای خەڵکی گەڕەکەکەشەوە گرنگ نەبوو.

زۆر بەسەر بەسەرهاتەکەدا تێنەپەڕی یەکێک لە پیرەمێردەکانی گەڕەک مرد. ئەمە سەرەتای مردنی بەربەرۆچکەنشینان بوو. مەبەستم لەو پیرەمێردانەیە کە زستان بە دوای هەتاو و هاوین بەدوای سێبەردا دەگەڕان. ئەمەش بوو بەهۆی ترس و تۆقینی خەڵکی گەڕەک. هەر یەک لە پیرەمێردەکان ڕێک دوای بیست ڕۆژ لە مردنی پیرەمێردێک، دەمرد. کە پیرەمێردەکان مردن. پیاوانی میانەساڵ کەوتنە بەر دەست و پێی خۆیان و ڕۆژیان دەژمارد بۆ مردن. ئەوان پێیان وابوو سەرەیانە، پاشان پیاوانی گەنج و کوڕە گەنجەکان و منداڵە کوڕەکان. بەڵام پاش بیست ڕۆژ، کە مردنی پیرەژاڵەکان دەستیپێکرد. ژنان زیاتر خۆشحاڵ بوون کە ئیزرائیل تەنیا دێتە وێزەی پیاوان. باش ئەوەیان لەبیرچووبۆوە کە حوشتری مردن

له ماڵی هەمواندا دەخەوێت. بەم شێوەیە پیرەژاڵەکانی گەڕەک مردن. گەڕەکەکەمان لەم ماوەیەدا وەکو گۆڕستانی لێهاتبوو. هەموو رۆژێک گوێمان لە شیوەن و ناڵە و گریان بوو. هەموان بۆ حاڵی خۆمان دەگریاین و بیرمان لەوە دەکردەوە چ کاتێک سەرەی ئێمەش دێت؟ خەڵکی گەڕەک دەیانزانی نەفرەتی ژنەکەی خاڵە قودرەت یەخەی گرتوون و ناتوانن لێی رابکەن. هەرچەندە مەلای مزگەوت دەیگوت گوێ بەو شتە پڕوپووچانە مەدەن، بەڵام خەڵک گوێیان نەدەدایە و شەو و رۆژیان بە تۆبەکردن لە مزگەوت بەسەر دەبرد، بەڵکو خوا لە کەمتەرخەمیان خۆش بێت.

بیست رۆژ بەسەر مردنی دوا پیرەمێردی گەڕەکەکەماندا، تێدەپەڕی. بێدەنگی باڵی بەسەر گەڕەکدا کێشابوو، تەنیا دەنگی با و هەندێ جار دەنگی باڵندەیەک دەهاتە گوێ. هەموان لە ترسدا، شەو نەخەوتین و دەمانزانی دەبێت یەکێک بڕوات. بەرەبەیان هەتا چێشتەنگاو هیچ رووی نەدا. چێشتەنگاویش هەتا شەو بە هەمان شێوە. من زۆر خەوم دەهات، شەو خەوتم. هیچ نەبێت دەمزانی سەرەی من نییە. لەوانەبوو باوکم یان دایکم بمرێت. باشە ئەگەر ئەوە رووی بدایە بێداری و نەخەوتنی من رێی لێدەگرت؟ نەخێر! کەواتە خەوتم و پشتم بەخوا بەست بۆ ئەوەی مەرگ یەخەی باوک و دایکم نەگرێت.

بەیانی زوو لە خەو هەڵسام. هەموان خەوتبوون. بەرەو لای باوک و دایکم چووم و راموەشاندن. بە سەرسوڕمانەوە هەڵسان: کێ مردووە؟ هاوکات هەردووکیان ئەم پرسیارەیان کرد. مەبەستم ئەوە بوو بزانم ئەمان زیندوون یان نا! باشە، سوپاس بۆ خوا!

باوکم زوو لە شوێنی خۆی هەڵسا و لە ماڵ چووە دەرەوە. کەم کەم دراوسێکانیش لە ماڵەکانیان هاتنەدەرەوە بۆ ئەوەی بزانن کێ مردووە؟ کەس نەمردبوو. بۆیە هەموان خۆشحاڵ بوون و کولیچەیان دەبەخشییەوە. کردیان بە ئاهەنگ و سەرخۆشی ئەوە بوون لە مردن رزگاریان بووە. گەڕەکەکەمان گەڕایەوە بۆ رۆژانی پێش مردنی خاڵە قودرەت. هەموان لەو باوەڕەدا بوون بەڵایەک بووە و لەسەرمان لاچووە. وردە وردە خەڵک ئەو رۆژانەیان لەبیرچۆوە، بەڵام ناوی خاڵە قودرەت هەروا زیندوو بوو. هێشتا چیرۆکەکانی ئەو دەماو دەمی دەکرد، هەندێک لافی ئەوەیان لێدەدا بەچاوی خۆیان لە گۆڕستان دیویانە گۆڕی هەڵکەندووە. هەندێکی تریش ئەویان لە کەلاوەکان دیبوو بە دەموپلی خوێناوییەوە. پوختەی قسە ئەوەیە هەموان چیرۆکیان دروست دەکرد. ئەی خوایە هەر کاتێک شتێکم لەبارەیەوە دەبیست، شەو نەدەچووم بۆ سەر ئاودەست. هەڵبەتە ئیتر میزم نەدەکرد بەخۆما، چونکە گەورە ببووم.

بە برای خۆم بڵێم، رۆژگار دەڕۆیشت و من گەورەتر دەبووم، کەرە تەمەڵ! هەر کاتێ

دایک و باوکمم تووڕە دەکرد وایان پێدەوتم و دایکم بەم شێوەیە نەفرەتی لێدەکردم: قودرەت قودرەت! ئەڵڵا ئەڵڵا.

له ڕاستیدا ناوی من قودرەتە، کوڕی نادری پینەچیم. لەبەر ئەم ناوەش منالانی گەڕەک هەندێ جار گاڵتەیان پێدەکردم. پێم خۆش نەبوو کەس بەم ناوەوە بانگم بکات. هەموان ئەمەیان دەزانی. دایکم هەر کاتێ زۆر تووڕە بوایە بۆ ئەوەی تووڕەبوونەکەی بنیشێتەوە، بە قودرەت بانگی دەکردم.

ئای! ژیان هەروا دەڕۆیشت تا ئەوەی بەیانییەک هەستم کرد زەکەرم زۆر گەورە بووە. وامزانی لە خەودام وەکو هەموو بەیانییەک تووشی وەهم بووم، بەڵام نەخێر ئەم بەیانییە جیاواز بوو، زۆر گەورە ببوو هەرواش گەورەتر دەبوو. بە شڵەژاوییەوە هەڵسام و بەندەخوێنەکەم کردەوە. سەیرێکم کرد، لە ترسدا هاوارم لێ هەڵسا. لەناکاو هاوار و قیژەی بەرز لەملاو لاوە هاتە گوێم. ورد وردە هەروا کە هاوارم دەکرد، خۆم لە دەرەوە بینییەوە. تەنیا نەبووم. ژنان و پیاوانی دیکەش رایان دەکرد و هاواریان دەکرد. هەندێک دەکەوتن و هەندێکیش نەیاندەزانی یەکەمجار کام قاچیان هەڵگرن، بەڵێ ها برادەر! هەمووشمان ببووین بە سێ قاچ.

ئەم هەواڵە، بەپەلە لە سەرانسەری وڵات و جیهاندا بڵاوبۆوە. حکومەت ترسابوو لەوەی ڤایرۆسێکی نەناسراو بڵاوبووبێتەوە، بۆ ئەوەی وەکو تاعون هەموان تووش نەکات گەڕەکەکەمانی کەرەنتینە کرد. نە کەس لە گەڕەک دەردەچوو نە کەسیش دەهاتە ناوی. ماوەیەک تێپەڕی. خەڵکی گەڕەک تازیەبار لەو بەڵایەی بەسەریان هاتبوو، شەو و رۆژ دەگریان و تۆبەیان دەکرد. حکومەتی نامەرد تەنانەت یەک دکتۆریشی بۆ چارەسەر نەدەنارد. ئێمە نە هیچمان دەخوارد، نە هیچمان دەخواردەوە، نە دەچووینە سەرئاو. قاچی ناوەڕاستمان هەر دوو کونەکەمانی داخستبوو. برسی و تینوو نەدەبووین. بەم هۆیەوە کەس نەمرد. هەر چەند رۆژی یەکەم پێمان وابوو لە برسێتی و تینوێتیدا دەمرین. نائومێدی دەوری هەموانی دابوو. ئەمانە و چەند مەسەلەیەکی تر بووە هۆی ئەوەی هەمووشمان سەراپا ببین بە رق و تووڕەیی و بە دوای بیانوویەکدا بگەڕێین بۆ ئەوەی رق و تووڕەیی خۆمانی پێ دابمرکێنینەوە. بۆ ئەمەش هیچ بژاردەیەکی باشترمان لە مەلای مزگەوت چنگ نەکەوت. ئەگەر ئەو بیهێشتایە نوێژی مردوو لەسەر تەرمی خاڵە قودرەت بکەین، ژنەکەی نەفرەتی لێ نەدەکردین. کەواتە بەو بیانووەوە هێرشمان برد بۆ مزگەوت. هەتا سەرەمەرگ مەلامان کوتا و دیوارەکانی مزگەوتەکەمان روخاند. نازانم بۆچی هەر کاتێک خەڵک تووڕە دەبن، یەخەی ئاین دەگرن و بە کەمتەرخەمی دەزانن. خەڵکی گەڕەک دوای ئەمە تارادەیەک رق و تووڕەییان نیشتەوە. خەڵکەکە دەیانگوت: ئیتر کە پێویستمان بە خەو و خۆراک نییە و لە لایەکی تریشەوە

پیاوەتی و ژنێتیمان تیاچووە، باشە ئیتر مەلا و مزگەوت بە کەڵکی چی دێن؟ هیچ!

چەند ساڵێک بەم شێوەیە تێپەڕی. ئەگەرچی تێپەڕینی ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەلای ئێمەوە گرنگ نەبوو. لەو نێوانەدا زانیم کە تێپەڕینی زەمەن بۆ ئێمە هیچ کاریگەرییەکی نییە و هەموومان لە هەمان تەمەندا ماینەوە. هێشتا منالّی ساوای دراوسێکەمان ساوا بوو، منالّەکانی تریش هەر منالّ بوون. کەس پیرنەدەبوو. ئەم شتانە بەلای ئێمەوە گرنگ نەبوو. ڕۆژانە بە هۆی بێکارییەوە چەندان سەعاتمان لە گەرماوی گەڕەکەکەمان بەسەر دەبرد و لەوێ قسەمان دەکرد، جاریوابوو شەڕمان دەکرد و بە بێدەنگی لە قاچی یەکتری رادەماین. دڵمان بۆ پیاوەتیمان تەنگ دەبوو. هەر بۆیە ماوە ماوە قاچی ناوەڕاستمان دەگرت بە دەستمانەوە و ئاخمان هەڵدەکێشا.

ڕۆژێکیان کە زیاتر پیاوان- پیاو و ژن هێشتا گرنگ بوون- لە گەرماو دانیشتبووین، کوڕێک بە هەناسەبڕکێوە هاتە ژوورەوە وتی: دکتۆرەکان هاتن! دکتۆرەکان هاتن!

بە شڵەژاوییەوە جلەکانمان لەبەرکرد و لە گەرماو دەرپەڕین. چەند کەسێک بە جلوبەرگی وەکو کەشتیوانی فەزاوە خوێنیان لە خەڵک وەردەگرت. دەیانگوت بۆ پشکنین هاتوون. دەیانەوێت بزانن نەخۆشییەکەی ئێمە چییە. کەمێک ئومێدەوار بووین. ئەم ئومێدەوارییە لەگەڵ تێپەڕینی و ڕۆژ و حەفتە و مانگدا بوو بە نائومێدییەکی دیکە و هیچ هەواڵێکی پشکنینەکان نەبوو، تا ئەوەی ڕۆژێک چەند کەسێک بە چاکەت و پانتۆڵەوە بەبێ ئەوەی جلوبەرگی کەشتیوانی فەزایان لەبەردا بێت هاتنە گەڕەکەکەمان. یەکێکیان کە وادیار بوو گەورەی هەموویانە وتی نەخۆشییەکەی ئێمە دیاریکراو نییە و هەواڵی خۆش ئەوەیە ئەم نەخۆشییە ناگوێزرێتەوە. نازانم کوێی ئەم هەواڵە بەلای ئێمەوە خۆش بوو؟

سەرەڕای هەموو ئەمانە لەوە بەدواوە خەڵکی گەڕەکەکانی تر پێیان خستە گەڕەکەکەی ئێمەوە و هاتن بۆ سەیر کردنمان. وردە وردە خەڵکی شار و وڵاتەکانی تریش ڕێگەیان بۆ کرایەوە و هاتنە گەڕەکەکەمان. بە برای خۆم بڵێم، ئێمە ببووینە هۆی ڕاکێشانی گەشتیاران و هەندێک جاریش لێیان تێک دەچوو کە دەهاتن وایان دەزانی ئێمە ئاژەڵی باخچەی ئاژەڵانین. دیسان بەلامانەوە گرنگ نەبوو. سەرەڕای ئەوەش هیچ شتێ گرنگ نەبوو. ساڵەها تێپەڕی و ئێمە زانیمان نەک تەنیا تێپەڕبوونی زەمەن کاریگەری لەسەرمان نییە، بەڵکو مردنیشمان نەماوە و نامرین. سەرەتا بەم ڕووداوە خۆشحاڵ بووین، بەڵام وردە وردە نائومێد بووین و ئەمەش لێمان بوو بە ترس. بچووکەکان بەردەوام لە گەورەکانیان دەپرسی: ئێمەش دەمرین؟

گەورەکانیش بە نائومێدییەوە سەریان با دەدا و دەیانگوت: بەدبەختانە نەخێر!

**تێپەڕینی رۆژگار بەرە بەرە ئەو هەستە سەیرەی نەهێشتم. چونکە قاچی ناوەڕاستم دیسان گەشەی کردەوە. دووبارە بوومەوە بە سێ قاچ.**

مردن له ئەفسانەیەکی دڵگیر دەچوو که جاربەجارێ بۆ منداڵەکانمان باس دەکرد. منداڵەکان به تایبەتی ئەوانەی مردنی کەسیان لەبیر نەبوو به شەوق و زەوقەوە گوێیان دەگرت، ئەوانەش که مردنیان بەیاد دەهاتەوە شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد و هەستیان دەکرد خاوەنی ئەزموونن. بۆ ئێمە که زەمانێ مردنمان به مایەی نائومێدی و دڵتەنگی دەزانی. ئێستا وەکو دەرمانی ئومێدەواری لێمان دەڕوانی. ئەفسووس و سەد ئەفسووس که ئەم دەرمانەمان به دەست نەدەگەیشت.

لەناو ئەو هەموو نائومێدی و ترسەدا له نەمری، کچێک هەموو رۆژێک دەهاتە گەڕەکەکەمان و سەری له من دەدا. سەبارەت به رابردوو و چۆن ئاوامان لێهاتووە پرسیاری دەکرد. ئەم هاتوچۆیە وردە وردە بەلای ئەوەوە جدی بوو. گوایە هۆگری من ببوو. بەڵام ... من شتێکم نەبوو بۆ گوتن. ئەو به شەوق و زەوقەوە باسی ژیانی دەکرد و ئەوەی دەگوت خۆشبەحاڵمان که نامرین. من گلەییم له نائومێدی و تەمەنی درێژی بێهوودە هەبوو. نەمدەزانی چی له مندا دیبوو که وازی لێنەدەهێنام. بۆ خۆشاردنەوە و هەڵاتن له دەستی جێگایەکم نەبوو، هەرچەندە مایەی سەرقاڵیم بوو. رۆژێک هات و ئیتر دایکوتا و له گەڕەکەکەمان نەڕۆیشت. لای من مایەوە. قەت نەمپرسی تۆ دایک و باوک و خێزانت نییە؟ له کونە دیوارەوە هاتوویتەتە دەرەوە؟

چەند شتێکم لێ دەبینی که بەلای زۆر کەس له ئێمەوە یادەوەریی و بەلای هەندێکی ترەوە تازە و نوێ بوو وەکو: نان خواردن، چوونە سەرئاو ... ژنان به حەسرەتەوە سەیریان دەکرد و پیاوان- سوپاس بۆ خوا- هیچ هەستێکیان نەبوو بۆی. تەنیا کەسێک که له بوونی کچەکە له گەڕەک نارازی دەهاتە بەرچاو مەلا بوو، که ئەو نارەزایەتییەی به هەڵسوکەوتی نیشان دەدا و هەندێ جاریش بوونی ئەوی لەلای من به حەرام دەزانی. ئەمانەی به ئاشکرا نەدەگوت. بەهەرحاڵ هێشتا دارکارییەکەی لەبیر نەچووبۆوە و له هەموومان دەترسا. ئەم پیاوە ئیتر خۆی له خەڵکی گەڕەک دوور دەگرت. زیاتر رۆژگاری لەسەر دیواری روخاوی مزگەوتەکە بەسەر دەبرد. شەوان وەکو کونەپەپوو لەسەر بەرزترین شوێنی دیوارە روخاوێک دادەنیشت و بەدەنگی بەرز هەندێک بلمە بلمی دەکرد. ئەمما بەلای کەسەوە گرنگ نەبوو.

دیسان ساڵانێکی دووبارە تێپەڕین! ئێمە هێشتا گەشتیارمان رادەکێشا. ئێمە بێرۆح بووین، نەدەمردین! ژنەکەشم رۆژانە گەڕەکی بەجێدەهێشت و عەسران بە خواردنەوە دەهاتەوە. تێپەڕینی رۆژگار کاریگەری لەسەر ئەو نەبوو. هەرچەندە داوام لێکرد وازم لێ بهێنێت و بچێت بەلای ژیانی خۆیەوە، قەناعەتی نەکرد. لە ناخی دڵییەوە منی خۆشدەویست. منیش زیاتر هۆگری بووم. ئەفسووس، ئەفسووس! هیچم لە دەست نەدەهات بۆی بکەم.

رۆژێک بە هەمان شێوە بێپەروا لە گەرماو دانیشتبووین، یەکێک بە خۆشییەوە هات و وتی: مردن! مردن!

زمانی بەسترا. نەیدەتوانی هیچ بڵێت. هەموومان بە بیستنی مردن، لە شوێنی خۆمان هەڵساین و بەرەو ئەو کەسە هێرشمان برد. بە شڵەژاوییەوە پرسیمان: مردن؟!

-چی بووە؟

-بۆچی هیچ ناڵێیت؟

ئەو کەسە ئاماژەی بۆ دەرەوە دەکرد. دەیویست شتێک بڵێت. نەیدەتوانی. بەخێرایی لە گەرماوەکە هاتینە دەرەوە. هەموان بێئەوەی بزانن، رایان دەکرد و هاواریان دەکرد مردن، مردن. گەشتیاران بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەم شانۆگەرییەیان دەکرد.

-چی بووە؟ مردن یانی چی؟

-مەلا، مەلا مردووە!

-راست دەکەیت؟ نەخەوتووە؟

-دڵنیایت؟ چۆن زانیت؟

-هەناسە نادات.

هەموومان خۆشحاڵ بووین و شوکری خوامان کرد. بە پەرێشانییەوە بەرەو مزگەوتە روخاوەکە رۆیشتین. راستیان دەکرد، مەلا مردبوو! تەرمەکەیمان خستە سەر دەستمان و دەستمان بە سروودی شادی و خۆشی کرد. لەوە دەچوو زەماوەندی کەسێک بێت. گەشتیاران بە چاوانی ئەبڵەق و سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکرد. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ئەفەنی و چاکەت و پانتۆڵ لەبەرانیان هێنا بۆ گەڕەکەکەمان. ئەوان بە خەمەوە سەیری ئەم رێورەسمی شادی و خۆشحاڵییەیان دەکرد. لەوانەیە نیگەرانی ئەوە بووبن مردنی ئێمە، رزگاربوونی ئێمە، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گەشتیاران.

لەناو رێورەسمی شادی و خۆشیی مردندا، لەناکاو چاوم بە ژنەکەم کەوت. لە گۆشەیەکدا غەمبار وەستابوو. دڵم داخورپا. وازم لە شادی و هەڵپەڕکێ هێنا. زوو خۆم گەیاندە لای. هیچم نەگوت. ئەویش هیچی نەدەگوت و تەنیا بە نیگەرانییەوە سەیری دەکردم. شادی و خۆشحاڵیی مردن، بووە هۆی ترسی مردنی ئەویتر و سەراپای وجودمی داگیر کرد. دەستیم گرت و لەوێ دوور کەوتینەوە.

-وەرە با لێرە برۆین.

-بۆ کوێ؟ من بەم سێ قاچەوە ناتوانم

بچم بۆ هیچ شوێنێک. نایەڵن.

-کێ نایەڵێت؟

-حکومەت. حکومەت چاودێریمان دەکات.

-کێ وای گوتووە؟ کەس چاودێریتان ناکات. ساڵەهایە.

-چۆن؟ چاودێریمان دەکەن.

-نەخێر کەس چاودێریتان ناکات. من هەموو رۆژێک لە گەڕەک دەچمە دەرەوە. کەس نییە.

-بەڕاستتە؟

-بەڵێ! هەتا ئێستا ویستووتە لێرە بچیتە دەرەوە؟

-نەخێر!

-کەواتە وەرە با بڕۆین.

-دەترسم.

-دەزانم قورسە. وردە وردە دنیا تاریک دەبێت و کەس ناتبینێت. شەرم مەکە!

-بۆ کوێ بچین؟ ئاخری ئەم تاریکییە دەڕەوێتەوە و دنیا رووناک دەبێتەوە.

-دەچین بۆ جێگایەک کەس نەمانبینێت. دوودڵ مەبە، وەرە وەرە!

لە گەڕەک چووینە دەرەوە. بەخێرایی بەرەو کەژ و کێو رۆیشتین. ئەوەندە رۆیشتین هەتا ماندووبوون قاچمانی شل کرد. من بە سێ قاچەوە نەمدەتوانی بەخێرایی بڕۆم و جاریوابوو دەکەوتم. بە کورتی لە ژێر بەردێکدا بە ئارامی لای یەکترییەوە راکشاین. منی کردە باوەش. ماچی کردم. لەشم گەرم بوو. ئاگرێک لە دەروونمدا کڵپەی کرد. توند لەباوەشم گرت و چاوانمان لێک نا. سەیر بوو! من هەستم دەکرد.

بەجووڵەیەکی خێرا لە خەو هەڵسام. دنیا رووناک ببۆوە. ژنەکەم دەگریا. بەترسەوە پرسیم: ئێمەیان دۆزییەوە؟

سەری بادا. گریان نەیدەهێشت هیچ بڵێت. هەردوو دەستیم گرت و لە کاتێکدا سەیری چوار دەورم دەکرد وتم: چی بووە؟ بۆچی دەگریت؟

دەستەکانمی هێنایە خوارەوە. لە خوارەوە رامام. لەناکاو راچڵەکیم. قاچی ناوەڕاستم نەمابوو. نازانم خۆشحاڵ بووم یان ... یان ... نازانم، نازانم. تەنیا ئەوەندەم لە بیرە ژنەکەمم لە باوەش کردبوو. هەردووکمان دەگریاین. من برسیم بوو. برسی خواردن. من تینوو بووم، تینووی باوەش! ئەو بەو خواردنەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووی تێری کردم و بە لێو و کانیی وجودی تێرئاوی کردم.

لەوێ رۆیشتین. بۆ دوور. زۆر دوور. ساڵەهای ساڵ دوور. ئەویش وەکو منی لێهاتبوو. تێپەڕینی رۆژگار کاری تێنەدەکرد. ناچار بووین هەر چەند ساڵ جارێک کۆچ بکەین بۆ جێگایەکی نەناسراو. هەردووکمان پاڵمان بە ژیانەوە دەنا. وردە وردە تەمەندرێژی بێتاقەتی کردین. ژنەکەم غەمگینتر دەبوو، لەوەی کە نەیدەتوانی مناڵی ببێت، پەرێشانتر دەبوو. دڵخۆشیم دەدایەوە و دەمگوت: هەر ئەوەی کە لەگەڵ یەکداین و دەتوانین ساڵەهای ساڵ پێکەوە بین. شایانی سوپاسگوزارییە. مناڵ سوودی چییە! مناڵ مێشی ژیانە..

پێدەکەنی و هیچی نەدەوت. دەمزانی نائارامە، تا ئەوەی ڕۆژێک تێگەیشتین بە زوویی دەبینە خاوەنی منداڵ. دووبارە شادی و ئومێد گەڕایەوە بۆ ژیانمان. سکی ژنەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرزتر دەبۆوە. بۆ لە دایکبوونی منداڵەکەمان ڕۆژمان دەژمارد. سەرەنجام لە دایکبوو. نیگەرانی تەندروستی بووین، ئەو نیگەرانییەشمان نەما. لەوە بەدواوە هەموو ڕۆژێک کە منداڵەکەمان گەشەی دەکرد، زیاتر هەستمان بە تێپەڕینی ڕۆژگار دەکرد. وەکو ئەوەی تەمەنمان بەو بدەین.

هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕی، هەستێکی سەیر ترم هەبوو. تێپەڕینی ڕۆژگار بەرە بەرە ئەو هەستە سەیرەی نەهێشتم. چونکە قاچی ناوەڕاستم دیسان گەشەی کردەوە. دووبارە بوومەوە بە سێ قاچ.

ئیتر لە ماڵ نەهاتمە دەرەوە. ژنەکەم دڵخۆشی دەدامەوە. شەرواڵێکی بۆ دووریم سێ دەرەلنگی هەبوو، بۆ ئەوەی ئاسانتر بڕۆم بە ڕێدا. نە هیچم دەخوارد، نە هیچم دەخواردەوە، نە دەچوومە سەر ئاو دەست. ڕێک وەکو ئەو ڕابردووەی لەبیرم چووبۆوە.

شەوێک هەرسێکمان لە ماڵ هاتینە دەرەوە و بەرەو گەڕەکە کۆنەکەمان کەوتینە ڕێ. ئەمە پێشنیازی ژنەکەم بوو. بەلای کەمەوە لەوێ هەستم بە غەریبی نەدەکرد. دیسان هەستێک لە مندا زیندوو ببۆوە. هەستی ترس، ترس لە مردن! ژنەکەم بزەی دەهاتێ و دەیگوت: بە لەدایکبوونی منداڵەکەمان عومرمان کورتتر بووە. سەرەنجام مردن دێت.

نازانم دڵخۆشی دەدامەوە یان دەیترساندم. لە گەڕەکە کۆنەکە هەموو شتێک وەکو پێش ئەو کاتە وابوو، کە هەموان ببین بە سێ قاچ. گۆڕستان و خانووە کەلاوەکان لە سەرەتای گەڕەکدا خۆیان دەنواند. تەنیا خەڵکەکە گۆڕابوون. وا دەهاتە بەرچاو، کەس هیچ شتێک سەبارەت بە سێ قاچەکان نازانێ. بۆچی چەند ساڵ بەسەر ئەو زەمانەدا تێپەڕ دەبێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵکە هیچیان لەو بارەیەوە نەدەزانی. کەسیان پێی ئاشنا نەبوون. تەنانەت ئەفسانەیەکیشیان لەو بارەیەوە نەبیستبوو. بەڵام وردە وردە دەستیان کرد بە ئەفسانە دروستکردن. ئەم شتانە دەبوونە مایەی ئازارمان و چەند جارێک شەڕمان لەگەڵ کردن بێ ئێوە ناخۆش باش زەکەرم خوارد.

بە بڕای خۆم بڵێم، ڕۆژێکیان کە بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتم، گەڕەکەکەمان قەرەباڵغ بوو، هەرکەس لەگەڵ هاوتەمەنی خۆیدا خەریکی چەنەبازی و قەشمەری بوون. بێگومان دەمزانی ئازارم دەدەن. بەلای پیاوەکاندا تێپەڕیم یەکێکیان بە گاڵتەپێکردنەوە وتی: خاڵە قودرەت توانای ئیشی شەوی ماوە؟

هەموویان پێکەنین.

**سەرچاوە:** Nebesht.com